کتێبی ماڵانکە

ناوی کتێب: کتێبی ملوانکە

نووسینی:  شێرکۆ بێکەس

بابەت: دەقی والا

تایپ و مۆنتاژی کۆمپیوتەر: یادگار ئەوڕەحمان

بەرگ:

تیراژ:     دانە

ژمارەی سپاردن:

چاپخانەی ڕەنج

چاپی : یەکەم ساڵی 2007

کوردستان -سلێمانی

شێرکۆ بێکەس

# کتێبی ملوانکە

دەقێکی والا

سلێمانی 2007

## بەر لەخوێندنەوە
## وتەیەکی پێویست

لەم سەرەولێژی تەمەنەدا پێئەچێ هەتا ئەم ساتەوەختەیش شتێکم لەوزەی نووسین و بەردەوامبوون تیا مابێ بۆ ئەوەی خۆم خانەنشین نەکەم و نەپووکێمەوە. شتێك ئەگەر کەمێکی تازەیش بێ دڵی خۆم و خوێنەرانیشم بەوە خۆشبکات، کە هێشتا قەڵەمەکەم بە بەریەوە ماوە بئاژوێ. چونکە بەڕاستی لەگلانی ناو ئەم چاڵی و چۆڵی و هەڵەتی تەمەنەیش ئەترسم و ئەڵێم: نەبادا دوای جۆرێك "لەئاگا لەخۆنەبوون و خۆدووبارەکردنەوەوە" تووشی تەنگە نەفەسی و وشك هەلاتنی پەلکەکانی دەست و پەنجەبم و لەوەیش ستەمتر دانەبەزم و وازیش نەهێنم، بەڵام نا، تا ئەم دەقیقەیەش ئەو نیشانانە لەخۆمدا نابینم، خۆ ئەگەر دەریشکەوتن بێگومان وازهێنان و دانیشتنم گەلێ جوانتر و پەسەندتر و ژیرانەترە.

لەمەیشیان زۆر بەدبەختی تر ئەوەیە ئەو بێهۆش و گۆشییەم بەسەردا تێپەڕی و پێی نەزانم و ئێسکی خۆم قورس بکەم ئەوسایش خۆ ئێوەم هەن بە نووکی قەڵەمەکانتان وریام بکەنەوە، من لە ئیستەدا بۆ نووسینی هەر شیعر و تێکستێکی تازە زۆر لە جاران دڕدۆنگتر و بێ ئارامترم. هەمیشەیش پرسیارە هەرە لە پێشەکەم ئەوەیە: ئایا ئەمجارەیان شتێکی تازەترم وتووە. "ملوانکە" نوێترین تێکستی

درێژی منه. کتێبی ژنه. کتێبی ئەو دنیا خۆڵەمێشی و بەژەنگ و ژارو پڕ لە زریکەو هاوار هاوارەی ئەوانە، چ لەم ولاتەدا و چ لە ڕۆژهەڵاتی تاریکی ئیسلامیدا. بەڵێ ئەم کتێبەیشم هەر ناوناوە دەقێکی والا!. بەڵام من مەبەستم لە تێکستی والاو کراوە چییە؟! لە سادەترین پێناسە کردندا.ماڵێکە نەیەك بابەت و نەیەك فۆڕمی دیاریکراوی تیا ناژی هیچ کام لەشیعر و چیرۆك و پەخشان و پەخشانە شیعر و شانۆنامە خاوەنی هەموو ماڵەکەنین. بەڵام لە هەمان کاتدا ماڵی هەموویشیانە. ئەشێ لە حەوشەی ئەم ماڵەدا گوێمان لە خوێندنی باڵندەکانی شیعربێ. یان لە ژوورێکیا چاومان بە نەخش و نیگار و مافووری ڕەنگاڵەی پەخشان و پەخشانە شیعر بکەوێ. یان لە ڕاڕەوێکا تووشمان ببێ بە تووشی حیکایەت خوانێکەوە، چاومان بە ڕەوتی چیرۆك بکەوێ یان لە هۆڵەکەیدا درامای شانۆ ببینین. هەرجارەو ببینە میوانی یەکێکیان. کەواتە ئەم جارەیش من هەر شیعرم نەنووسیوە بەڵکوو کتێبێکە ئاوێتە لە هەموویان و ملوانکەیش ئەو فۆرمە جیاوازانەی پێکەوە هۆنیوەتەوە.

2006/12/16

وەختێ کۆتایی ئەبێتە سەرەتا
بەرلەوەی دەنگ وەکوو
شەپۆلی سەر لمی بەستێنێ

**دابچێ و بمرێت و بەرلەوەی**

**ڕەنگیشم چون پەلکی زەردەیەك**

**لەنێوان دوو بەردی**

**خۆرئاوای كێوێكدا**

**گیانبدا و هەڵوەرێ..**

**بەرلەوەی چیرۆكم ببێتە تابووت و**

**بەرلەوەی وەك تۆزی دوای غاری**

**ئەسپێكی ناو دەشتی ئەفسانە**

**یان كەفە ژیلكەیەك لەئاوی ترساودا**

**یان پەڕێك باگڕۆ[1] بیبات و**

**لەچاوان ون ببێ..**

---

[1] **باگڕۆ: بای توند. ڕەشەبا.**

پێش ئەوەی بزربوون بمکوژێ و
بەسەراب دامپۆشێ
دەفتەرم چاوەڕێی گەرداوی زمانە
لەوشەو ڕستەمدا هەڵبکاو، چاوەڕێم
فوارەیەك لەئاوی کوژراوی حیکایەت
بە بەرزیی قریشکەم
لەشەوی مانادا
هەڵچێت و سەرتاپای دیرۆکم
بەو ئاوە ڕەنگبکا
درەنگە و درەنگەو ئەمەوێ
"با"ی قسەی گیرخواردووی مێیینەم
ڕاچڵەکێ و هەڵکات و

بێدەربەست چون کچی حەقیقەت
چون ژنە چەخماخەی هەناوی شەوەزەنگ
بەکلۆپەی پرچەوە
بەکلۆپەی مەمکەوە
بڕوات و گوێ بە گوێی نەهێنی بگەڕێو
لەوپەڕی ترسەوە هەتاکوو ئەوپەڕی زەلیلی
بێدەنگیی وڵاتێ بە هاوار تەیکات و
لە قاپی قانون و زوڵمەت و، لە قاپی نێرینەی
ئەم دنیاو ئەو دنیاو لە دەرگای
بەهەشتیان بدات و بۆ ساتێك نەسرەوێ..

"ئـــەوەی گوێتـــان لێبـــوو، دەنگـــی ســـپی
ملوانکەیەکی زەیتوونیی عاشق بوو. ویستی نەبێ

به پەلکی زەردەو بەتابووت و بەســـەراب و بـەلاّم هـــەربوو!. دوای چەنـــــد هـــاوارێکی پچڕپـــچڕ، لەئێوارەیەکی دۆشداماوی پـاییزدا، هـەر لـەماڵی خۆیانـــدا و هــــەر بـــە پەتەکـــەی خۆیـــشی وەك کارمـــــامزێ خنکانـــدیان و بەدزیـــەوە دەنکـــە کوژراوەکانیـــان بـــردە دەرەوەی شــــارو لـــەکونی گۆڕهەڵکەنەیەکدا شاردیانەوەو هەر بە خوێنەکـەی خۆیشی و بەگەورەیی لە ئاسمانـدا و دوو بـست لـە خوار خواوە نووسییان: شەرەف ئا شەرەف!"

درەنگەو درەنگەو ئەمەوێ

سووتانی ژنانەم

**لرفەلرف بە بەژنی گوناهی جەستەم و**

**بە باڵای نێرینەی خواوەندو**

**پیاوانی شمشێردا**

**هەتاکوو تەوقەسەر هەڵکشێ و هەڵگەڕێ.**

**درەنگە و پەلەمە و درەنگە**

**من بدوێم**

**هەر وەکوو دووانی ئەو هەورە سکپڕەی**

**لەنێوان برووسکەو باریندا**

**وەستاوەو ژان بە ژان**

**ژێی تەم و تەنیایی مێینەی ئەژەنێ!**

**بە وێنەی دووانی درەختی بێوەژن**

**ئەو دەمەی لەبەردەم ڕووتەنی ژیاندا**

وەستاوەو نێرەبا ئەیبات و ئەیهێنێ و

بەچڕنووك چڵ بەچڵ ئەیڕنێ!

پەلەمەو درەنگەو هەر ئەبێ

من ببم بە شەوی پرسیارو

بە ڕەنگی شپرزەو

بۆئەوەی بوروژێ زەمینی ئارام و

بشێوێ سەرتاپای مێژووم و

بۆ ئەوەی ژنێتیم لە شێوەی

تۆفاندا ڕاپەڕێ و

بۆ ئەوەی ئازارم لەشێوەی نەدیردا[2]

هەلگیرسێ و دەرکەوێ!.

---

[2] نەدیر: ئاگری سەر شاخان بۆ هەواڵ گەیاندن.

"ئەمەیشیان دەنگی سوراوی لێوێکی جوان و ئازابوو. منی نووسەری ئەم دەقە لەنزیکەوە ئەمناسی. لە هەورە مێیەکان بوو. پڕبوو لە شەستە باران و چەخماخە. بەڵام نێرەبای مێزەربەسەری پشتوێن فیشەك لغی ئیمارەتی "جیهاد" هەر بە شوێنیەوە بوو. تا لە شەوێکی کوێردا، گرتیان و لەتاوێرە بەردێکیان بەست هەرچەند بەردەکەیش ئەیویست خۆی لە دەستی عەشق کوژان ڕاپسکێنێ" بەڵام بێ سوود بوو ئەوان مێژووە کەتەکانی "غەزوە"بوون. دواجار هەرسێکیان، بەردەکەو ژنەی دووگیانیان خلکردەوە بۆ ناو دەریاچە پیرۆزەکەی نیشتمان!"

**درەنگەو سووربوونی هاوارمەو**

**پەلەمەو هەر ئەبێ**

**من جەستەم بە تەنها هی خۆمبێ!**

**سەرچاوە هەر خۆم و ڕوباریش هەر خۆمبێ!.**

**کاتێتی من ڕۆحم بەردەوام**

**گۆرانیی سەر زاری قەسیدەی باڵدارو**

**یان ڕەنگی ئازادی بێ پەروای ناو تابلۆو**

**یان پەردەی کراوەی**

**هەمیشەی شانۆبێ**

**پەلەمەو درەنگەو پەلەمەو**

**هەرئەبێ**

**گلۆڵەی ئەم دەنگە قرچۆکەی ئەمێستام**

فڕێدەم. بیدەمە دەست باهۆز
تا بیباو لە تەنیشت گۆڕیچەی
دوێنیەوە بینێژیٚ!.
ئەم ڕەنگە سیسەڵەو ڕزیوەی ئەمڕۆکەم
بڕێژمە ناو شیوو زێرابیٚ و
ئەم بۆنە پەژموردەو کەساسەم
تووڕدەمە کاولاشیٚو
ئەم سەرە بیٚ جووڵەو خامۆشەم لابەرم و
بیگۆڕم و سەرێکی یاخیبووی
زۆر تازەی لەجێدا دابنێم!.

"ئەم دەنگە نارنجییەیش دەنگی ملوانکەیەکی لەش
شینی چاو سەوزە. تا ئیستە زیندوە. نەوەی تازەی

گوناهەکانـەو ئەیـەوێ هـەموو خواوەنـدە نێرەکـان و هەموو پەیامە نێرەکان لە بەردەم پرسـیاردا ڕاگـرێ و سەرلەنوێ ژیان بنووسێتەوە. سەر لە نوێ بباری. سـەر لەنوێ جەسـتەی بخولقێنێتـەوە. سـەرلەنوێ حیکایەتـە مێینەکان بە نەزمێکی جیاواز بگێڕێتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر پێویست بێ، پاڵـەوان هـەبێ، ئـەم ملوانکەیـە پاڵەوانی ئەم دەقەی منە!.

ملوانکەم و لەتوخمی مێم
لەشم شین و چاوم سەوزە.
خەڵکی زەریام
لەدایکەوە بە بنەچە

ئەچینەوە سەر خەونەکانی "مەرجان" و
لەباوکەوە
ئەچینەوە سەر خێڵەکانی "مرواری"
من لە شارێکی ماسیدا
لەدایك بووم.
مامانەکەم قرژاڵێکی پیرێژن بوو.
ئەگێڕنەوە داپیرە گەورەم
وەختی خۆی
چیرۆك خوانی حۆریەکانی
دەریابووە.
شەوانە وەك خوڕەو هاژە
نەنوستووە.

**باوکم بەردێکی کاسبی بندین بووەو**

**لە بازاڕی گژوگیادا**

**گەرای ماسی فرۆشتووە.**

**ئەو دەمەی هاتمە سەر زەوی و**

**بۆ یەکەمجار هەتاو لێیدام**

**بریقەیشم نزیك نزیك**

**دای لە چاوی چوار پێنج پیاوێ و**

**کە زانییان بەردێکی مێم**

**ئەوسا ئیتر سمێڵیان کەوتە پێکەنین**

**هەر بە باوەش هەڵیانگرتم و ماچیانکردم و**

**لەبەردی نێریان دابڕیم!.**

**هەتا ڕۆژێ، لەدایکبوونێکی تردا**

بووم بە ملوانکە بۆ ژن و

لەسەفەرێکی درێژدا

وەك سەفەری دووری گڕەو

خەونی درێژی بیابان

لە باشوورەوە بۆ باکوور

لەگەڵ چەندین کچە موستیلەو بازن و

ژنە گوارەو پاوانەدا.. هەڵتەك هەڵتەك

بەسواری پشتی تاریکیی

بەسواری پشتی ڕووناکیی

بەسواری گڤە و حوشترو

بەسواری تەم و ماشێن و

بەسواری وشەی عارەبی

سەربەرەو ژوور بردمیان و

هەتا دواجار

گەیاندمیانە شاری سپی و

لای خوای بەفر!

۞

لەو شارەدا

کۆگایەکی شووشەبەندی شین لە ڕەنگی

مێلاقەیەك، لەسەر شەقامێکی زەردباو

بوو بە یەکەم ژوورو ماڵم!

لەسەر باڵکۆنی ڕەفەیەك، نهۆمی سێ.

لەگۆشەیەکدا پەمەیی، ڕوو لە شەقامێکی گشتی

بەرامبەری کۆشکێك سپی، لەگەڵ سێ ملوانکەی تردا

ئەوانیش مێ
هەڵواسرابووم!.
ئەو خوشکانەم
هەرسێکیان کورتە باڵابوون
من لە هەموویان جوانترو
من لە هەموویان شۆخترو
بە بەهای نرخ و پێوانەیش
گرانتر بووم.

تـا ئەوکاتـەیش شـەوانە هـەر لـەناو بەڵـەمی خەونەکاندا، ئەگەڕامەوە بۆ زەریاو دەستم لە ملـی ئاودابوو. وەکوو جاران، لەسەر پێخەفی قەوزەیەك

ڕائەکشام، شەپۆل ئەبوو بە بـاليفم و وردەمـاسـيش پـــەرەم پـــەرەم[3] ئـــەهاتن و وەکـــوو زريــــزەی ڕەنگـــاوڕەنگ دەوريـــان ئـــەدام. گـــەورە مـاســـيش ناوبەناوێ سەريان ئەدام. لەدواييدا بـەر لـە سـەفەر بەئەمـانەت، هەتاکوو لەوسەر دێنـەوە، مـشتێ دوو مـشت گەرايان لەلا دائەنام.

ژيان لە بنی زەريادا ئۆخژنييە. با بەرديش بی، تـۆ هەر نەرمـی ئاو فێرت ئەکا هەميـشە باوەشـێکبی نيـــان نيـــان بـــۆ گـــشت ڕەنگـــێ و والاّ والاّ بـــۆ خۆشەويستيی يەکتری. تا لـەوێ بـووم گـژوگياکان نەيـــانئەهێشت بێتـــــاقەت بم. هـــەموو ڕۆژێ بە

[3] پەرەم پەرەم: پۆل پۆل، دەستە دەستە.

ماسیەکی تەتەری پانکەڵەدا چەندین نامەی سەوزو سووریان بۆ ئەناردم. ئێمە دووربووین خۆریش نەئەگەیشتە لامان بەڵام ئەگەر ڕێکەوتایەو لەبەرەو ژوور ساماڵ بوایە، شەپۆلەکانی سەرەوە، وەکوو دیاریی بە شاقولی هەندێ ئاوێنەی هەتاویان بۆ ئەناردم.

تا لەوێ بووم هەموو قسەکان نەرم بوون. پەیوەندی هەمووی نیان و نێرومێ هەروەکوو یەك‌و بەڵام کە بوومە ملوانکە و، بالاَمکردوو، کۆچمکردوو، لەو وەختەوە هاتوومەتە ئەم شارەوەو ئەم مێلاقەی کۆگاشینە بۆتە ماڵم. شتومەکە نێرینەکان. سمێڵدارە لەخۆبایی و دەنگ زبرەکان،

له ڕەفـەکانی سـەرەوەو، لـە ژوورەکـانی بەرامبـەر، ڕۆژبــێ یــان شــەو، هــەر چــوارمـانیان وەڕس و بێزارکردووە. خاوەن کۆگایش، لەبەر ئەوەی ئەویش پیاوەو هەر لە ڕەگەزی ئەوانە، پشتیان ئەگرێ. ئــا لەو باڵکۆنەی بەرامبەر، بۆینباخێکی سـورفلی درێـژ ئـەژی، هـەمـوو جـارێ شووشـەبەندی بـەردەمی خـۆی ئەکاتەوەو، بەدەنگی بەرز، پیادە ڕەوی سەر شەقامیش گوێیان لێیە، ئەکەوێتە تالیق لێدان، قسەکانی پـیس و پۆخڵ، جگەلەوەش ناو بەناوێ، هاوار ئەکا، "مێ بۆ بێدەنگی و مووبـەق و نـاو پێخـەف و هیـچی ترنـا". وایلێکـردووین، هــەر ئـەوە نییــە لـە داخــا، خۆمــان نەپچڕێنینەوەو دەنك دەنك سەر هەڵنەگرین.

لەڕەفەی دەستە چەپیشدا، مووکێشێکی پیاوانەی سەر زل و قاچ خوار. بەم ڕۆژگارە هەر بە منەوە گرتوێتی. کە ئەمبینێ ئەکەوێتە سمێڵ بادان.

ئەم مووکێشە بەردەوام هەر، لە بەردەمی ژوورەکەیدا پیاسە ئەکات، پەیتا پەیتایش، هەر خەریکی دەرهێنانی مووی دەم و چاوی خۆیەتی.

نازانم کەسیش نایکڕێ و ڕزگارمان بێ!. لە ڕەفەی دەستە ڕاستیشدا، زنجیرێکی سەعاتی پیاوانە هەیە، هەموو جەستەی وەك دەروونی پڕ گرێیە. هەر خەریکی خۆ کێشانەوەو، تەزویری مارکەکان و باوێشکدانە. ئیتر ئەوکاتەی ئێمەیش ئەبینێ، شێت شێت ئەبێ و، لەسەر قەراغی تارمەکە دێت و ئەچێ و

**خۆی ئەنوێنێ و هەر چاویشمان لێدائەگرێ!. لەنێو پیاوەکانی ئەم شوێنەدا، شووشە بۆنێك هەیە بێدەنگ. بە پاندانەکەی تەنیشتی هەر خەریکی شت نووسینە. وەکوو ئەڵێن چیرۆك نووسە. لەڕەفەی سەری سەرەوەیش، عەینەکێکی چاو باشقاڵی سمێڵ باریك ئەژیا، عەینەکێکی تابلێی قۆز. هەر گۆرانیی بۆ ئەوتین. خەریکبوو دڵم بخاتە ناو دڵیەوە. هێندەی نەمابوو چاوانی خۆمی بەمێ، یەکدووجاریش هەر دوراو دوور زەردەخەنەی دەنکەکانی خۆمم بۆ نارد. بەڵام سەد داخ، دوێنێ کچێکی شمشاڵ ژەن، کڕی و بردی. عەینەکێکی زۆر دەنگخۆش بوو. لە**

گۆرانیەکی ناسکیا، کە هەر بۆ منی دانابوو.
ئاوای ئەوت:

مادام لە زەریاوە هاتووی. وەرەکچێ
من بۆت ئەبم بە چارۆگەو
بە باوەشی نێو بەلەمێ.. وەرەکچێ
وەکوو شەپۆل لەگەڵ خۆمدا
دوور دوور ئەتبەم
تا ئەگەینە ناڤرەی[4] عەشق و
لای هەواری مانگە شەوێ!.
مادام لە زەریاوە هاتووی.. وەرە گوڵێ

[4] ناڤره: دوورگه. جزيره.

هەرچیت بوێ من ئەتدەمێ
لەکازیوەی ناو ڕۆحەوە
هەتا سێوە سوورەی دڵێ
هەر بەو مەرجەی دەنکی سەر "مەم"
لەقسەمان زویر نەبێ
وەرە گوڵێ!. وەرە کچێ!.

**ملوانکەی** 2: بەختم نەبوو. کەوتمە شارێکەوە
کەوتمە دوکانێکەوە، ئەگەرچی ناوی مێلاقەیە،
بەڵام هەر هەموو نێرەکانی لاسارو دڕو
خۆپەرست، ئەوە گوێزانی ڕیش تاشینیان و
ئەوە قەڵەمبڕیان و ئەوە قایشی کەمەریان و

ئەوەیش هەڕەشەی مقەستی بەر سمێڵیان!

**ملوانکەی** 3: ئەگەر من چارەنووسم بکەوتایەتە بۆ نموونە
ولاتێکی وەک ئیتالیا و بەلام لە فلۆرانس
بژیمایە. ڕەنگبوو ئیستە لەوێ لەملی شۆخێکی
سەماکەری یانەکانی شەوی ئەوێدا بوومایەو بەدەم
شەماڵی تانگۆیەکەوە لەرەم بهاتایە!
**ملوانکەی** 4: کەی خانمێکی شۆخ و شەنگ
پەیدا ئەبێ و ئەمکاتە مل؟!
من شپرزەم وەکوو دوا گەلای درەختێ
لە پاییزداو، من دڵتەنگم
وەک تیرێژی ناو زیندانێ!.

**کەی خانمێک پەیدا ئەبێ و**

**ئەمکاتە مل؟!**

**ملوانکە نازدارەکـان، چـاوەڕوانییـان، چـون دڵۆپـە شەونمی غەمگین، لە دەنکەکانیاندا مەییبوون.**
**لێوان لێـو بـوون لـە تـەنیایی. ئـەو کـچانەی لـەو دیوی دیوارەکانەوە، بە پرچە درێـژەکانیان چـاویان وشك ئەکەنەوەو بە شاری خۆیان غـەریبن، بەشەقامو باخچەکان غـەریبن. بـەکوڕان غـەریبن. ملوانکـەی مێ لەم وڵاتەدا هەر ئەبێ لێوی پەتـەکانی خۆیـان بکرۆژن. هاوار قـووت بەنـەوە تـا پڕئـەبن و ئەبنـە گۆمـــاوی بەختە لێڵەکان. گۆرانیە ناسکەکـــان،**

پڕپڕن لە هەناسەی ساردی سەر شـەختەی شـیعر و کەشـەویش دادێـت، بـەدەم کلـووی وڕێنەکردنـەوە هەڵئەلەرزن. ملوانکەکان. بەڕۆژ تاکۆگای گوڵە مێلاقە دەرگای لەسەرپشت بوایە، ئـەوان نیگایـان هەر لە بەردەرگاو، خۆزگەی چاوەڕوان بوون بۆ ئەو دەســت و پەنجانــەی ســەر بکــەن بــە ژووڕداو، هەڵیانگرن و بیانکەنە مل و بیانکڕن!.

منـی کـچە ملوانکـەی لـەش شـینی چـاو سـەوز، ئەگەرچی لە کچە ملوانکەکانی تـر جـوانتر بـووم. بەڵام بێ بەختتر بووم. ئەوان هەرزانترو مـن گـرانتر بووم. ئەوان یەك لە دوای یەك بران و گــــەیشتنە

گـەردنی خۆیـان و هـەر مـن بـە تـەنیا لـە ژووره نارنجیەکـەی خۆمـدا مامـەوە. لەمـەیش بـە ئـازارترو ستەمتر، لە بەیانییەکی بەفرانباردا، سـەعات یـانزەی پـێش نیـوەڕۆ، هێـشتا تـین و تـاوی زۆپـا سـوورەکە گـەرمی نەکردبوومـەوە، خاوەنەکـەم، سـەری بەسـەر پارچە کاغەزێکدا شۆڕکردبۆوەو ئەیخوێندەوە. لەناکاو، دووکـەس بـە پرتـاو خۆیـانکرد بـە گوڵـە مێلاقـەدا، یەکێکیان درێژو دەم و چاو بەکانی خورماو ئـەویتریان کورت و ڕیوەڵـە. یەکـەمیان بـە زمـانی بیابـان و زۆر زبرترو تیژتر لە زمانی دڕکەزی پێی وت: تۆ خـاوەنی کۆگای گوڵـە مێلاقـەی؟! خاوەنەکـەم بـە پەشـۆکاوی وەڵامی دایەوە: بەڵێ منم!

ئەی ناوی تەواوت: بێستونی کاکەوەیسی گوڵەیە؟!
دیسانەوە پەشۆکاوتر وەڵامی دایەوە. بەڵێ!.
ئەمجارە دووەمیان وتی: فەرموو دوکانەکەت دابخەو
تەنها بۆ دوو دەقیقە لەگەڵماندا وەرە!

ئەویان بردو گوڵە مێلاقە کەوتە ناو باخچەیەکی
ڕەش ڕەشەوە. تاریکی و بێدەنگی پێکەوە
ئەزرنگانەوە. دەنگی ژووروم چاوی لە دەنگی
خواروم نەبوو. ملە قوتێ و چاوبڕکێی سەر
باڵکۆنی شت و مەکە مێبازەکان وەکوو لە ناو
شەوەزەنگدا توابنەوە وابوو. نەبۆینباخی سورفل و
نە مووکێشی سەر زل و قاچ خوار. نە زنجیری

سەعاتی فشەباز، هیچیان دەنگیان نەئەهات و چووبوونەوە ناو قاوغی خۆیان. یەکەمجار بوو تووشی ئەزموونێکی وا ناهەمواربیم. یەکەمجار بوو گشت ڕەنگەکان لەبەرچاوم هەر هەموویان بن بە ڕەش. بۆیە هەستمکرد، تەنیایی دەنکی مێم ئەمبا بەرەو ڕۆخی شێت بوون. بۆیە ئەمبینی پەتەکەم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەبێ بە پەتێکی قرچۆك. ئەبێ بە تەنێکی نەخۆش.

ئاوێنەیەکی دەستەخوشکی، بەرامبەرم، ئەویش هەر ڕەش قوتیدابوو. نە ئەمبینی و نە ئەیبینیم. هەوای ناو گوڵە مێلاقە سست سست بووبوو نە ئەجولا. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بارستایی تەپ و تۆزی

مەلاسی ڕەنگ خۆڵەمێشی ئەنیشتە سەر پەرەکانی هەناسەم و تەنگەنەفەسی ئەکردم. جلەکانم، لەشی شین و چاوی سەوزم، ئەگەرچی خۆم نەمئەبینین، بەڵام ئەمزانی وەك لوولەی کۆنی زۆپایەکی تەنەکەیان لێهاتووە. بیرکردنەوەم، گەڕانەوە بۆلای جاران. بۆ بنی قوڵی ناو زەریا. بۆ ئەو سەفەرەی کە کردم، تەنها شت بوون، من بزانم هێشتا ئەژیم. وتیان تەنها دوو دەقیقەو ئیتر بردیان!. دەقیقەکان بوون بە سەعات و سەعاتەکان بوون بە هەفتەو مانگ و بە کۆچێکی زۆر نادیاری وەرزی لەیەکتر دابڕان!.

لەم شەوەدا نەخەرمانەی
مانگێك هەیە هەتا خۆمی پیا هەڵواسم.
نە جریوەی ئەستێرەیەك
تۆزێ لەگەڵما دانیشێ و
نە ئاوازێكی عاشقیش
هەتا خۆمی پێبناسم.
تەنیا، تەنیا. لە خەویشدا هەر من تەنیا
لە ڕووناكیدا هەر تەنیاو
لە تاریكیشدا دوو تەنیام لەیەك لەشدا!.
لەكوێرایی كۆگای گوڵە مێلاقەدا
من ئەمتوانی هەر ناوەوەی خۆم ببینم
با پێچەكانی نامۆییم

ئەو شوێنانەی کە (با)ی خودایش

هەرگیز نایانگرێتەوە.

ئەو شوێنانەی بە تەنها مێ

بە ژانەکانیان ئەزانێ و

کەسیدی نا

هەرگیز نێر نا!.

شۆڕ ئەبوومەوە بۆ بندین

وەك شۆڕبوونەوەی چەشەیەك

لەناو دەمی قولاپێکدا.

"ئەوەتەی هەم من چەشەیشم و

من ماسیشم".

هێڵێ هەتاو بووم شاقولی

وردەوردە دائەبەزیم تا کوچەکانی تاریکیی
"ئەوەتەی هەم تاریکیم و
ڕووناکیشم"
دائەبەزیم ئەگەیشتمە لای دنیای ژێر و
خواوەندەکان، هەرچی خواوەندێکم ئەدوان
پیاو دەرئەچوون
هەرچی ڕەنگێکم ئەبینی
هەرچی دەنگێکم ئەبینی
هەرچی چاوێك.. هەرچی گوێیەك
هەموو پیاو بوون
زریان پیاوو، شەپۆل پیاوو
بەندەر پیاوو، کەشتیەکانیش هەر هەموو پیاو!

ئەبێ خواوەندی مێینەی ڕۆژانی زووی من لە کوێ بێ؟!
چۆن بزربوو؟! چی بەسەرهات؟!
ئەهاتمەوە دنیای سەرێ
ناو کۆگای گوڵەمێلاقەی تاریکستان!
دیسانەوە گۆرانی چاویلکەی دەنگ خۆش
ئەیدایەو لەپەردەی گوێ:
"مادام لەزەریاوە هاتووی.. وەرەکچێ
من بۆت ئەبم بە چارۆگەو
بە باوەشی نێو بەلەمێ.."
ئەوسا ئیتر هیچ نەئەما بەلەمێکی گریان نەبێ
سواری ئەبووم و بە تەنیا بێ چاویلکەو بێ هاوڕێ
ئەچوومەوە ناو گێژاوی ئەبەدیی خۆم!

گوڵە مێلاقە وەك من و شووشە بۆن و ڕەنگی پەڕیوی نارنجیی ژوورەکەم و هەموو مێیەکی ناو ماڵان، سیس سیس بووبوو. بوو بە چەند مانگ، نە دەرگا یەك قسەی کردوو. نە یەك تۆزیش پرچی هەتاو لێمان دیاربوو. لەپڕێکدا، نیوەڕۆیەك دەرگا کەوتە پێکەنین و "بێستونی کاکەوەیسی گوڵە" لەگەڵ خۆردا هاتە ژوورێ. یەکەندەردوو. کەسمان کەسمان نەناسیەوە. ئەو وایزانیبوو ئێمە هەموومان بەتاڵانی بڕاوین و، ئێمەیش وامان زانیبوو کە ئەویش بووە بە هەڵمی غەریبی و یان سەراب و، بیرچوونەوە داپپۆشیوە. تا هەفتەیەك گوڵە مێلاقە خەریکی تەپ و تۆز لەخۆ تەکان و خۆشتن و خۆگۆڕین و ئارایشت بوو!.

له شەوی سەری ساڵی تازەدا
گوڵە مێلاقە گەشبۆوەو نیوە سەرخۆش و
نیوە ڕوت، کەوتە سەما.
ژوور پێکەنی و باڵکۆنەکان و سەر ڕەفە
پڕبوون لەوردە ئەستێرەو
وردە بزەو لە زەنگیانەی چرپە چرپ و
لەپرژە پرژی تریفە.
من ئەو شەوە لە گوڵ مێخەکی ئارەزوو
کراسم بۆ خۆم درووبوو.
بەڵام هێشتا دڵی تەنگم لە چۆڵەکەی
ترساوی ناو مشتی پیاوێ و
لە مامزی ڕاونراوی ماندوو ماندووی

ناو بەرایی دەشتێکی چۆڵ و هۆڵ ئەچوو.
من لە کۆستداو لەبەردەم تابووتی "شین"و زایەڵەدا
یەك دڵۆپ ئەسرین نارِێژم
کەچی وەختێ خۆشییەك دێت، لەبەستەدا
گریانم دێ و
هۆن هۆن پەروانە فرمێسکی
چاو ئەرِێژم!

سالّی تازە و بەفری تازە هەردوو بەیەکەوە هاتن. بەفر ژنە؟! یان ژن بەفرە؟! لەبەر شەوقی کەمێ زەردی چراکاندا، پەپوولەی کلووی خەماوی، سێ رِیز سێ رِیز، بێدەنگ، بێدەنگ دێنە خوارێ. یەکەم جارمە میوانی سپی ببینم، لەلای خواوەوە

بەرێکەون بێن بۆ ئێرە. من پێم سەیرە دوای بینینی ئەم ڕەنگە پاك و بێگەردە، ئەم بارینی دڵپاکییە، ئەم هەموو سۆزە سپییانە، لەم شارەدا شتێك مابێ لەناو ڕۆحدا پێی بوترێ ڕق و کینە!. خەو ئەبارێ؟! یاخود کلووی خۆشەویستی؟ چاوم هەر لەبەر دەرگایە. لەسەر درەخت و تەلاری سەر شەقامە، وردە وردە پاڵتۆی سپی ئەستوور ئەبێ. سێ ڕیز سی ڕیز، بێدەنگ بێدەنگ دێنە خوارێ بەفر ژنە؟! یان ژن بەفرە؟! دوراو دووریش، من ڕیشۆڵەیەك ئەبینم، پەرەوازە، ئەوە ڕیشۆڵەیە یان من؟! ڕیشۆڵەکەیش هەر ژنە ژن. خاڵێکی ڕەش لەدنیایەکی سپیدا، هەر ژنە ژن. ئەمڕۆ هەموو

سەر ڕەفـەکان، نـاو تاقـەکان، سـەرمـایانە. کراسـەکان خزاونەتە ناو داوێنی یـەکترەوە. ملیوانـە ملـی بـردووە بەناودا، ژێرکراس و سـوخمەی مـەمك، جلـە ژێـرەوەی ژنانە، سەرما بردەڵـەی نـاو کۆگـای مێلاقـەن و هـەڵ ئەلەرزن. بـەڵام دەسکێـشی پیاوانـە، جووتـە گـۆرەوی پیاوانە، هەر هەمـوویان ئەستوورترن و کـەمیان تیایـە هەڵبلـەرزن. چـاوم هـەر لەبەردەرگایـە. ئـەوە ژنێکـە دامـاوتر لـە ڕیـشۆڵەو ڕووتەڵـەتر لـە کزەبـا. دەم و چـاوێکە لـە سـیمای کوچـەی تـەنگ و لـە پەنجـەرەی درزبـردووی مـاڵان ئەچـێ، لەبـەردەمی مێلاقـەدا تاژانێکـەو هەڵئـەوەرێ، ڕاوەسـتاوەو دەسـتی ڕاسـتی گرتۆتەوە بۆ چەند پوولێ!.

بەفر ئەبارێ و خەونەکانی ژن ئەیبەستێ. بەفر ئەبارێ و ناو بەناوێ بەسەر شەقامی سپیدا خەمێکی ڕەش تێئەپەڕێ. چاوی منیش کلووی سپی ومیوانی تازە ئەژمێرێ!.

کــە ســـەعاتی ژوور ســـەرم لێیـــدا و داچـــڵەکیم، سەعات ژمێر لەسەر چرپای یـانزەی پـێش نیـوەڕۆ لەگەڵ دەقیقە ژمێردا چون ژن و پیاوێ جووت بوو بوون. هەر ئەو سـاتە خانمێـك خـۆیکرد بـە ژووردا. گوڵە مێلاقە جوانترە یان ئەم ژنە؟. پێستی سـپی، شـەختەی تـەنکی کـازیوەی بەرەبـەیانی زەریایـە؟! یـاخود پـەڕی گوڵـە هـەرمێ؟!. بـاڵای تیـشك و چاوەکانیشی لە ڕەنگی کەسکی گیـــایی. هـــاتە

پێشێ بەر ڕەفەکەم. لێموردبۆوە. دەستی دامێ. کە دایگرتم، دڵم خورپەیەکی کردوو کردمیە ملی. لەبەر باڵا ئاوێنەدا. دوو سێ جارێ دەستی بەسەر دەنکەکانما هەمووی هانی. بۆی پێکەنیم. بۆم پێکەنی. دایکەندم و ئەمجارەیان چووە بەر مێزی گوڵە مێلاقەو، بێ دوو دڵی، منی کرِی و ڕوونبومەوە. لە مێزەوە بەهێواشی منی هەڵگرت بەرەو ژوورو خستمیە ناو جانتایەکی بچکۆلەوە.

زنجیری ڕاکێشایەوەو جانتای بەقۆڵدا هەڵواسی و ئاگام لێبوو چووە دەرێ. لە ژووری تاریك و تەنگی ناو جانتادا. تا چەند ساتێ، چاوم هیچی نەئەبینی. بەنێوان درزی زنجیردا، ڕووناکیەکی زۆر

لاواز وەکـــوو دەزوو هاتـــە ژووریّ و هاتـــە لام و بەرەبەرە چاوی هەموو دەنکـەکانم کرانـەوەو ئەوسـا چـوار دەوری خـۆم بینـی. دەسـتەیەك کـچ لەوێـدا بوون: قژ سوور، قژ زەرد، بالاّبەرزو مـام ناوەنـدی. چاورِەش، چاوشین، هەنـدیّ قەلّـەو هەنـدیّ باریـك. کچە ئاوێنەی ناسك و کچە سوراو، کـچە قەلّـەمی قـــەترانی و کـــچە بـــۆدرەی ســـپی ســـپی. کـــچە ئاوریشمی دەسرِو، جووتیّ کچە گوارەی خوشك و، دوو کچە بـازنی زێـرِو، کـچە شووشـەیەکی بـۆن و لەگەلّ نامـەیەکی نیّرینەی دلّـداردا کەلـەولاوە زۆر شپرزە لەسـەر قـەراغی قەلّـەمێك دانیـشتبوو. لـە پێشـــــدا کـــەس منی نەدووان. کە سووراوەکە

پێکەنی، کچە قەڵەمی برۆ هات، یەك خەتی ڕەشی پیا هانی و ئیتر کەوتمە بەینیانەوەو نەمهێشت دەستیان بگاتە قژی یەکتری. لە دەرەوەو لە تاسەیەکی شەقامدا، هەموو کەوتین بەسەریەکداو، کچە تاکە گوارەیەکیان، هەڵبەزێوەو پەڕیە لای من. کەوتە قسەو یەکمان ناسی. بۆ یەکەمجار ئەو پێی وتم: خانمەکەمان هەر کچەو هێشتا مێردی نەکردوەو خانەوادەکەی بووەیەو خۆی بە پیشە مامۆستایەو وانەی کوردی ئەڵێتەوە. پڕە لە ئاوێنەی زمان، گشت پیتەکان خۆشیان ئەوێ. تەمەنیشی سی و پێنج ساڵەو ناوەکەیشی وەکوو خۆی جوان، ست ئەرخەوان.

ئەوسا وتم: عومری منیش سی و پێنج دەنکە و هاوتەمەنین. کچە گوارە زۆربڵێ بوو، وەك پاساری سەر گوێسوانە جووڵە جووڵکەر. لەگەڵ هەموو پێکەنین و قسەیەکدا ئەتوت گەڵای دارچنارەو ئەلەریەوە. ئەمجارەیان عەیارانە. هەندێ چرپەی دا بە گوێمدا، بەلاّم لەبەر ژاوەژاوی سەر شەقام و زیکەی پێچکەی ماشێنەکەو، دەنگی هۆڕن. گوێم لە زۆر قسەی هەر نەبوو. ئەوەندەی لێتێگەیشتم: خانمەکەمان دڵدارەو ناوبەناوێ هەروا بۆ خۆی شیعر ئەنووسێ، کچە گوارە شیعرێکی دەرخکردبوو هەر لەوێدا بەدەم رێوە بۆی خوێندمەوە:

ئەی شیعری جوان
ماڵەکەمان، گەر ئەتەوێ ماڵەکەمان پێبزانی
ناونیشانیم داوەتە دەست (با)یەکی وێڵ.
کە تەنیایی ژن شەقامی و
کە زریکەی ژن گەڕەکی و
کە تەمتوومانیش ماڵێتی!
تۆ ئەم (با)یە چۆن ئەبینی و؟!
چۆن ئەیدوێنی و یان لە کوێ ئەیدۆزیتەوە؟
من نازانم ئەی شیعری جوان!.
ماڵەکەمان هەمووی لە غەدری مەڕمەڕە
لە کۆنکرێتی نێرینەو لە شێلمانی ئەمری ئەوان!.
شووشەبەندی ماڵەکەمان، ئاوێنەکان و گوڵدان و

فەخفوریەکان هەمووی ژنە!.
ئەی شیعری جوان
ماڵەکەمان ژووری میوان
هەر لە تەختەی جەستەی پیاوەو
پێپلیکەکان. کلیلەکان و قفڵەکان
هەمووی هەر پیاو.
ژوورەکەی منیش شیعری جوان!
لە ئەرزەوە هەتا بنمیچ
لە غەزەبی ڕیشی باوکم دروست بووەو
لە تووڕەبوونی سمێڵی براکانم و
لە چەوولی تەشەری خاڵ و مام و
لە بلۆکی سەرزەنشتی هەموو خزمان!

**ئەی شیعری جوان!**

**لەبەر ئەوەی من شیعری مێم**

**ماڵەکەمان هەمووی چاوە**

**لە دیوارەوە بۆ دەرگاو بۆ پەنجەرەو**

**بۆ حەمام و بۆ توالێت**

**زەق زەق. زەق. زەق**

**هەمووی چاوە**

**لەم ماڵەدا چەند بگەڕێی لەهەر جێیە**

**لە حەوشەوە بۆ دالآن و تا هەورەبان**

**ئەوەی نییە خۆرەتاوی بیرو مێشکەو**

**ئەوەی لەم ماڵەدا نییە گوێیە!.**

ئەی شیعری جوان!
نە با ببینەو نەکەس و هەرگیز و قەت مەیە بۆ لام
من حەز ناکەم لەمماڵەدا
تۆ ببینم بەشکاوی وەکوو شووشەبەندی دڵم
تۆ ببینم بەژاکاوی وەکوو ڕۆحم و
تۆ ببینم بە تۆراوی وەکوو لەشم
ئەی شیعری جوان!

کە کچە گوارە خوێندنەوەی شیعرەکەی تەواوکرد.
دوو دڵۆپ بە ڕوومەتما هاتنە خوارێ و یەکێکیان
کەوتە پشت ملی کوڕە نامەکەو داچڵەکی.
قەڵەمی بروێش لەولاوە گوێی گرتبوو هەڵیدایەو

وتی: ئەگەرچی من خۆم بەرەخنەگر نازانم و نابم بە ئاوێنە. لەگەڵ ئەوەیشدا دوو قسەم هەیە: تێکرا شیعرەکە جوانە. بەڵام لە هەندێ بڕگەدا ڕاستەوخۆو زەقە. ئەمە جگەلەوەی شاعیر زۆر خۆی بەوەزن و قافیەوە بەستۆتەوە. بەهەرحاڵ جوانە.
کچە گوارەی زۆربڵێ کەوتەوە قسە و وتی: وەك تۆزێکی تر بەچاوی خۆت ئەیبینی، ماڵێکی ئێجگار خۆشمان هەیە. لە هیچمان کەم نییە. بەڵام دڵی خانمەکەمان ناخۆشە. چون مانگێك لەناو زیندانا بێ یان قومریەك لە ناو قەفەزێکدا، یان ئاوێکی گیرخواردو لەبەربەستێکدا. لەم کاتەدا بەراوەستانی ئوتومبیلەکە و کردنەوەی دەرگاکەی و

پێوەدانیدا، زانیم گەیشتووینەتە بەرماڵەوە. پاش چەند چرکەیەك هەستمکرد، بە پلیکانەیەکی بەرزدا سەرئەکەوین بۆ نهۆمێکی تر. کلیلێك بایەکی خواردوو، چووینە ژوورێکەوە. وەختێکم زانی بە ئاسمانەوەین و فڕێ دراینە سەر دۆشەکێك ئیتر هەموومان لەناو جانتاکەدا کەوتین بەسەریەکدا. کڵاوی سووراوەکە پەڕی و خۆیدا بەدەم و چاوی ئاوێنەکەداو ئاوێنەکەیش کەوتە شاتەشات. لەسەرەوە زنجیرەکە ڕاکێشراو دەستی ڕاستی خانمەکەمان هاتە ناوەوەو، بەدووجار هەموومانی دەرهێنا. لەپێشدا کوڕە نامەکەی خستە سەر سەرینەکەی و دواییش ئێمەی هەموو یەکەیەکە لەبەردەمی باڵا ئاوێنەکەدا دانا.

دڵــی تەنگــە خــانمی ژووری ســپی، هــەر ئــەڵێی جۆگەیەکی غەمگینە وەختی زەردەپــەڕ. هەرچــەند ئەکا نەورشەو پرشەی کریستاڵی تەلار و نەئاوێزەی شۆڕی ڕەنگاوڕەنگ و نــەباڵکۆنی زێڕینــی ڕوو لــە چیا، تاڵێ بەختیاریی نابەنە نــاو ئــەو ڕۆحــەوە کــە وەك هێلکە شــەیتانۆکەی کــەناری چــۆمی هاوینــە تەنگەو بێواز. هەرچەند ئەکا، چــەند بــەناو خۆیــدا ئەگەڕێ، نە پەلکــە گیایــەك لــە ئاســوودەیی و نــە پەپوولەیەك لە شادمانی و نەشنەشنێ لــە ئــارام و دڵنیایی، هیچ نابینێ. باوکێك لە دەمی قولاپ و دووبرایش لە تاشەبەرد. دڵی گوشــراوە خــانمی بــەر پەنجەرە. پاڵئەکەوێ و دەنگی "مەردان" لــەســــەر

دووباڵی ئاوریشمین ئەیبا بۆسەر بەفری دوورە چیا.
ئـەیبا بـۆ لای هـەورە ڕەوەنـدەکان، بـۆلای کۆچـی
بەرەو ژووری باڵندەکان. دڵی زۆر تەنگە خـانمی ژووری
سپی. خانم ئەنوێ و بەڵام دەنگی مەردان خەونی خـانم
لەگەڵ خۆیدا دوور دوور ئەبا هەتا لای خوا!.

ئەو چەند ڕۆژەی لەماڵەوەبووین، دەرفەتێکی بـاش
لەبـەردەمی مـنـدا ڕەخـسا بـۆ ئـەوەی ئـەو دەسـتە
خوشکانەی نـاو جانتاکـە باشـتر بناسـم. جگـە لـە
گوارە زۆر بلێکە کە هەر خۆی قسە ئەکات و گوێ
لەکـەس نـاگرێ. دەفتـەرە گـچکەکەی ژمـارەی
تەلەفۆنەکان ئەوەی بۆ بـاسکردم کە ئەم لـە

هەموویان زیاتر لە ژێر گوشاردایە و چەندین جار لەناکاو دراوە بەسەریا بۆ ئەوەی بزانن ئەو ژمارەی تەلەفۆنانەی ناو ئەو نێرن یان مێ!. هەروەها بەچرپە پێی وتم: بەڵام خانم بۆ شوێنەونی: هەندێ ناوی نێرینەی گۆڕیوە بەناوی مێینە وەك ئەوەی "سالار"ی بە "سانا" تۆماركردووە یان "دانا"ی گۆڕیوە بە دالیا و بەوجۆرە. ئاوێنە بچكۆلەكەیش هەمان قسەی گوارەكەی كردەوەو وتی: خانمەكەمان دڵدارە جاربەجار بەنەهێنی لەسیلەی كۆڵانێكدا یان لەسەرقەبران خۆشەویستەكەی بۆ چەند دەقیقەیەك ئەبینێ بەڵام كارەسات ئەوەیە كە ئەم دڵنیایە بۆ ئەو نابێت، چونكە دڵدارەكەی

کوڕی خانووە قوڕەکانەو بۆی نییە دەست بۆ کچە کریستاڵ بەرێ!.

کوڕەنامە، بەرلەوەی کچەی دڵدار بیخوێنێتەوە. لەناو زەرفەکەیدا بەچوار قەدکراوی لەبەر خۆوە ئەیوت: کەی پەنجەی دێ و دەرگای سێ گۆشەی داخراو لەسەر جەستەم ئەکاتەوە. ئەم لەشە چوار قەد کراوەم کەی ئەبێتەوە بەیەك قەد لە ناودەستیا؟ کەی پشتم ڕاست ئەبێتەوەو هەڵئەسمەوە سەرپێ و ڕێك بەرامبەر چاوەکانی ڕائەوەستم؟!. بەشی زۆری نامەکانی ئەم دنیایە عومریان کورتە، هەر لەدوای یەکەم تەماشا ئیتر

ئـەمرن و لاشـەیان فـڕێ ئەدرێتـە خـوارەوە نـاو تەنەکـەو بـیر ئەچـنەوە. هەرچـی ئێمـەین، هەرچـی نامـەی دڵدارانـە، خـەمی تەمـەن کورتیمـان هـەر نییەو زیاتر ئەژین. ماچ ئەکرێین و ئەخرێینـە سـەر گلێنـەی چـاو. قـایم قـایم لەشـوێنێکی نەپنـدیـدا هەڵئـەگیرێین. ئەگـەر ڕەقیبـە نێرەکـان لـەتوخمی چـەقۆو گـوێزان بـن، ڕەنگـە ڕێمـان بکەوێتـە نـاو ستیانەکانەوە. ئەشـێ لـە لۆچـی پاوەرەکانـدا[(5)] بمانـشارنەوە یـان لـەناو سـەریندا. بـەڵام ئێمـەیش بەردەوام لەبەردەم چەند مەترسییەکی گەورەداین و دەستمـان لـەسـەر دڵی وشـەمـانـە شـوێنمـان

(5) پاوەرە: جلی ژێرەوە.

ئاشکرانەبێت و نـەمان دۆزنـەوە. بـەڵام ئـەوەی لـە هەمووی ئەسـتەمترە و مـردنێکـی بـە ئـازارە، ئـەو کاتەی کە تـۆران و لێـك جیابوونـەوە ڕووئـەدات و ئیتر ئەوسـا ونجـڕ ونجـڕ ئـەکرێین. ئـاوات و خـەونی گەورەی ئێمـە ئاشـتییە، وەلێ ئـەو مـەترسـیانە بـە تـەنها بـۆ ئـەو کـوڕە نامانەیـە کـە ئەچـنە لای کچەنامـە. ئەگینا کچە نامـە لەناو مـاڵی نێرینـەدا بە ئاشکرا ئەتوانێ بەناو هەمـوو ژوورەکانی مـاڵـدا پیاسەی خۆی بکات و مێشیش میوانی نەبێت!.

عـەسرێکیان، خانمی نازدار، دەنك دەنك دەسـەسـڕی پیا هێنام و لەبەر ئاوێنەی دیواردا کردمیە ملی.

لەگەڵ گوارە و ئەموستیلەو گوڵی قژو دووبازندا چووینە دەرێ. لەبەردەرگا فلچەی ڕیش تاشینی باوك، تووکی سەربڕ، هێشتا بەرسمێڵ کەفاوی، بە تووڕەیی هاتە بەردەمی خانم و وتی: زوو وەرەوە بە ڕووناکیی، تێگەیشتی؟! خانم سەرێکی بۆ لەقان هیچی نەوت. بەڵام من لەدڵی خۆمدا وتم "لەبەرئەوەی فلچەی ڕیش تاشین پیاوە، ئازادە کەی بڕوات و کەی بێتەوە، هەروەها سەبیلەکان و خەنجەرو گۆرەوی پووزوانەو هەرچی نێرە لەم ماڵەدا پرسی ناوێ کەی بڕۆن و کەی بێنەوە!" ڕۆژێکی هەتاوو خۆش بوو. یەکەمجار بوو هەوای وا پاك پڕ بە سینەی دەنکەکانم هەڵمژم. لەسەر

سنگی سپی و سۆڵی خانم دانیشتبووم. سەرنجی جادەو ڕێبوارو باڵەخانەو دەوربەری خۆمم ئەدا. ژنە عەبا و ژنە پەچەو ژنە چارشێوم ئەبینی. لە پۆلە باڵندەی ڕەش ئەچوون، لە بوخچەی گرێدراو. لە قوماتەی شەوەزەنگ و بەزەییم پیا ئەهاتنەوە ئەوەتا هەتاو لە قژی خۆیان و لەگەردن و قاچ و قولیان دائەماڵن و سەری خۆیان ئەدەنە دەست مێزەری دووکەڵ و عەمامەکانی تاریکیی. بەزەییم پیا ئەهاتنەوە کە دەستەمۆی کوێربوون و عەقڵی ماڵین. بەزەییم پیا ئەهاتنەوە کە ئەوان هێشتا نازانن هەر جارییەی دوورگەکانی لمی جاران و مەسینەی پیاون. ئەوان هێشتا هەر سێ یەکی

ژیانن و ڕازین بەوەی هەموو ڕۆژێ و هەتا ئەبەد پێیان بڵێن: عەقڵی نوقسان و ناتەواو. گەیشتینە بەردەم کۆگای گوڵە مێلاقەی جارانم هەناسەیەکم بۆ یادگارەکان هەڵکێشا. بەرەو خوارتر چووینە بەردەمی ئەو ژنە پەیکەرەی کە زنجیری مەچەکی ئەپچڕێنێ و باڵ لێکئەدا بەرەو ئاسمان

باڵ لێکدە با لەشی یاخیت
ببێ بە باڵندەی دەم "با"
بە باسکی خواو
باوەش بکا بە مەحاڵدا.
باڵ لێکدە با هەوری یاخیت

ببارێ وەك شەستەی توورە
بەسەر زوڵم و بەسەر غەدرو
بەسەر سەر زەمینی پیاودا!

تۆ چیت هەیە لە دەستیدەی؟! جگە لە قیژەی ئەشکەنجەو
جگە لە پۆشاکی برین!. تۆ چیت هەیە بیدۆڕێنی؟!
جگە لە پووشووی بێبەشی و گەڵاکانی وەرزی
وەرین. تۆ چیت هەیە لەکیست چێ؟! جگە لە
مورووی ئەسرین و لە پارچە ئاوێنەی خەم و جگە لە
هەندێ کراسی غەمگین غەمگین!.

مێژوویەك لە ڕەژووی ناو بەفر

ئاگرێك بەرپاكەو
هەڵگیرسێ ئەی ڕەژوو!

ڕۆمانێك لە هاوار
گەرداوێ هەڵبکەو
تۆفانێ ئەی هاوار!

جەستەیەك لە خەم و
خانوویەك لە تەم و
تەمەنێ لە هەڵم و
ئاوێنە بەرپاکەو
گوڵاڵە بەرپاکەو

بچۆرە سەر شانی ڕووناکی و ئاییندە هەڵگرەو
بیهێنە بۆلامان!.

پەڕینــەوە ئەوبــەر شــەقامەگەورەکە. لەســەر لقــی یەکەم دارتووی بەرامبەرم، چوار پێـنج چـۆلەکەی باوکــەی ســەر زل ســەر زڵم بینــی هــەموویان بــە دەنووك کەوتبوونــە گیـانی چۆلەکەیەکی دایکـەی تـەنیاو، پـەڕوباڵیان خوێنـاویی کردبـوو. چـۆلەکە دایکەکــە ســست بووبــوو. خــەریکبوو ئەکەوتــە خوارەوە. هەناسەیەکەم بۆ هەڵکێـشا. هـەر لەسـەر پیادەڕەوەکــەیش لەبــەردەم دووکــانێکی شــیرینی فرۆشدا، ژنێکی دەروەزکەری چون داسك و دەرزی.

سنگ داچەقیوو پێخاوس. هەڵتروشکابوو. سەری خستبووە کۆشیەوە. بە کوڵ ئەگریا. هەر ئەوساتە کیژۆڵەیەك چووە تەنیشتییەوەو لێی پرسی: پوورێ گیان بۆ ئەگریت؟! ئەویش بەدەم هەنیسك هەڵدانەوە سەری هەڵبڕی و وتی: پێش تۆزێك، پیاوێکی درێژی شەرواڵ ڕەش هات و پەلاماری جامەکەی بەردەمی دام و ڕفانی. ئەوەی ئەمڕۆ پەیدامکردبوو ڕفانی. هەناسەیەکم بۆ ئەمیش هەڵکێشاو چەند دەنکێکیشم چاویان پڕبوو لە ئاو. لە نزیك گوڵە عەترەکانی باخچە گەورەکەیشەوە، ژنێك هەر لە تەمەنی خانمەکەمدا بەرەو ڕوومان هات. کراسێکی وەنەوشەیی

لەبەردابوو لە پڕێکدا لەگەڵ خانمەکەمدا باوەشیان کرد بە یەکتردا. من و ملوانکەکەی ملی ئەو خانمەیش بە هەمان شێوە ئەملاوئەولای یەکترمان ماچکرد. ملوانکەکە سپیکەلەو چاوڕەش بوو.. خوێن شیرین و هەر لە یەکەم بینینەوە چووە دڵمەوە. خانمەکان لەسەروو ئێمەوە کەوتنە قسەو ئێمەیش لە خوار ئەوانەوە بە هەمان شێوە. من بە ملوانکەکەی بەرامبەرم وت:

ـ ڕۆژێکی خۆشە بۆ پیاسەو گەڕان، وانییە؟!

ـ ڕاستە ڕۆژێکی خۆشە. بەڵام خۆشتر ئەبوو ئەگەر قۆڵمان لە قۆڵی "دەنکەکانیشماندا" بوایە.

ـ ئەوە لە خەون ئەچێ تۆ بڵێی ئێمە ببینین؟!

ــ دوێنــێ لــەو گەڕەكــەی ئێمــە بــە فیتــی مەلایــەك لەوانەی باسی جیهاد ئەكەن ژنە ملوانكەیەكی عاشـق و كوڕە موستیلەیەكی دڵدار بەرد باران كران!

ـ ئەی دوایی؟! ئەی خۆیان هیچیان لێهات؟!

ـ ملوانكە كچەكە دوو دەنكـی شـكاو، موسـتیلە كوڕەكـەیش گۆپكەكـەی سـەری خـوێنی لێهـات. باشـبوو لـە دواییـدا، دوو كورتـە چـیرۆكی ئـازاو هاوڕێی ئەوان هاتن و ڕزگاریان كردن!..

ـ بۆ كە ئازادی نەبوو هیچ هەیە؟!

ـ شووتكردووە؟!

ـ من بێوەژنم. مێردەكەم قەڵەمێكی ڕۆژنامەنووس بوو. هەموو جارێ لە ناو كۆڕو كۆبوونەوەكانـدا و

لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هەژدە هەژدە باسی ئازادی ملوانکەو مافی ملوانکەو یەکسانیو بەرامبەری ئەکرد. بەڵام لەماڵەوەو لەگەڵ مندا ئەژدیهایەك بوو بۆ خۆی. کۆیلەی ئەو بووم. پەلاماری ئەدام و دەستی ئەنایە بینم و ئەیپیچڕاندمەوە. ڕۆژێ پێموت: تۆ قەڵەمێکی درۆزنی.. دوو ڕوویت. لەولا فریشتەیت و لەم لایش مێردەزمەی من. ئیتر جیابووینەوە. لەمەیش خراپتر. ژنە گوارەیەکی دراوسێ بۆیگێڕامەوە وتی: من ملوانکەیەکی موحەجەبە ئەناسم هەموو جارێ ئەڵێت چوار ژنە ملوانکەی موحەجەبەی تریشم بەسەر بێت قوبوڵمەو حەڵاڵەو چی تیایە!. ئەمەیانە کارەسات!.

ـ تۆ لەوانە بگەڕێ!. کەواتە ئیستە ئازادیت؟
ـ تا ڕادەیەك. بەڵام ئیستە برایەکم لێمبووە بە ملۆزم.ئیسپانەیەکی فیتەرە. بەردەوام تاقیبم ئەکات، ئەچم بۆ کوێ و ناچم بۆ کوێ؟!. پێم ئەڵێ: ملوانکەی بێوەژن خەتەرە!. ئەبێ هەمیشە چاومان لەسەریان بێ. نەبادا هەڵەیەك بکەن و ئابڕوومان بەرن!.
ـ ئەی لەگەڵ خوێندنەوەدا چۆنی؟! ببوورە ئەمەوێ بزانم دوا کتێب کە خوێندووتەوە چی بوو؟!
ـ "گەڕەکی داهۆڵەکان"ی "شێرزاد حەسەن" ئاخر پیاوی شووشە عەتری وایش هەیە!.
ـ بەداخەوە من نەمخوێندۆتەوە.

ـ ببووره، وا خانمەکەم جولاّ ئەبێ بڕۆین. خوا حافیز!
ـ خوات لەگەڵ، تکایە ئەگەر بە (با)و مانگەشەوو
باڵداریشدا ناردووتە ئەو کتێبە بنێرە!.

بەیانیان، ئاسکەکان کە ئەچنە سەر ئاوی خەواڵوو،
ئەترسن نەبادا لەپەنابەردێکدا، تاپڕێ،
لە توخمی نێرینەی لوولە ڕەش، لەوێبێ و لە پڕێ
ئاگرێ هەڵبکاو پریشکێ بگرێتە جەستەیان!
ئێواران ئاسکەکان، کە ئەچنە ناو مێرگی خەونەوە
ئەترسن، نەبادا، چەقەڵێ لە جۆری پیاوانی
وڵاتی ئافرەت کوژ لەوێبێ و بەخەون و مێرگەوە
بیانخوات. ئاسکەکان بڕوایان بە دەشتێ نەماوە

پەلكە گیای لەشی خۆی هەڵكێشێ و كانیی خۆی
لیخن كات. ئاسكەكان، ئەترسن، دڕدۆنگن.
ئاسكەكان بڕوایان بەو لوتكەی شاخانەیش نەماوە
گابەردیان، تلاوتل ئەبەن و، تا بیدەن بەسەری
نزارو گردۆڵكەی بناری خۆیاندا!

ئاسكەكان شەوانە هەر نانوون، ئەترسن نەبادا
نێرینەی سەر خێڵی بێشەكان، لەناكاو، خۆی بكا بە لانەو
كەوێڵدا و دوور دوور بیانبات. ئاسكەكان. بێكەسن. زۆر
تەنیاو غەمگینن، نەماڵی خواوەندو، نەماڵی
قانون و، نە ماڵی حزبەكان، هیچ كامیان نە
داڵدەی حەرام و گوناهی جەستەیان ئەدەن و

نە دالّدەی هاواریان!

لەشت کفرێکە ئەبەدیی و لەنێوانی هەردوو مەمکتا
هەڵکەنراوە. حەرامی گەورەی گەردوونیَ وا لە ناو
لنگی تۆدایە!. لەو جەستەیەدا پێکەوە: گومڕاهەکان و
شەیتان و ئەبالەهەب کۆبۆتەوە. لەشت کفرێکە
ئەبەدی و لەنێوانی هەردوو ڕانتا هەڵکەنراوە.
تاوانێکە هەتاهەتا بەخاچەوەو "تۆببە"یەکە
دوورخراوەی ئەودیو دەنگ و ئەودیو ڕەنگ و
ئەو دیو پەیامی ئاسمانی و ئەودیو هێڵی خەریتەی نێر
تۆ باشیلی[6] هەموو وەرزو سەردەمێکی. تۆ پەژۆمی[7] و

[6] باشیل: ئاوارەو دەربەدەر.

ناونیشانت تراویلکەو وەك قەلەباچکەی خوێناویی
ڕاونراوی. لەم سەدەوە بۆ ئەو سەدە ڕاونراوی.
سەرت دزراو. بوونت لە مشتی دۆزەخداو،
بێ خواوەندو، لە تەنیایی تەنیاترو لە ئازاریش
بە ئازارتر. ئەی قەلەباچکەی ڕاونراو!.

گوڵباخە کچەکان. بەموبارەکەی خواوەندە گچکەکان، گوناه لەنێوان دوو لەپی دەستی زبردا، پەرەپەرەیان ئەکات و، بێدەنگییش، پادشای ئەم مەملەکەتە دێرینەیە. لێرە هەواڵی ڕاوەماسی میرێکی بێتاقەت، دەنگدانەوەی لە

[7] پەژۆم: بێ چارەو بێ ماڵ و حاڵ.

گوێچکەی پانی شـاخەکانماندا، گـەورەترە. وەك لـە هەواڵی ئەو "مـانگ"ی چواردانەی، کە لـە تـاوێرە بـەردی چـیا شـەتەك ئـەدرێن و لەسـەرخۆ خـل ئەکرێنەوە بۆ ناو گۆمـەکان. لەم نوێـژی جومعـەوە تا نوێژی جومعەیەکی تـر، نـامووس شـتنەوە، لـە حەوزی پیرۆزی ماڵـەکانی خـودادا ڕیـزی شـەرەفی شکاوی بۆ ئەگیرێ و ئاو ئـەبێ بـە مزمـەعیلێکی ڕەنگ قرمزی و تۆڵەیش بـە خەنجـەری بەرپـشتێنی کێلانی پیاوەتی: لەم بارەگاوە بۆ ئەو بارەگـا، لـەم ڕاگەیاندنەوە بۆ ئەو ڕاگەیاندن، لـەم تەلەفزیۆنـەوە بـۆ ئـەو تەلـەفزیۆن، ئـەوەی تـایتڵی نییـە، ئـەوەی وێنـــەی نییـــە: ئـــەو ئـــەگریجانەن کە خرانە ملی

مێیەکان خۆیانەوە. ئەو مەمکانەن کە لە باخەڵی خۆیاندا خنکێنران. ئەو ملوانکەو مێخەك بەندو کلوێچك و سوخمەو کۆڵوانەن، کە بە دزی خواو هەتاوو ئاوێنەوە، لەناو کایانێکدا، لەسەر قەبرانێکدا، لەژێر گومەزی شەخسێکدا، لەحەمامی ماڵەوەدا، لە ئاودەست خانەیەکدا، لە چۆڵەوانی قەراغ شارێکدا، لەسەر کوشنی دواوەی ئوتومبیلێك، لەسەردابێکدا و یان لە هەڵەمووتی کێوێکدا: ورد ورد کران و چون تەپ و تۆزو ئاوی ئاوەڕۆ، یان کەفی سابوون و پەڕی دەم باو دووکەڵی جگەرەو پووشووی ناو ئاوی ئاموون و ناونیشانی تونی بابایان لێهات.

لێرە تۆڵەکە هەرزانترە یان قژی پیرێژنێ؟!
لفکەشامی گرانترە یان مەمکی بێوەژنێ؟!
یەك تاڵە مووی سمێڵی خێڵێك
بەرامبەر چەند زریکەی ژنە؟!
لێرە ئیقلیمگیرە.. ئیقلیمگیر
وەیشوومەکەی ئازاری ژن!.

هەتاو وتی:
ڕێمکەوتە دارستانێکەوە
هەرچی درەختێکی مێ هەبوو پەرژینێ دەوریدا بوو
بە مۆڵەتی درەختە نێرەکان نەبوایە
بۆم نەبوو بگەمە لایان!

لەم وڵاتەدا

هەموو حەزێك دوو ژووری هەیە.

هەموو مافێك دوو ژووری هەیە.

هەموو یاسایەك دوو ژووری هەیە.

هەموو پەیڤێك دوو ژووری هەیە.

لەم وڵاتەدا

لەو دوانانەدا

کامەیان پەڕپووت ترو

لە هەتاو دوورترو

دڵتەنگترو

نەنگواز[8] ترو

---

[8] ئەنگواز: گەڵێ سەخت و دژوار.

**شێدار تره**

**ژووری ژنه!**

۞

**لێره بۆ پیاوەتی خەوشه**

**له هیچ بۆنەیەکدا له چوونه ژوورەوەدا**

**له هاتنه دەرەوەدا**

**ژن پێش خۆی بخات**

**تەنها لەیەك وەختا نەبێت**

**که ئەم بەدار ڕاوی بنێ و**

**ئەویش له پێشیەوە ڕاکات!**

۞

ده دەقیقە درەنگتر گەیشتینەوە ماڵەوە. لەبەردەمی دەرگای حەوشەدا، گوێزان و فلّچەی ڕیش تاشین و پشتوێنی قایش و زنجیر و پۆستاڵ و ڕانك و چۆغەو هەر هەموو بنەماڵەی نێرینە، ڕاوەستابوون و، چاویان سوور سوور و غەزەبییان لێئەباری. گوێزانەکە وتی: خواخوام بوو. چەند دەقیقەیەکی تر دواکەون بۆ ئەوەی خۆم بتاندەمە دەست ئەومنارەیە! فلّچەی ڕیش تاشینەکە وتی: عەقڵی نوقسان چۆن ئەبێ جڵەوی بەدەست خۆیەوەبێ!.

چونکە مێیە!.

لەسەر زەوی عەقڵی نوقسانە گوڵەباخ

چونکە مێیە.

لە ڕەنگا عەقڵی نوقسانە وەنەوشەیی

چونکە مێیە.

لە دەنگا عەقڵی نوقسانە کزەبا.

چونکە مێیە.

بەڵام لەناو دەنگ و ڕەنگ و بۆنی شمشێرو

شیرو، ڕم و مەنجەنیق و خوێندا

هەر هەموویان عەقڵیان ساغە و

تەواو تەواو

چونکە نێرن!

ئـەو شـەوە غـەمبارییی هـەمووومانی بـە توێـژاڵێکی خۆڵەمێشیی داپۆشی. لەبەردەمی باڵا ئاوێنەکەدا مـن و گوارەکان و بازنەکان و ئاوێنە بچکۆلەکەو قەڵەمەکەو شانەکە، لە دەوری یەك کۆبووبووینەوە. سـەرمان نـابوو بە سەریی یەکەوە بـە ئەسـپایی ڕازەکـانی خۆمـان بـۆ یەکتری هەڵئەڕشت. خانمەکەیشمان لە داخـی ئـەو شـەڕ پێفرۆشـتنەی سـەر لـەئێوارە خۆیـدا بـە ئـەرزاو خـەوی لێکەوت. ئاوێنە بچکۆلەکە وتی: فلچەی ڕیش تاشینی وا بەدو نەگریسم نەدیوە. ئەوە جارێکی تریش پەلاماری ئـەم سـوراوەی داو خـەریکبوو لـەت و پـەتی بکـات، چـونکە لێوەکـانی خـانمی تـۆزێ تـۆخ سـوورکردبوو. شانەکەیش وتی:

ـ بەس نەبوو شانەی ئەو سەرە پووت و ناشیرینە نەبووم!. تاکە گوارەی لای ڕاست وتی: لەم شارە گەورەیەدا تووشمان بوو بە تووشی ئەمماڵەوە. ئەمە بەدبەختی نییە؟! بازنێکیش وتی: من حەز ئەکەم وردوخاش بم و بەلاّم چرچاوی ئەو گوێزانە نەبینم!. ماستاراکەیش وتی: ئەرێ بەڕاست هەرچی پیاوە وەك نێرینەکانی ئەم ماڵەن؟! قەڵەمی سوراوەکەیش هەڵیدایە: نا، نا، من قەڵەمێکی نێرینەی باریکەڵەی سەر ڕووتاوەم ئەناسی لەسەر مافی ملوانکە ژنێ دوو ساڵ کەوتە زیندانەوە. لەدواییشدا ئاوێنە بچکۆلەکە وتی: وەرن با ئەو گۆرانیە غەمگینەی چەند شەوێ

لەمەوبەر بۆ خانمە دڵتەنگەکەی خۆمان وت.
دیسانەوە بۆی بڵێینەوە:

خەوتووە. خانمی پاییزە. خەوتووە مانگی زیز.
خەوتووەو توێژاڵێ لە تەمیش نیشتۆتە سەر پێڵوی.
خەوی خێر. ئەی پەری!. خەوی خۆش ئەی ئازیز!.
دەتوخوا بابنووێ و هیچ نەبێ لە خەویا ئازادی ببینێ.
لە خەویا هەڵفڕێو. هیچ نەبێ لە خەویا یارەگەی ببینێ.
دەتوخوا لێیگەڕێن، با دووربێ لەچاوی باوکی خۆی.
با دووربێ لەم ماڵەو، لە تانەو دارکاریی برای خۆی
خەوتووە خانمی پاییزە. خەوتووە مانگی زیز.
خەوی خێر. بۆ پەری. خەوی خۆش بۆ ئازیز.

ملوانکەکە ئەیوت: لەو ڕۆژە ناجۆرانەدا، کە ئاوو هەوای ئەم ماڵەو کەشی ئەم ژوورە بە تەواوی ئەگۆڕڕێو هێمنی و ڕووناکیی ون ئەبن و جۆرە شپرزەییەکی مەلاس لە شێوەی قەوزەیەکدا لە دەروونەوە بۆ ڕوخسار پێمانەوە ئەنووسێ. ئەو ڕۆژانەی کە گوشاری چنگ بەدەرزی ئاژنی نێرینە بۆ سەر جەستەی خانمەکەم شالاویان زیاد ئەکاو ئەویش دوای زنجیرەیەك هاوار و زریکەی تیژو پەلەقاژێیەکی بێ ئەنجام ناچار ئەبێ مت بێو بێدەنگییەك لە شێوەی مۆتەیەکی خوێن ساردا سواری سنگی ئەبێ و لەسەر چرپاکەی هەردوو ئەژنۆی ئەنووسێنێ بەسکییەوەو گرمۆڵە

ئەبێ و سەرینەکەی ئەخاتـە سـەر دەم و چـاوی بـۆ ئەوەی چاوی لە هیچ شـتێ نـەبێ‌و کـەس نـەبینێ. مـن ئیتر بۆ شەوێ بەچاوی دەنکـەکانم ئـەو خەوانـە ئەبینم کە ئـەو ئـەیانبینێ: دوێنـێ شـەو سـەعات دووی دوای نیوەشەو خانمەکەم بووبوو بە ئاسکێکی تەنیای دابڕاو لە ڕەوەکەی. لە پێدەشتێکی بەریندا کە گژوگیای پرتەقاڵی و گردۆڵکە نزمـەکانی وەك لەگەڵ یەکتردا جێگۆڕکێ بکەن بەیەکدا ئـەهاتن و دەنگێکیان لێوە ئەهات کە لە دەنگی لرخـەلرخی گای قوربانیی ئەچوون لـەوەختی سـەربڕیندا. لـەو پێدەشـتەدا ئاسـکەکەمان شـڵەژاوو شـپرزە بـە هـەرچوار دەوری خۆیدا، هەڵێئەڕوانی وەك ئەوەی

چاو بۆ جووتەکەی بگێڕێ. بەڵام ڕوانینەکانی پەرت پەرت ئەبوون و وەختێ ئەگەیشتە دامێنی گردۆڵکەکان ئیتر لەوێدا ون ئەبوون. ئاسکی تەنیا لەدڵی خۆیدا ئەیوت "من پێشتر ڕێکەوتی پێدەشتی لەم جۆرەم نەکردووە، ئەوانیدی ئاسایی بوون. بەڵام ئەم پێدەشتەیان لە مافوورێکی سیحراوی ئەچێ، لەوانەیە خودا لەم دەڤەرەدا ژیان بباتە سەر". ئەوکاتەی لە دڵی خۆیدا ئەم قسانەی ئەکرد گوێی لە فیشکە فیشکی مارێ بوو کە لەناو بنچکێکی تەنیشتیەوە ئەیویست ئامبازی بێ. بەڵام ئەم بەقەڵەمبازێکی بەرزو خێرا، خۆی لەو مەترسییە ڕزگارکردو ئەمجارەیان چووە سەر

بەرزاییەك كە بەسەر گۆمێكی سووردا ئەیڕوانی.
لەناو گۆمەكەدا، بەلەمێكی بەدیكرد، كە كۆمەڵێ پیاو لەشێوەی باوكی، هەر هەموویان، بەڕیز لەسەر قەراغی بەلەمەكە دانیشتبوون و خەریكی ڕاوە ماسی بوون و قولاپەكانیان بۆ قوڵایی شۆڕكردبۆوە. وەختێكیش قولاپەكانیان هەڵئەكێشایەوە لە باتی ماسی سەری ئەو كچانەیان پێوەبوو كە ئەوانیش هەر بەشێوە لەم ئەچوون. كوت و مت لەم ئەچوون. ئەم ترساو شوێنەكەی گۆڕی و بەلای دەستە چەپدا وەرچەرخا لەم ساتەدا، هەستیكرد، لەناوكیەوە بۆ بەرەو ژوور ژنەو خۆیەتی و نیوەكەی تریشی ئاسكە.

خۆی بەخۆی وت "ئەگەر سبەینێ ملوانکە ژنەکان بــەمجۆرە ببینــن. ئــەبێ چــی بڵــێین؟! چــاکتر وایــە خۆمیان نیشان نەدەم" کە سەری دانەواند. هەر لە بــەردەمی خۆیــدا شــارە مێروولەیــەکی گــەورەی بــەدیکرد. بــەڵام مێروولــەکان لــە شــێوەی پیــاوی بچووك بـچووکدا بـوونو نیوەکـەی تریـشیان لـــە شێوەی ژنی بچووك بـچووکدا. سـەرنجیدا، هەرچـی مێروولــە ژنەکانــە خزمــەتی مێروولــە پیاوەکــان ئەکەن. ڕێگاکانیان بۆ پاك ئەکەنەوە، دانەوێڵـەیان ئەخەنــە بــەردەم. قاچــە قوڕاویــەکانیان ئەســڕن و ئەیانــشێلن. مێروولــە پیاوەکــانیش بەشــی زۆریــان پاڵیانداوە بە پشقلەکانەوەو پێئەکەنن و فــەرمــان

دەرئەکــەن. چــاوی لێبــوو: لــەبـــــەر دەروازەی شـــارەکــەدا ژنــە مێروولەیــەکیان گــەمارۆ دابــوو هەر پەلێکی بەدەست دە مێروولــەی پیــاوەوە بــوو. ئــەم گــوێی لێبــوو مێروولەیــەکی جارچــی جــاڕی ئەداو ئەیوت: "لــەوەختی کــاری ناشــەرعیدا و لــە پەنا دەنکــە چــەوێکدا دوو مێروولــەی نێرومێمــان گرتــووە و دوای لێکۆڵینـــەوە دەرکــەوت گونـــاهـ گونــاهی مێروولــە ســۆزانییەکەیە کــە مێروولــە زوگورتیەکــەی تــەفرەداوە. ئیــستا ئــەمیان ڕەجــم ئەکرێ و ئەویشیان. تـــا زســتانی داهــاتوو زینــدانی ئەکەین!" کــە خانمەکــەم لــە خــەو داچــڵەکی ســەعات سێی دوای نیوە شەو بوو. بەڵام سەیر ئەوەبوو کە باش

لێی وردبوومــەوە نیــوەی ژن و نیوەکــەی تــری ئاســك بوو!.

لــە شــەوێکی کوورپــووی دەســت و پــل تــەزیودا، ئاوێنە بچکۆلەکە وتی: بەڕاستی ئێمە لەبەر ئەوەی لەم ژووره گــــەرم و گــــوڕ و خۆشــــەدا ئـەژین، ئاگامـان لەشت و مەکە مێینە هەژارو برسـیەکانی دەرەوەی خۆمـان و ئـەم شـاره نییـە. چـۆن ئـەژین!. ئێمــە ئەگــەر بــەپێی خۆمــان نەگــەڕێین و بەچـاوی خۆمــان نــەیانبینین نــاتوانین لــەو دنیایــە بگــەین! مــنــیش پرســیم: ڕاســتە.. بــەڵام ئێمــە ئــەتوانین چیبکەین؟! قەڵەمەکە دووجار لەسەر یەك پژمی و

لەدواییدا وتی: ئینجا چی لەوە ئاسانترە، ئـەتوانین هـــــەموو شـــەوێ دوای ئـــەوەی خـــانم نووســـت.. هەرجارەو یەکێکمان بەدرزی پەنجەرەکەدا بێت یـان بەبن دەرگاکەدا بچینە دەرەوەو بەدزییـەوە خۆمـان بکەین بەو ماڵانەدا کە دەرگاو پەنجەرەیان هـەر لـە دوورەوە ئەناڵێنن کە چەند کلۆڵ و برسـی و ڕووت و ڕەجاڵن. ڕەنگـە لـە هـەموومان خێراتـر بـۆ ئـەم گەڕان و سۆراخانە، ئەم بولبولە خۆشەویستەبێ کە نـــاوبەناو خانم ئەیدا لەبەرۆکی. بولبولەکـە وتـی: مـن ئامـادەم هـەر ئەمـشەو خـۆم لـە مەدالیاکـەم بکەمــەوە و بــەبن دەرگاکــەدا بــچمە ئــەودیوو تــا ئەگەمە حەوشەو ئیتر لەوێوە لەشەقەی باڵبدەم و چ

مـــالێکم ویـــست ســـەردانی بکـــەم. هەروایـــشیکرد. دوای ئـــەوەی خـــانم نووســـت، بولبولەکـــە خـــۆی لـــە مـەدالێکە کردەوەو، لەپێشدا بەسکەخشێ ڕۆیـشت هەتا گەیشتە بن دەرگاکەو لـەوێوە چـووە دەرەوەی ژوورەکەو ئەوسا جووکەیەکی کردو لەچاوان ونبوو. بەڵام ئێمە تا چەند چرکەیەکیش دەستمان هەر لـە سەردڵمان بوو، ئەترساین لەوەی بەر لـەوەی بگاتـە حەوشـــەکە فڵـــچەی ڕیـــش تاشـــین و گوێزانـــەکان ببیـــنن و بیگـــرن و بەپـــەڕوباڵی خوێناویـــەوە بیهێننـــەوە ژوورەوە. تاوەخـــت بەسەرچـــوایە ئێمـــە دڵنیاتر ئەبووین کـە هـیچ ڕووینـەداوە. لەدواییـدا خەو زۆری بۆ هێنـاین و ئێمەیش نووستین.

کازیوەی بەرەبەیان بوو من لە دەنگی خشەخشێ خەبەرم بۆوە کە ڕوانیم بولبولەکە هەر لەبن دەرگاکەوە خۆیکردەوە بە ژووردا و بەڵام سەرتاپای ئاوی لێ ئەچۆڕایەوە. خەریکبوو قسە بکەم. بەڵام ئەو خێرا باڵی خستە سەر دەمم و بە چرپە پێی وتم: وسبە! بچۆرەوە بنوو سبەی شەو ئەوەی دیومە بۆتان ئەگێڕمەوە!.

بۆ سبەی شەو بولبولەکە، لە ناوەڕاستی هەموومانـدا هەڵنیشتبوو، گێڕایەوە: کە لە حەوشەکەوە هەڵفڕیم نمەنمە باران ئەباری گوێم نەدایە، گەیشتمە سەر ئاسمانی ماڵێکی قوڕینی

دەرگا تەنەکە. لە پێشدا لـە سـەرلقی دار ژاڵەیـەك نیشتمەوە. دواتر هاتمە خوارەوەو چـوومە بـەردەمی تاقـە ژوورێکـی بـن هـەناوی ڕەنـگ زەرد. بـەبنی دەرگاکـەدا چـوومە ژوورەوە، لـە سوچـێکدا خـۆم ماتدا. کە تەماشامکرد ژنە ملوانکەیەکی نەخۆش لەسەر جێگە کەوتبوو گیانی ئەدا، سـێ زەنگیانـە منداڵەکانیـــشی بـــە تەنیـــشتیەوە ئەکڕوزانـــەوەو ئەگریان، زەنگیانەکان داوای نانیان ئـەکرد. داوای نـوقڵ و بووکەشووشـەیان ئـەکرد. ئـەویش گیـانی ئـــەداو چـــاوی بڕیبـــووە دیـــوارێکی ژوورەکـــەو نـــەیئەتوانی هیچ بڵێ. دیمەنێکی دڵ تەزێن بـوو، چەند دڵۆپە فرمێسکێ بە چاوما هـــاتە خوارەوە،

کــە تەماشــای دیوارەکــەی بەرامبەریــشم کــرد ، بەهەمان شـێوە وێنـەی کـچە کافرۆشـەکە ئـەویش بێدەنگ ئەگریا. هیچ شتێکی نێرینە لـەو ژوورەدا نەبوو، جگەلە وێنەیەکی ڕەش و سـپی هەڵۆیـەکی جامانە بەسەر نەبێ کە ملوانکە نەخۆشەکە چـاوی لێنەئـەتروکان. لـە پڕێکـدا پەرچـوویەك ڕوویـدا، هەڵۆی جامانەبەسـەر لەدیوارەکـە هاتـە خـوارەوەو چـووە پـاڵ ملوانکـە نەخۆشـەکەو خێراخێـرایش دەستی بەقژی زەنگیانەکاندا ئەهێنا. ئەوانیش هەر داوای نــان و نــوقڵ و بووکەشووشــەیان ئــەکرد. ملوانکەکە لـە گیانـەڵادا بـوو. تـا ملـی لاربـۆوە. هەڵۆکەیش مــــاچێکی نــاوچەوانی کردو ئەوسا

جامانەکەی داگرت و دای بەسەریدا. من ئیتر لەوە زیاتر خۆم بۆ نەگیراو بەبن دەرگاکەدا چوومەوە دەرەوە.

چوونە دەرەوەی شەوانەی مت و موورەکان بەردەوام بوو. ئەو شەوەی قەڵەمی برۆکە چووبووە دەرەوە، بۆ شەوی دواتر گێڕایەوە: کە لێرەوە ڕۆیشتم دوای ئەوەی کڵاوەکەم کردە سەر، بە پەنادیوارەکاندا بەرەو خوار بوومەوە. کەس بە دەرەوە نەبوو. گەیشتمە نزیکی قەراغ شار. چەند دیمەنێکی سامناك بوو، لە چاڵێکدا لاشەی ملوانکەیەکی بێ سەرم بینی. هێشتا هەر خوێنی لەبەر ئەڕۆیشت.

لەبەر خۆوە وتم بۆ؟! ئاخر بۆ؟! لەناکاو لەو لامەوە تارماییەکی سپی دەرکەوت و بەدەنگێکی زۆر خەماوییەوە وتی: من ڕۆحی گۆرانییەکی کوژراوی "قادر کابان"م. ئەم ئێوارەیە کە دنیا تاریکیی کرد. باوك و کوڕە خەنجەرێ ئەم ملوانکەیەیان لێرەدا سەربڕی. تەنها لەبەر ئەوەی گۆرانیەکی منی لەناو ماچێکدا بۆ دەزگیرانەکەی ناردبوو!.

چاو بووین و گوێ بووین و شەوانە ئەگەڕاین. ئەچووینە ناو پەموی ئازاری هێواشی ژنەوە. ئەچووینە ناو ژووری گریانی درێژی ملوانکەی ژنەوە. نازانین چی بڵێین، غەدرەکان هێند زۆرن نە دادو نە دادگا و، نە مێژوو، نەخواوەند ناتوانن

**بیژمێرن. غەدرەکان، لە شەودا، لەکێلان دێنەدەر. ئەوکاتەی**
**دەنگ ئەنوێ و ڕەنگ ئەنوێ و**
**نەهێنی ئەبێتە توونێلی شەوەزەنگ.**
**ئەو کاتەی. غەدرەکان، دەست ئەکەن بە جووڵە، ڕووناکیی**
**ملی خۆی ئەباتە ناوەوەو تاریکیی سەری خۆی لەودیوی ترسەوە**
**دەردێنێ. غەدرەکان تەنهانین، خواوەندیان لە پشتە، شای**
**شاخ و سوڵتانی زریان و ئاگری نێرینەی دۆزەخ و شمشێری**
**کولتوروو سمێڵی قەف قەفی داستان و پاردینی بەردینی نەریت و**
**قامچی چەخماخەی ئەخلاقیان لە پشتە. غەدرەکان نێرینەی ئەم**
**دنیاو ئەو دنیان. جەڵدەکان مەچەکی حەلاڵیان لەگەڵە.**
**پەنجەی خواو جوبریل و ئاسمانیان لەگەڵە. چاوبووین و گوێ**
**بووین و شەوانە ئەگەڕاین. ماڵ نەبوو زریکەی تۆقیوی**

ڕەنگێکی مێینەی تیا نەبێ. پرچێکی گرمۆڵەی ترساوی
تیا نەبێ. تیزماڵکێ لەبۆنی ئارەزووی کوژراوی ژنێکی تیا نەبێ.
غەدرەکان لە شەودا لەکێلان دێنەدەر. ئەو دەمەی کە
ڕەنگی خوێن ڕەشە. ئەو ساتەی کە کوێری ئەبینێ و ئەو
دەمەی کە کەڕبوون ئەبیستێ و ئەوساتەی کە تاوان
سەربەستە.چاوبووین و گوێ بووین و شەوانە ئەگەڕاین،
ئەچووینە جیهانی حەرامی ژنەوە، ئەبووینە خۆڵەمێش،
ئەبووینە سەراب و لەدوای خۆ تارمایی ترسێکی ئەبەدی و
سێبەری خەمێکی بەردینمان جێئەهێشت. غەدرەکان
هەمیشە هەر نێربوون. چاو بووین و گوێ بووین و ئەگەڕاین،
دەمامك هەڵبەستوو ئەگەڕاین. هەر شەوەی برینێ
لەجەستەی ئێمەدا ئەڕسکاو، هەر شەوەی هاوارێ لە ئەرزی

حەرامی ئێمەوە هەڵئەساو هەر جارەی لەبەردەم خوایەکدا
گوناهمان ئەوەستاو تەنیا بووین!.

ملوانکەیەکی شێت ئەیوت:
دیارە بەدزی شەرەفەوە.
ئەگەر پیاو سکی لە ژن پڕبوایە
ژمارەی دانیشتووانی ئەم دنیایە
سێ ئەوەندەی ئیستا ئەبوون!

ئەو شەوەی سووراوی لێوەکە بۆ گەڕان و سۆراخکردن چووە دەرەوە، ئێمە هەموومان شپرزەو دەسمان لەسەر گۆپکەو نقێمی دڵمان بوو.

چونکە بارانێکی بەخوڕی سەر بە کڵاوە دایکردبوو. ئەترساین لەوەی بارانـاو دزەبکاتـە ناویـەوەو بـە تلیسـاوەیی بگەڕێتـەوە!. بـەڵام باشـبوو زوو خۆشیکردەوە. بەهەمان دەستوور، ئەویش بۆ سبەی شەو حیکایەتی گەڕان و بینینەکانی خۆی بەجۆرە گێڕایەوە: من دەمێك بوو بیرم لەوە ئەکردەوە، بچمە ماڵانێ کە ئێوە نەچووبن. یان ئەو سۆراخانەی من شوێن پێی سۆراخەکانی ئێوە هەڵنەگرێ. کارێ بکەم سەردەق شکێنبێ و بگەمە لای ئەو ملوانکە بەدبەختانەی کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی نەك هەر خۆشیان ناوێن بەڵکوو بێزیشیان لێئەکەنەوەو لە پەراوێزە هەرە پیسەکاندا دایاناون.

خۆ ئەگەر ئاشكرايش بن و بگیرێن، ئەوسا یان پشتاوپشت سواری گوێدرێژیان ئەكەن و خۆڵو دۆیان ئەكەن بەسەرداو شاربەدەریان ئەكەن یاخود هەر یەكسەر سەریان لەلەشیان جیائەكەنەوە. ژمارەی ملوانكە لەش فرۆشەكان لەزیادبووندا بوو. سێ چواریكیان بەدزییەوە لەگەڵ دوو كەشیشدا كە گوایە مێردی دووانیانن، لەخانوویەكی چەپەكی قەراغ شاردا ئەژیان. من دەمێك بوو لە تاقیبكردندا بووم. ناونیشانی تەواوم وەرگرتبوو. دوێنێ شەو یەكەمجار ڕوومكردە ئەوێ. من وەك ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری ڕۆژنامەی "زریكەی ژنان" خۆم پێناساندن.

سـەرەتایش بـەڵێنی ئـەوەم پێـدان، نەشـوێن و جێگایان ئاشکرا بکەم و نە ناویـشیان بـەرم. دوای ئەوەی دڵنیابوون بڕوایان پێکردم ئینجا بە تەواوی دڵـی خۆیـان بـۆ کردمـەوە. ملوانکەیـەکی چـاو بەکلی دەم و لێو قوتی چەناگە چاڵیان کـە هـەر بەقسەکانیدا دیاربوو، زیت و وریایە، وتـی: ئـەزانم ئیستە ئەپرسی بۆچی ئـەم کـارە ئەکـەین. منـیش ئەمـەوێ بـەکورتی پێتبڵـێم: لەبەرئـەوەی برسـی و ڕووت و ڕەجاڵ بووم.. برسـی.. برسـی.. تـۆ ئـەزانی برسێتی چییە یـان هـەر لەسـەرت خوێندۆتـەوە؟! ملوانکەیـــەکی تریـان کە بەشێوەو ڕەنگ و ڕوودا دیاربوو کە چەند ساڵێ لەوانیدی بەتەمەن تر بێ و

هەندێ لە دەنکەکانیشی کلۆر بووبن. جگەرەیەکی داگیرسان و وتی: هەر یەکەو چیرۆکێکی هەیە. من گوێزانە حەشیشە خۆرەکەی مێـردم پـاڵی پێوەنـام بۆ ئەم کـارە!. ئـەوە حیکایـەتێکی درێـژەو ئێـستا ناگێڕدرێتەوە!. بەڵام گوێبگرە: من سەربوردەیەکی ڕاستەقینەی خۆمت بۆ ئەگێڕمـەوە. بـەر لـە چـەند ساڵ کە دیارە لەئیستەم جـوانتر بـووم. یـەکێك لـە مـشتەریە گـەورەکانم، دەمـانـچەیەکی بەڕێوەبـەری ئاسایــشی دەســك زێڕینـــی ئــەم شــارەبوو. زوو زوو ئەچووم بۆلای، لەیەکێك لـە کابینـەکانی حەوشـەکەدا دایئـەنام. جـاری وا هـەبوو بـە هەفتـە لـەو شـوێنەدا ئەمامەوە. منیش زۆرجار بۆ بێتاقەتی لەپەنجەرەی

کابینەکـەوە تەماشـای دەرەوەم ئـەکرد. ئـای کەشـتی سەیرم ئەبینی. زۆرجار بەدزییەوەو لـەناوەختا کەسـانی وا خۆیان ئەکرد بە ژووردا لەتاودا مووی سەرم ڕاسـت ئەبوونـەوە. مـن تـاك و تـەرام لێ ئەناسـین: قەڵـەمی مێزەر بەسەر، ئەوانەی نوێـژ لەسـەر داوێنیـان ئـەکرێ قەڵەمی قات لەبـەری بۆینبـاخ بەسـتوو کـە هەنـدێ جار گۆڤارێ یان ڕۆژنامـەیەکیان لەبن هەنگڵدابوو. کڵاوو جامـانەی نـەجیب زادەی ئەشـراف. خەنجـەری بەرپشتێنی قەف قەفی کوردی. شووشە عەترەگران بـەهاکان. تەنـدەرە موقاویلـەکان. تەزبیحـە سـەدو یـەك دەنکێکـان. شـەجەرەی شـاڵ سـەوزی ڕیـش نوورانی. ئەوانەی بە پەنجا پشتێ خۆیان ئـەبـەنـەوە

سەر عەسای ئیمامە گەورەکان. بەلاّم لە هەمووی سەیرتر، هەر دەپانزە ڕۆژ جارێ. ملوانکەیەکی قەڵەوی کەمێك پان و پۆڕو کەمێکیش ئەگریجە سپی. ئەویش بەدزییەوە خۆی ئەکرد بەژووورداو یەکسەر بۆلای دەمانچەی بەڕێوەبەر. ئەم ملوانکەیە ناسراوبوو. لەوەیش دەرچووبوو ملوانکەبێ بۆ ڕابواردن و کاری سێکسی. نا، بەلاّم خەریکبوو مێشکم ئەتەقی. ئەمە لەوە ئەچوو، سروودێکی وەك "ئەی ڕەقیب" ناوبەناو خۆی سەردانی ئەی ڕەقیبەکەی بکات! ئەبێ کاری ئەم بەو چیبێت؟!. من ئەمزانی کێیە ناوێرم و نایشمەوێ ناوی بەرم. وا وتیشم کێ بڕوا بەملوانکەیەکی

ســـۆزانی وەك مـــن ئـــەكات بـــەوجۆرە باســـی ملوانكەیـەكی شـەریفی شۆڕشـگێڕ بكـات! مـن ئیستە و ئەوسایش نەمزانی ئـەم نەهێنییـە چییەو بۆچـی.. حـەز ئەكـەم بـۆ یەكـەجار نەهێنییـەكی تریـشت لا بـدركێنم. ئەوسـاڵەی چـل قەڵەمـە بچوكەكانیان گرت و هێنایانن بۆ ئـەوێ. مـن لـە كابینەكـەدا بـووم. ئـەو شـەوە منـی سـۆزانی تـا بـەیانی لـە تـاو ئـەوان تلامـەوە. بـەڵام هـیچ دەسـەڵاتێكم نـەبوو ئەوەنـدە نـەبێ كـە بەدزییـەوە بۆیـانبگریم. بـەڵام ملوانكەیـەكی تـری وەك خـۆم لەمن ئازاتر بوو. بە چەند شەوێ دوای مـن لەگـەڵ بێریەی ئەفسەرێكی ئەوێدا لە ژوورێكدا ئەبن.

خەریکی خواردنەوەو ڕابواردن ئەبن. ئەم ملوانکەیە دووساڵ پێشتر دە دەنکی نزیکی کەس و کاری برابوون و بەر ئەنفالەکان کەوتبوون. ئەم ملوانکەیە لەدوای ئەو کارەساتەوە هەمیشە ماتو غەمگین بوو. ئەو شەوە بێریەی سەرخۆش دەرمان خوارد ئەکات و هەریەکسەر بۆ ڕۆژی دوایی لەم شارە هەڵدێ و ئەچێتە شارێکی تر و خۆی ون ئەکات. بێریەکەیش دوای دوو ڕۆژ ئینجا ئەمرێ. ئیتر ئەو هاوڕێیەم نەگەڕایەوەو نەمان بینیەوە، تا مانگێ لەمەوبەر ئەو وەختەی کە ئیتر ئەمنە سوورەکە کەوتبووە دەست دارهەنارەکان!. ئەزانی ئەو ملوانکەیە کێیە؟! ئا ئەو چاو ڕەشە قەد

باریکەیـە کـە لـە دەسـتە ڕاسـتتەوە دانیـشتووەو قـسەناکات. ئـاوڕێکم لـەو ملوانکەیـە دایـەوە. بەسـەری گێـژو وڕەوە لەماڵەکـە چـوومە دەرەوە. ئینجا ڕوومکردە گەڕەکێکی تر خۆمکرد بە ماڵی ملوانکەیەکی بێزراوی تردا، لەوانەی هـیچ کەسـێ خۆشیناوێن، لەوانەی ڕازیبـوون ژیـان لەگـەڵ ئـەو جامانە و شەرواڵانەدا بەرنەسەر کە ساڵەهای ساڵ پێش حەربەکان ئەکەوتن و ئەیانبردنـە سـەرکانی و جۆگەی ڕەوە ئاسکەکان یان ئەیان بردنە سەر کونە شاخی هەڵۆکان. پێمـوت: تـۆ وەك ملوانکەیـەکی شـەریکی عـومری ئـەو جامانـەو شـەرواڵانە چـی ئەڵێیت؟. دەنکـەکـانـی چـاویـان داخسـت و

بـەدەنگێکی نـزم وتـی: بەڕاسـتی مـن بـە خـۆم و دەنکەکانمەوە شـەرمـەزارین. خـەڵکی هەرچـیەکمان پـێ بڵـێن ڕاسـت ئەکـەن. بـەڵام ملوانکـە چ دەسەڵاتێکی هەیە؟! مـن هـیچ داڵدەیـەکم نـەبوو. هەر ئەبوو لای ئەو بمێنمـەوە. هـەروەها وتـی: مـن زۆر درەنـگ بـەئاگا هاتمـەوە. وەك لـە خـەوێکی ناخۆش خەبەرم بووبێتەوە وابوو. پێشتر نەمئـەزانی دنیا چییە؟! وەختێکیش شووم بەم جامانەیە کـرد واخۆی پیس نەکردبوو. بەڵام دوای ئەوەی ئەو هەموو ملوانکـەو گـوارەو زەردوو سـوورانە بـەرەو خـوار کرانەوە، بەوانەی گوندەکەی خۆیشمانەوە، ئەوسا وریا بوومەوەو زانیم من لـەکوێم و جـامـانەکـەی

منیش چەند تاوانبارە. بەڵام پاش چی؟! چونکە من ئیستا لەئاست سەدان ملوانکەی بێوەژن و کلۆڵدا ناتوانم سەر هەڵبڕم و نایشزانم چی بڵێم!. کە لەوێ هاتمە دەرەوە، لە ڕێگا بیرم لەو ملوانکانە ئەکردەوەو لەدڵی خۆمدا ئەموت: باشە چی بەو ملوانکە سۆزانییە بڵێین کە بێریەکەی دەرمان خوارد کردوو چۆن ناوی بەرین؟! بۆ نموونە پێی بڵێین سۆزانیەکی شەریف؟!.. ئەی چیش بەو ملوانکە قەڵەوە گوایە شەریفەیش بڵێین کە ژێر بە ژێر یەکێك بووە لە دۆستە نزیکەکانی دەمانچەی بەڕێوەبەر؟ چۆن ناوی بەرین؟! چی پێ بڵێین چی؟!

**ملوانکەیەکی سۆزانیی**

**لەسەر شەقامێکی گشتی**

**کراسەکەی هەڵدایەوەو هاواریکرد:**

**من هەر جەستەی خۆم ئەفرۆشم**

**هەر خۆم و بەس!.**

**بەڵام لەسەر ئەم شەقامە، ئەیانبینم**

**تیاتاندایە جەستەی شاخ و جەستەی**

**دەشت و، جەستەی باخچەو**

**جەستەی هەتاوو بارانی**

**فرۆشتووەو**

**بێدەربەستیش لەسەر کورسی**

**شەرافەتی ئەم وڵاتەیش**

دانیشتووە!.

تۆ منی یان من تۆ؟! یان کەسمان کەسمان نین؟!
غەریبە ڕۆحی تۆو غەریبە جەستەی تۆ، بەماڵت و،
وڵاتت و بەدنیا. مرۆڤی و مرۆڤ نیت. عەدەمی و
عەدەم نیت. ڕووناکیی لە ڕەحمی تۆوە هات،
لێبوردن شەماڵی دەنگت بوو، دایکیشی و دایکیش
نیت. تۆ نیوەی بارانی کوژراوی و تۆ نیوەی
هەتاوی سەربڕراو، هەمیشە و هەمیشە ئاوێنەی بەردەمی
وەرزێکی خوێناویت. خوداوەند پێی وتی: تۆ
بەهەشت وا لەژێر پێتایەو بەڵام پێی نەدایتێ بۆئەوەی
پێی بڕۆیت بۆ ئەوەی پێی بگەیت!. (با)ی نێر

دێ و وئەترِنێ. ئاوی نێر بۆ گێژەن ئەتبات و ئاگری
نێر لە مێرگت بەر ئەبێ. هەروا بوویت لە "لەوحی مەحفوزدا"
زەعیفەو عەقڵێکی نوقسان و جارییەو سەبایەی بەشمشێر
بۆ نووسیت. تۆ هەیت و تۆ نیشیت.
بۆ ناوجێ تۆ هەیت و بۆ مەنجەڵ تۆ هەیت و بۆ
دەنگ و بۆڕەنگ و بۆ جووڵەیش تۆ قەت نیت!.
تۆ منی یان من تۆ؟! یان کەسمان کەسمان نین؟
قولانجێ جیاوازی لەنێوان لەشماندا ئەوەندەی جیاوازی
نێوانی پاکژی و گەندەڵی گەورەبوو. هی منی،
تاپۆمی، کلیلی ئەبەدیی لەشی تۆ وا لەناو
مشتمایە. ڕۆژانە بەزەییت بەکەوچك ئەدەمێ.
بۆ ئەوەی بمێنی و شەوانە بۆ حەز و شەهوەتی داگیرساو

لەلامبی. مردوویت و نەمردوویت. ئەدۆییت و
من سەرم بێ گوێیە. ئەدوێم و تۆ ئەبێ ئەندامی
گشت جەستەت هەر گوێ بێ. بینینت لای چاوی
خۆت نییە و لای چاومە. چاوی تۆ هەر ئەبێ بە تەنها
خەریتەی پیاوەتیم، غەزام و غەزوەم و
غەزەب و غروری سرمدیم ببینێ. چەند جوانی
دەستەمۆی مێژوومی و چەند ڕژدوو بێ خێریش
ئەو ڕۆژەی بتەوێ خۆت بیت و یاخی بی. تۆ منی
یان من تۆ؟ یان کەسمان نین؟.

چەند مانگێ تێپەڕی و ملوانکەی لەش شین و
چـــاو ســـەوز یان ڕۆژانە لەملی خانمدا بوو، یان

لەگــەڵ دەســتە خوشــکەکانیا لەبــەردەم ئاوێنــە گەورەکەدا دائەنیشت و گوێی لەوان ئەگرت. بەڵام خۆی زۆر کەم ئەدوا. شەوێکیان بیری لـەوە کـردەوە کە ئیتر کاتی خۆی بەفیڕۆ ئەداو لەهەر دەرفەتێکدا بێــت ئەگــەر بەچــەند دێــڕێکیش بــووە وردە وردە بیرەوەریەکانی خۆی بنووسێتەوە. بـۆ ئـەم کـارەیش پێویستی بە یارمــەتی قەڵــەمی برۆکـە هـەبوو بـۆ ئەوەی ئەم چـی وت ئـەو بینووسـێتەوە چـونکە لـە ڕاسـتیدا ملوانکەکـە ئەگەرچـی بـەدەم و پـل بـوو بەڵام بۆ نووسین و دارشـتن ئـەو توانایـەی نـەبوو کـە قەڵــەمی برۆکــە هــەیبوو. ئــەو کەمــە خوێندنــەوەو نووسینەی ئەیشیزانی هەر قەڵەمەکە فێری کردبوو.

دوای دوومانگ، دەفتەرێکی سی لاپەڕەیی ئـەم دیـوو ئەودیو بـەو بیرەوەریانـە پـڕ کـردەوە کـە ڕۆژانـە خـۆی ئەیبینین یان ئەیبیستن. ئەگەرچی هەندێ جار ئەوەیش نە ئەلوا قەڵەمـەکە ئامادەبێ، لەبەر ئەوە یادەوەریەکان پچڕپچڕبوون، لەگـەڵ ئەوەیـشدا خوێندنـەوەیان تـام و چـێژی تایبـەتی خۆیـان هـەبوو. لەلایـەکی تریـشەوە نـاکرێ بـاس لـەو ڕاسـتیە نەکـەین کـە لـەوەختی نووسـینەوەدا قەڵـەمی برۆکـە لەخـەیاڵ و فانتازیـای خۆی تێکەڵ بـەو بیرەوەریانـە ئـەکردو سـەرلەنوێ ئـەو قسانەی ئەوی هەر هەمووی هەڵئەشێلایەوە.

ئـەو شـەوە ملوانکەکـە ویـستی و حـەزیکرد ئـەوە بـــزانـێ کــە ئــاوێنە بچکۆلــەکــەو گوارەکان و

بازنـەکانو سـوراوی لێوەکـەو شووشـەی بۆنەکـەو شانەکەو ماسکاراکەو دەفتەرە گچکەکەی ژمـارەی تەلەفۆنـــەکان ئـــەوانیتریش ڕاو بیروبۆچـــوونیان بەرامبـــەر بـــەو بیرەوەریانـــە چـــۆنە.. لەپێـــشدا ملوانکەکـە کـەمێ قـسەیکردوو، زۆر سوپاسـی قەڵەمی برۆکەی کردو وتی: ئەگەر ئەو نەبوایە ئەم بیرەوەریانە ڕووناکییان نەئەبینی. ئیتر هەموو گوێ قـولاغ بـوون و ئەوسـا قەڵەمەکـە دەسـتیکرد بـە خوێندنەوەی یادەوەریەکان:

ئەمڕۆ ساردە نەك لەدەرێ
تا لە ناو گیانی ئێمەیشدا بەفر ئەبارێ.

خانم خەریکی نووسینەو
لەژێر چاودا وشە تەڕەو
قژیش کەوتۆتە سەر دەفتەر
عەشق شیعرەو
شیعریش خانم
بۆیە ئەوەتا یەکەمیان
ئەڵێی مۆمەو دووەمیشیان
بۆتە مۆمدان.
خەمی سپی ئەبارێت و
ئێمەیش لەم دیو پەنجەرەوە
کلووی خەمەکان ئەژمێرین.
بەداخەوە

ئەمڕۆ عەسر ملوانکەیەکی دراوسێی
جوانی هاوڕێم
لەم بەفرەدا
خۆی سووتان و بوو بە ڕەژوو
لەبەر ئەوەی ڕازینەبوو
بیدەن بەپیرە چەقۆیەك!.

ئەمڕۆ دڵم وەك دڵی سێوە لاسوورەیەکی ڕوومەت بە ئاونگ، خۆشە. چونکە یەك شەممەی داهاتوو، ئەچین بۆ ئەو ئاهەنگە ڕەنگاڵەیەی کە لە هۆڵی "تریّ" ساز ئەکریّ و بڕیاروایە ملوانکە شاعیرەکان شیعری مێینەی خۆیان بخوێننەوە. وەك ئەڵێن لە نێو ئەو

شیعرانەدا شیعری یاخیبووی ئەوتۆی تێدایە کە سوارە نێرینە لە خۆباییەکان لەسەر زینی دەسەڵات ئەهێنینە خوارەوە. دڵم خۆشە. هەوڵئەدەم ئەو ڕۆژە ملوانکە شاعیرەکان لەنزیکەوە بناسم و بۆ یادگاریش چەند وێنەیەکیان لەگەڵدا بگرم!.

پەڕێك بەدەم (با)وە ئەیوت
دەنووکی نێر
لەجەستەی مێی کردوومەوە.
شایەتێکم سپی سپی
ناوەستم تا

لەسەر شانی پاکی خودا
ئەنیشمەوە!.

نەفرەت ئەڵێ: لەم جەهلستانەی ئێرەدا
هێشتا "مێ" لەسەر کاسەیە
کە من ئەبم بەقوماتەی!

شەقام ئەڵێ تامێینەم بەشەو و ڕۆژ
ئازادانە پێدا نەڕوات
وا ئەزانم شەقامێکم دەست و قاچێکم نوقسانە.
ڕووبار ئەڵێ تامێینە ئازادانە خۆی لەئاوم هەڵنەکێشی
وا ئەزانم ڕووبارێکم نیوەی شەپۆلم نوقسانە.

بادە ئەڵێ تامێینە ئازادانە نەمنێ بەلێوی خۆیەوە
وا ئەزانم بادەیەکم نیوەی چێژەکەم نوقسانە.
عەشقیش ئەڵێ تامێینە ئازادانە دەم ئەخاتە ناو دەممەوە
وا ئەزانم من عەشقێکم نیوەی دەم و
نیوەی ماچ و نیوەی دوارۆژم نوقسانە!.

بەڕاستی خانمەکەم بەردەوام بەخۆیەوە نامبەستێتەوە. ئازادیم بەسنگیەوە گرێ نادات. هەندێ جار. وەك بیەوێ پشوویەك بدەم نەبادا وەڕس بووبم، دامئەکەنێ بۆ ئەوەی لەژوورەکەداو لەگەڵ دەستە خوشکەکانما بە ئارەزووی خۆم قسە بکەم. یان گۆرانیی بڵێم. یان خۆم ڕووت و قووت بکەمەوە.

بەکورتی لەگەڵ خۆیدا نامبا بۆ هەموو شوێنێ. هەتا ئیستە تەنها جارێك لەگەڵ خۆیدا بردوومی بۆ قوتابخانە. من زیاتر هاوڕێی دوای دەوامی ئەوم!

ناخۆشترین ڕۆژی من، دوێنێ عەسر بوو. بەرلەوەی ژوورەکە بەجێبهێڵین. خانم دەستی برد و ملوانکەیەکی دیکەی بەسەر مندا کردە ملی. دڵمگیرا. هەر لەیەکەم ساتەوە هەستمانکرد کەسمان لەگەڵ کەسماندا ناتوانین بگونجێین. ئەو چەند سەعاتەی لە دەرەوە بووین هەر شەڕە دەنووکمان بوو ئاگام نەلەخانم و نە لە خۆیشم نەمابوو. ئەم ملوانکەیە هەر بۆڵەبۆڵی بوو دووسێ

جـاریَ تیَـك ئـالاَین و قـژی یـەکترمان ڕاکیَـشا. وەختیَ گەڕاینەوە مالَـەوە هـەر دووکمـانی لـەملی خـۆی دامــالَی و ئەوســا هەناســەیەکی ڕەحــەتیم هەلَکیَشا. باشـبوو ئـەوی فریَدایـە چـەکمەجەکەی خوارەوەو منیـشی لەبـەردەمی ئاویَنـە گەورەکـەدا دانایەوە!

۞

لەقوتابخانەبووین. کـە زەنـگ لیَیـداو قوتابییـەکان چــوونە پۆلەکانیانــەوە. ئیَمــەیش چــوونە پۆلیَکیانـەوە. خـانم شـیعریَکی نیـشتمانی بـۆ قوتــابیەکــان شیئەکــردەوە بــەردەوامیش بــەژوورەکــەدا ئەمسەرو ئەوسەری ئەکرد. کیژۆلَە

**ملوانکەیەکی هەژار، ئەو چاوەی تێبڕیبووم نەی ئەتروکان. ئەمزانی حەزی لێکردووم و خۆزگەیەتی بمکاتە ملی. بەڵام من چ دەسەڵاتێکم نەبوو. کە زەنگی چوونە دەرەوە لێیدا. لەبەر دەرگاکەدا منی گرت و دەستێکی بەقژما هێناو ماچێکی کردم بەڵام خانم زۆر لەسەرخۆ دەستی لابردوو بەدەم زەردەخەنەیەکەوە پێی وت: گیانەکەم بچۆ شیعرەکە لەبەرکە!.**

**کە بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوتین لەنهۆمی یەکەم و بەدەستەڕاستدا خۆمان کرد بە ژوورێکی درێژکۆلەدا نزیکەی دە ژنە ملوانکەیەك لەسەر**

دوو ڕیز کورسـی دانیـشتبوون و چـاوەڕوان بـوون. ئێمــەیش ژمارەکــەی خۆمــان بەدەســتەوە بــوو. ملوانکە ژنـەکان هـەموویان دڵتـەنگ و غـەمبار دیاربوون. ئەگەرچـی هەنـدێ ڕۆژنامــەو گۆڤـاریش لەسەر تەپڵەکەکانی تەنیشت دانرابوون بەڵام جگـە لە خانمەکەم کەسیان خەریکی خوێندنـەوە نـەبوون. لەملوانکەی ملی خانمێکی تەنیشتم پرسی: خێـرە چیتانە؟! زۆر بە ئەسپایی وەڵامی دایـەوە: هەشـت ساڵەو بەڵام منداڵمان نابێت!. مـن ئـیتر نـەمزانی چی بڵێم و بێدەنگ بووم. ئەوانەی پێش ئێمە یـەك لـەدوای یـەك هەسـتان، سـەعاتێ زیـاتر بـوو لـە چاوەڕوانیدا بووین. لـەدواییدا کچە ملوانکەیەکی

ئێسك سووك كە لە پشت مێزێكی بچووكەوە دانیشتبوو بەدەنگێكی باریك وتی: ژمارە یانزە. ئەوسا هەستاین و چووینە ژوورێكی تر. ملوانكە پزیشكەكە دوای ئەوەی هەندێ پرسیاری لە خانمەكەم كرد من و كراسەكەی بەخانم داكەندو پێی وت: لەسەر ئەو مێزە ڕاكشێ. ئەوە یەكەمجار بوو لەشی خانمەكەم ئاوا بە ڕووتی ببینم. لەشێكی سپی و سۆڵ و خاڵێكیش لەشێوەی گوڵێكی قاوەییدا كەوتبووە خوارناوكیەوە. من كەوتبوومە سەر مێزێكی تر كە ئاوڕم دایەوە، سرنجێكی نێری لووت درێژ هەر خەریكی ملە قوتێیەو ناو بەناو خۆیشی لەمن هەڵئەسوێ پێموت: ئەوە چیتە تۆ

نابــێ لێرەبــی! وەك گاڵتــەم پێبکــات وتــی: تــۆ نەزانی.. ئێمە مەحرەمین مــەحرەم!. پــاش تــۆزێکی ترش ئەبینی ئەگەمە کوێی خانمەکەت!. ئینجـــــا چاوێکیشی لێداگرتم و ئیتر من لەتەریقیدا ســەری خــۆمکرد بــە ژێــر پــەڕەی کلینکــسێکی ســپیدا. لەڕاستیدا ئەوە یەکەمجار بوو ملوانکــەی پزیــشك و ژووری پشکنینی ملوانکەی نــەخۆش ببیــنم. بۆیــە خواخــوام بــوو دەقیەیــەك زووتــر ئــەو عیادەیــە بەجێبێڵم.

ئــەمڕۆ لــە زەماوەنــد بــووین. خزمێکــی نزیکــی فلّچەی ڕیش تاشینەکە ژنی هێنابوو. ئیتر ئــەوەندە

هەڵپەڕیم و ئەوەندە هەڵبەزو دابەزمکرد هەموو دەنکەکانم ئارەقی شین و مۆریان دەردا. وەی لە هەموو ئەو چاوە نێرانەی لەسەر من بوون. خۆجارێ کراسێکی خەت خەتیان تیابو ئەچووینە هەر شوێنێ بەدوامانەوە بوو. تا لەدواییدا ملوانکەی دایکی بووکێ پێی زانی و لێی راپەڕیو پێی وت: واز ئەهێنی یان بچم لیسە پۆلیسەکانت بۆ بانگبکەم؟! من ئەم قسەیەم پێناخۆش بوو. چونکە هەڕەشەکردنی تێدابوو!

دەمەو عەسری ڕۆژێکی تەڕوپاراوو بەبریق و باقی بەهار، لەگەڵ خانمەکەمدا چووین بۆ ماڵی دەستە

خوشكێكی خۆشەویستی، دوای ئەوەی دانیشتین و زەردەخەنــەو بــۆنی بــەهار تێكــەڵی یــەك بــوون و ژوورەكـــــەمان بـــــوو بـــــە ژووری دڵنیــــــایی و خۆشەویستی. هەردوو خانمەكـە نهۆمێـك لەسـەروو منـــەوە كەوتنـــە قەســـەكردن. بەرامبـــەر منـــیش لەبانێـــژەی گـــەردنی خـــانمی خانەخوێـــدا دوو ملوانكەی دایك و كچ بە تەنیشت یەكـەوە پاڵیـان دابۆوەو لەگەرمـەی دەمـەتەقێ و گفتوگۆدا بـوون و ئاگایـان لەدەوروبـەر نـەمابوو، وەك ئێمـە نـەبینن وابـوو. قـسەكانیان سـەرنج ڕاكـێش بـوون. بۆیـە منیش بە باشی گوێم لێگرتبوون. ئەیانوت:

**ملوانکەی دایک:** ئای کچەکەم! تۆیش وەکوو من

ئاوێنەی مێیت و تەماویت!.

ئەستێرەی مێیت و کزکزیت.

هەرکوتومت لەشەوگاری پرچی خۆمی.

کچم بەختت

لە ڕەنگی تەنیایی منە.

چوویتەوە سەر زریکەم و

چوویتەوە سەر نسێکەم و

دەم و چاوت بەپچووکی

دەم و چاومەو، من ئەزانم

بەژنیشت هەروەکوو بەژنم

درەختێکە لەگریان و

من ئەزانم
لەمەیش گەورەتربی کچم
هەرگیز هەرگیز
ڕۆژێ نایە
گوڵێ بۆ پێکەنین بگری!
**ملوانکەی کچ:** بەڵام دایە!، من نامەوێ
لەتۆ بچم و
لەبیرکردنەوەی تۆ بچم و
من نامەوێ بچمەوە سەر
نسێکەت و
بچمەوەسەر شەوی پرچت و
جێپێکانی هەمان خەمی تۆ هەڵگرم.

من نامەوێ نسێ بم و

وەکوو باڵندەی کەسیرەیش

تەنیا بمرم.

من ئەمەوێ بەجیا بڕۆم

جیاواز بفڕم!.

**ملوانکەی دایك:** بەڵام کچم تۆ هەرمنی

تۆ هەر لەم جەستەی نەفرەتەو

هەر لەم ئاوێنە شکاوەی بەختی منی

هەر لەم بارانە کوژراوەی

ڕۆحی منی

تۆیش هەر ژنی!

**ملوانکەی کچ**: نا نا دایە! من نامەوێ لەتۆ بچم و

جەستەی من جەستەی تۆ نییەو

ئەو ئاوێنەیە ئەگۆڕم و

ئەو دەم و چاوە ئەگۆڕم و

سیمای تازە ئەدۆزمەوەو

دەنگی تازەم ئەدۆزمەوەو

جارێکی دی بەژنی خۆم و

سەری خۆم و ئومێدی خۆم

لەزەمینێکی بەیاردا ئەرڕوێنمەوە!.

**ملوانکەی دایك:** ئاخر کچم

تارومارەو

لوورە لوورەو

شیرو شمشێر لە غاردان و

چواردەوری من چۆڵ و هۆڵەو
تۆیش پرسیارێکی سەرکێشی و
ئەوەی ئێجگار زوویش ئەکوژرێ
هەر پرسیارە!

**ملوانکەی کچ:** وایە دایە!.
بەڵام ناکرێ
ئاخر ناکرێ لەچاوەڕوانیی مردندا
منیش وەک تۆ
زەلیل وەکوو دەستەکانت و
زەلیل وەکوو پرچەکانت
لەبەر دەرگای بێدەنگیدا
هەڵتروشکێم تا مردن دێ

نا نا دایە من ئەمەوێ

جیاواز بژیم

جیاواز بمرم!

**ملوانکەی دایک:** بەڵام کچم

ئەی پەرەسێلکە جوانەکەم

تۆ لەم وەیشوومە تووشەدا

چیت پێئەکرێ؟!

**ملوانکەی کچ:** هەرچیەک بێ و شتێ بڵێم

"باو" نەیەوێو

"باو" بێزارکا.

هەرچیەک بێ و شتێ بکەم

دەنگ بشڵەقێ و ڕەنگ بشڵەقێ و

هەرچییەک بێ با بچووک بێ

با بەردێک بێ و پرسیارێک بێ و

بەڵام ئازا

یەخەی ئەم نێرە نەریتەی

ئێرە بگرێ!

هەرچییەک بێ!!

**دایک:** ئاخر کچم تارومارە

لەم ڕێی هات و نەهاتەدا

نایەیتەوەو بزر ئەبی و

بۆ خۆت ئەبی بەسەرابێ!.

ئاخر کچم لەم بەستەڵەکی عەقڵەدا

چیت پێئەکرێ!.

**کچ**: نەخێر دایە من نامەوێ
هەرگیز تۆبم. تەماشاکە:
سەراب هەیە و غوبار هەیەو
ئەوەی کە نییە هەر ژنە
ئەوەی کە ونە هەر ژنە
لێرە بەدواوە پەروانەم، بەڵام دایە
وەختێ کە پەروانە هەبوو.. سووتان هەیە!
هەورەژنم؟! قەڵەمی مێم؟! بەڵام دایە
قەڵەم چییە کە نەنووسێ و مرۆڤ چییە کە نەپرسێ.
ئاخر دایە بۆ سبەینێ و بۆ کچەکەم
من نامەوێ هەمان میراتی بێدەنگیی
بۆ جێبێڵم.. من نامەوێ

وەك تۆ بلّێم، وەك تۆ بكەم
وەك تۆیش بمرم!.

ئەمڕۆ مێزەرێكی گەڕەك
دوو سێ كەڕەت
تەندوورەی كورت و كراسی
بێ قۆڵی هەر هەموومانی
فڕێدایە ناو دۆزەخ و
وەك جلە سەگ
وەك جلە عار
گۆشتی بەراز

گشت مێینەی بە نەفرەت کرد.
ئەمڕۆ منارەکەی گەڕەك
هەر بە پەنجەی شایەتمان
ملی هەمووماننی گرت و
بردینی تا
پێشکەشی کردین بە شەیتان!

ئەمڕۆ هەتاوێکی خۆش بوو
لەگەڵ خانم چووینە دەرێ
بۆ ناوبازاڕ
دوکانەکان شڵەژابوون
درەختەکان شڵەژابوون

پرسیارمانکرد لەقەڵەمێکی ڕێبواری
ناو گوزەرێ
وتی: لێرەو بەر لە قەیرێ
هەندێ گوێزانی ئیسلامی دەم تیژ دەم تیژ
لەم ناوەدا ڕاوەستابوون
هەر پاووپووزێکی ڕووتی شیعرو یاخود
ئاوازێکی کراس کورتیان
بدیبایە
ئەیانبڕین.
بۆیە ئیتر من و خانم نەوەستاین و
بەرەو سەرێ هەنگاومان ناو
یەکسەر گەڕاینەوە ماڵێ!

ئەمڕۆ لە نوێژی جومعەدا
کتێبێکی عیلمانیان دیبوو
ئەویش لەگەڵ جەماعەتدا
چووبووە سوجدە!
بەرماڵێکیش پێکەنیبوو
پێی وتبوو:
چاکەتی خۆت و پانتۆڵ و عەینەکەکەت
بڕوا ناکەن بەم تەمسیلە
چ جای ئێمە!.

ئەمڕۆ ئێمە هێشتا لەخەو هەڵنەسابووین
دیسانەوە فلچەی ڕیش تاشینی ماڵێ

هاتە سەرێ و
کەوتە گەڕانی چەکمەجەو
ناو دۆڵاب و ژێر سەرین و
هەرچی سیدی و شریتێکی (با)و شەپۆل و
مەل و پەپوولەو ئاو هەیە
هەموویانی کۆکردەوەو
هەر بە باوەش گشتیانی برد
بۆ ناو توونی حەمامەکە!.

ئەمڕۆ لەگەڵ
دەستە خوشکەکانی خۆمدا
لەباخچەیەك، کۆبووینەوە

بڕیارماندا سەردانی "لەچکەکان" بکەین
پێیان بڵێین:
ئاوو هەتاوو مانگە شەو
کلووی بەفر، دەنکە تەرزە
سروەو جریوەی ئەستێرەو
شەبەنگەکان
نمەی باران
هەر هەموویان لێیان زیزن
چونکە ئەوانن ناهێڵن
بگەنە لای سەروقژیان!.

ئەمڕۆ سووراوی لێوەکە
قسەیەکی زۆر جوانیکرد

وتی: گوایه له سەر ناموسە ئەم هەموو
سوخمەی مەمك و ژێرکراسانە ئەکوژرێن!.
جا گەر وابێ
ئەبێ ڕۆژی چەندجار مشکی و
جامانە و شەرواڵ و ستارخانی و
مراخانی نێر بکوژرێن؟!

ئەمڕۆ بیستمان لە دەوروبەری کێوەڕەش
تەنها لەسەر گۆڕینەوەی نامەی نێوان
گوڵەباخ و نێرەکەوێك
خێڵی خەنجەر
لووتی گوڵەیان بڕیوە!.

**ئاوێنەکە گێڕایەوە**

**بەر لە ساڵێ**

**هەر لەم گەڕەکەی ئێمەدا**

**قاسەیەکی نێرینە مرد.**

**قاسەی باوك**

**چوار منداڵی دوای خۆی جێهێشت**

**سێ کچە بازن و یەك کوڕە قەڵەمبڕ.**

**ماندووی ناو ماڵ هەر بازن بوون.**

**وەفای جوانی بەردەم قاسە هەر بازن بوون.**

**دوێنێ دادگا بەپێی دادو**

**قانونی پیاو**

**بۆ میراتی قاسەی باوك**

وای بڕیەوەو وای دابەشکرد
کە قەڵەمبڕ بە تەنها خۆی
لەو میراتە
بەقەد هەر سێکیانی بەرکەوت!

لە وەتەنی نێرینەدا و لەناوماڵدا
لەگسکەوە هەتا مەنجەڵ
هەموو ژنن
قاپ و قاچاخ، تا ئەگاتە
پیاڵەو ژێر پیاڵەو کەوچکیش
هەتا مردن هەموو ژنن.
نێرەکانیش لەناو ماڵدا هەتا مردن

زەنگ و سەعاتی دیوارو
کلیل و قفڵ و قامچی و
قەنەفەن و لەسەرەوە
بە فەرمانی خواوەندی نێر
جێگە ئەگرن!

ئەمڕۆ لەگەڕەکێکی دوورەوە
کچە ملوانکەیەکی کەڵەگەت
هات بۆلامان.
گێڕایەوە:
دووساڵ زیاترە خوشکێکی ئەموستیلەی
چۆتە دەرێ بۆ هەندەران

ئەو ڕۆژانە، هەر لەوەوە
نامەیەکی بۆ هاتووە
تیا نووسیوە:
ژنە ملوانکە و موستیلەی کورد لەوناوە
لە هەردوو جەستەی خۆیان بوون
بەردەوام وەك مانگی ناو گۆم حەپەساون
نە ئەتوانن وەکوو کچە ئەموستیلەو
کچە ملوانکەی ئەورووپا ڕووت بنەوەو
نە حەز ئەکەن وەکوو ئێرەیش
خۆداپۆشن!.

ئەمڕۆ لەگەڵ خاتووندا چووین

بۆ شاییەك

لە گوندێكی نزیكی شار

لەفرسەتێكدا ملوانكە بووكەكەم دی

لێم پرسیی چۆن شووتكردووە

بەم بەرانە سمێڵ ڕەشە؟!

دوای دڵداری؟!

وتی: نەخێر، هێشتا لەناو لانكەدا بووم

كە منیان كردبووە ملی!

۞

خانم لەدوا شیعریا ئەڵێ:

لەناو نەخشەی نێرینەدا

فرمێسك لەچواربەش سێ بەشی

**مولّکی ژنە**

**شەویش لەنیوەی زیاتری دیسانەوە**

**مولّکی ژنە**

**بەلاّم هەتاوو پیّکەنین**

**هەر "سێ یەکیان" مولّکی ژنە!**

**ئەمڕۆ لەبەر ئاویّنەدا**

**ڕووت و قووت بووم**

**مەمکم ئەیوت: ئەترسم زۆر،**

**زۆر ئەترسم چنگی عاشقم نەگاتێ و**

**نەملاویّنێ و نەمگلۆفێ و**

**پیّشتر بمرم!**

ڕۆژێك نییه لەم ماڵەدا
شووشه بەندێکی مێینه
هاڕە نەکا!
ڕۆژێك نییه لەم ماڵەدا
پێوەندەکانی نێرینه
یەك دوو ئەڵقەیەك زیاد نەکا!

ئەی پرچی مێینەم!
لەغەدری گشت دنیای
جیهانی نێرینەیش
گەورەتر ئەوەیە:
تۆ بۆ خۆت

هەر بەخۆت

ئەڵقەبی، بۆ ملی فڕینت و

تۆ بۆ خۆت ڕازیببیت

ببیتە قەنارەی

ڕووناکی و گەردنت!

۞

ئەی جەستەی کڵۆڵی قەیرەییم

ئەی شەوی هەمیشە دابڕاو

لەخەونی جوتبون و

دوا ساتی توانەوەی

موچوڕکی ناو جێگا!

ئەزانم پڕ پڕی لە حەزی خنکاوو

ئارەزووی شەهوەتی تێکشکاو!.

ئەڵێن ڕۆح! من ڕۆحی بێ لەشم

ببێتە ئاسمانیش

بێ زەوی تەنیایە!.

۞

بەم ناوەدا و بە بەردەمی

"با"ی ئەجەلی

شیر و شمشێری جیهاددا تێمەپەڕە

ئەی مامزی سپی شیعر!

کە گرتیانی، لەبەر بارژنی ئازادو

سەری ڕووت و بیری ڕووت و وشەی ڕووت و

قەڵەمبازی ڕێچکە شکێن

ئەتدەنە دەست ئەو دۆزەخەی
بەر لە دۆزەخەکەی خودا
داخراوە بۆ ئەم دنیاو
بۆ ڕەنگەکانی حەرام و
پەیڤەکانی جەستەی کفر!

دوێنێ شەوێ، گوارەیەکیان لەبەرخۆوە بەدەنگی بەرز پێئەکەنی. منیش پێمووت: چیتە شێت بوویت؟! وتی: هەرگیز، تۆ گوێبگرە: بیرم ئەکردەوە لەوەی بەس نەبوو ناویان لێنەنام: عائیشە یان ڕوقیەو شەمسەو حەفصە. لەمەیاندا بەختم هەبوو. ناویش بۆ خۆی شتێکە زەق تا

**مردن و دوای مردنیش پێتەوەیە. چەند خۆشە وەختێ بانگتکەن: ئاسکە، یاخود وەنەوشە یان خونچەو نەشمیل و پەری خان! ئەی وانییە؟!. ویستم قسەیەك بکەم و لەولامەوە دەفتەرە گچکەی تەلەفۆن هەڵیدایە: ئەوەی کە تۆ ئەیڵێیت وایە، گەرچی گرنگ ناوەڕۆکە. من جارێکیان فەرهەنگەکەی گیو موکریانی هاتە خەونم، تۆزێ پەست بوو، سەرو قژی دووسێ حەرفیشی ژاکابوون، ئەیوت من ئەو هەموو ناوە جوانانەم بۆ هەڵگۆزیون و کەچی هەندێ هەتا ئەمڕۆیش، زمانی خۆ، زمانی شاخ، زمانی ئاوو باخان و زمانی کێڵگەو دارستان. ئەخەنە ناو چاڵێکەوەو، ڕوو ئەکەنەوە بیابان!.**

لەدوای لووت بڕینی "گوڵێ"
ئەمڕۆ کە چووینە دەرەوە
ئەو مێزەرەی کە لە شەوی کارەساتدا
چرای بۆ چەقۆی ڕێنەبین هەڵکردبوو!
لەبەرچاوم ئەوەندە نزم بووبۆوە
هێندە نزم
وام ئەبینی: لووتی گوڵێ
بۆتە مێزەری گەڕەك و
ئەویش لێبووکێکی قزم!.

مالەوە.. مالەوە.. مالەوە
ئەوەندەی ئێمە لە مالەوەین

نه مریشك ئەوەندە لە كولانەدایەو

نه دەڵەك ئەوەندە لەكونداو

نه ماكەو ئەوەندە لە قەفەزدا

نە.. نە.. نە... نە...

ماڵەوە.. ماڵەوە.. ماڵەوە!.

قەڵەمێکمان، لە هەمووماں کەمدووتربوو. بەڵام ئەو وەختەی کە ئەدوا، وشەکانی لە خاڵەکانی خاڵخاڵۆکە جوانترو ڕستەکانی لەڕیشاڵی پەلکە گیایەك زۆر وردتر بوو. دوێنێ وتی: کێشەی ئێمە لەوەدایە، نە دەستمان مافی خۆی هەیەو نە گوێمان و نە ملمان و نەجەستەمان هەمووی. بە ئەندامی نێرو مێ وە.

به درەختی نێرو مێ وە. ئەم دارستانە دوو تۆخمە و دوو ڕەگەزە. وەك سەرئەنجام بۆ ئازادییەك ئەگەڕێ کە ناونیشانە گەورەکەی هەر درەختە!.

ئەمڕۆ دوای ئەوەی خانمەکەم ئەو کوڕە نامە نەهێنییەی کە بە چوار قەدکراوی بۆیهاتبوو، کردیەوەو چەند جارێك لەسەریەك خوێندیەوە. ئەوسا هەستاو دەرگای کەنتۆرەکەی کردەوەو چاوی بەناو ڕیزە بلووز و کراسەکاندا گێڕاو، کراسە وەنەوشەییەکە پێی وت: "تکایە با ئەمڕۆ من لەگەڵتابێمە دەرەوە چونکە ئەزانم ئەویش حەز لەرەنگی وەنەوشەیی ئەکات" خانمەکەم تۆزێ مات بوو،

لەدواییدا زەردەخەنەیەك كەوتە سەرلێوی و پێی وت "بەسەر چاو خۆشم هەروا بەنیازبووم تۆ هەڵبژێرم" لەوەختی خۆگۆڕیندا گوێم لێبوو هەردوو مەمكی قوتی پێیان ئەوت "لەڕاستیدا ئێمە تەنیایی و خۆخواردنەوە وبێزاری گەیشتۆتە گۆكانمان، باشە جێژوانێك نییە ئەم تینوێتیەمان هیچ نەبێ بۆ ساتێ بشكێنێ؟!" خانمەكەم خۆی قسەی نەكرد. بەڵام تاڵە برژانگێكی درێژ وەڵامی دانەوە" ئێوە لە گوێی بەرۆكدا نوستوون و ئاگاتان لە دنیا نییە، ئێمە هەمووجارێ ڕەوە خەنجەرێ بەدوامانەوەیە، ئەبێ ئارامتان هەبێت. تا ئەو ڕۆژەی دەستەكانی ئەو بە ئازادی ئەتانگرن!"

مەمۆڵەکان بێدەنگ بوون. لەخوار ئەوانەوە ناوك دەمە بچکۆلەکەی کردەوەو وتی: "تا ئەو ڕۆژە دێت من لە جێی خۆم ئەپووکێمەوە!. هاتنەدی خۆزگەی من لەوەی ئێوە دژوارترە. ئێوە دەستتان ئەوێ، من دەمی ئەو!".. ستیانەکە پێکەنی. ژێرکراسە سپێکەلە ئاوریشمینەکەیش هەڵێدایە: ئەمەی ئێوە باسیئەکەن لەقسەی مەمکۆڵەو ناوکە پاریسیەکان ئەچن!. ئێمە لە کوێ و ئەوان لە کوێ؟!. دەرپێ کورتە بنە شەفافە شین باوەکەیش لـــەژێرەوە وتی: "ئێوە ئاگاتان لە من نییە ئەوەی دەست و دەم بەهەر حاڵ ئەوەی من ئەمەوێ چۆن؟" خانمەکەم کێشای بەدەمی دەرپیەکەداو بـــە تووڕەیی

پێی وت: "من کەمم دیبێ و زۆر دەرپێی بێ حەیای وەك تۆم نەدیوە. لەسەری بڕۆیت داتئەتلێشێنم. تێگەیشتی؟!" بەر لە چوونە دەرەوە، دەستی دایە من و کردمیە ملی. شتومەکە نێرینەکانی ماڵ ئەو ڕۆژە هەموویان چووبوون بۆ حەمامی دەرەوە. کەوتینە ڕێ، لە شەقامە گەورەکەی پشتمانەوە. خۆمانکرد بە دووکـــانی تۆمـــارگـــەی شریت و سیدیفرۆشی "هەلالان"دا.

چاومان بە جامخانەو ڕەفەکاندا گێڕا. ڕەفەی سرووده نیشتمانیەکان پەست و دەم و چاویان دابوو بەیەکدا. لەوەئەچوو چەند مانگیش بێ هیچ

کەسێ دەستی بۆ درێژ نەکردبن. بەڕاستی من خواخوام بوو خانەکەم سیدییەکی گۆرانیە تازەکانی خانمی دەنگ خۆش "کارێز" بکڕێ. هەروایش بوو وەکوو لە دڵی مندا بێ دەستیدایەو تۆزێ لە قاوغی سیدیەکە وردبۆوەو پێکەنی و پێی وتم: "ئەمەیان چۆنە؟!" منیش هەریەکسەر وتم "چاکت کردو منیش و دەستە خوشکەکانی ماڵەوەیش، حەزمان لێیەتی". دوای ئەوەی سیدیەکەمان کڕی. پیاوی پشت مێزەکە وتی: "ئیستا باوباوی ئەم "کارێزەیە"، دەنگێکی بەهەشتیی پێوەیە".. چووینە دەرەوە، بەرەو ژوور بووینەوە، بـــەلای دەستەڕاستدا، لـــەستـــودیۆی

وێنەگرێکەوە بووکێکی کراس سپی قۆڵ لەقۆڵی زاوادا هاتنەدەرەوە، کۆمەڵێ کیژۆڵەو ژنی تریشیان بەدواوە بوو. من وتم: بەڕاستی دیمەنێکی جوانە، ملوانکەی ملی بووکەکە کەڵەگەتێ بوو لەخۆشیاندا ئەتریقایەوە. لەژێر منەوە ستیانەکە وتی: خۆزگەم بەستیانەکەی ئەو بووکە. ژێرکراسەکەمان بەناوکی وت: ئیستا ناوکی ئەو بووکە لەخۆشیاندا قاقا پێئەکەنێ چاوی تۆیش بەقەد کونە دەرزیەکی ماوەتەوە!. هەردوو مەمکۆڵەکە بەیەکەوە وتیان: خۆزگەمان بەمشەوی مەمکۆڵەکانی بووکێ لەوانەیە تابەیانی مەست و سەرخۆش سەمابکەن!.. دەرپیە کورتە بنەکە

لەژێری ژێرەوە منجەمنجێکی کرد کەس نەیزانی چی ئەڵێ! بەرەو ژوورتر بووینەوە. تا بڕۆشتینایە خەڵکمان کەمتر ئەبینی. تا کەوتینە ئەو دیوی شووره نزمەکەی سەرقەبرانەوە. لای دەستە چەپمان گرت. کەس دیارنەبوو. هەمووومان کەوتینە ناو کپی و بێدەنگیەکی سامدارەوە، گوێم لێبوو گوارەی لای ڕاست وتی: من چەند جارێکی تریش ئێرەم دیوە. خانمەکەمان لەژێر دار ئەرخەوانێکداو لەسەر قەراغی گۆڕێك دانیشت. چەند چرکەیەکی خایاند و کوڕێکی باریکەلەی قژ ڕەشی کراس و پانتۆڵ لەبەر بەهەنگاوی لەسەرخۆوە ڕوویکردە لای ئێمە، کوڕەکە کتێبێکی لـــەبن هەنگڵدا بـوو

هەرچەندەم کرد ناونیشانەکەیم لێوە دیار نەبوو تابزانم کتێبەکە چییە؟. خانمەکەم هەستایە سەرپێیان و بەرەو پیری چووە. دەستیان خستە ناو دەستی یەکترەوە، موستیلەکەمان خەریکبوو لەخۆشیاندا دڵی بوەستێ. ئەو وەختەی دانیشتن، من ئەوەندە لە قەڵەمی ناو گیرفانی کراسەکەیەوە دوور نەبووم. قەڵەمەکە پێی وتم: دەمێکە هاتوون؟! وتم: نا ئەوەندە نییە دیسانەوە وتیەوە: خۆکەس نەیبینین؟!. وتم نا سێ شەموان کێ ڕێی ئەکەوێتە ئێرە! جێژوانەکە شوێنێکی پەست و خەماوی بوو بەڵام چار چییە! ئاگام لێبوو کوڕەی دڵدار شپرزەو بێ ئارام بوو. نزیکەی چارەکە سەعاتێ

هەر چوار چاوەکە بە بێدەنگیی و بێ ئەوەی بتروکێن چووبوونە ناو گلێنەی یەکترەوە. من لە دڵی خۆمدا بەخیلیم بە موستیلەکە ئەبرد کە چووە بووە ناو لەپی دەستی کوڕەی دڵدارەوە، چرکەی لێوە نەئەهات وەك لەوێدا خەوی لێکەوتبێ وابوو. لە گەرمەی ڕازو نیازدا بوون. ئەوەندەم زانی دوو پەنجەی دەستەچەپی کوڕە گەیشتە مووڕووەکانی خوارەوەم و بەرزیان کردمەوە. موچڕکەیەك بە لەشمدا هات. هەردووکیان باسی جوانیی منیان ئەکرد. هەر ئەوەندەو پەنجەکان گەڕانەوە بۆ دواوە. گوارەکانیش هەر تەماشای ئەم لاو ئەولایان ئەکرد تا بزانن کەس دیار نییە. خانمەکەمان دڵی خۆش بوو، ئێمەیش هەموومان دڵمان خۆش بوو.

بەڵام لە هەموومان دڵخۆشتر موستیلەکە بوو. ئاخ و هەناسەو زەردەخەنەو حەزو تینوێتی و خۆزگەو ئومێدو نائومێدی هەموویان لەم جێژوانەدا تێکەڵ بەیەکتر بووبوون. ئەم بینینە نەهێنییە، هەر سەعاتێکی خایاند. لەدواییدا کوڕەکە هەستایە سەرپێ و قەڵەمەکەم لێ دوورکەوتەوە. موستیلەکەیش وەك لە خەوێکی خۆش خەبەری ببێتەوە داچڵەکی و چاوی کردەوە. ئەمجارەیان بەرگی کتێبەکەم لێوە دیاربوو. خوێندمەوە لێی نوسرابوو: کورتە چیرۆك، گەلەگورگ —حسەین عارف—. کوڕەی دڵدار بۆ خواحافیزی دەستی ڕاستی بەرزکردەوەو پێکەنینێکی عاشقی سەودا سەریش هەر لەسەر لێوەکانی بوو.

خانمەکەمان بەحەپەساوی چاوی بڕیبووە کوڕەکەو لەو کاتەدا بێ پرس و ڕاستەوخۆ دوو دڵۆپ فرمێسک بە هەنیەی ئەرخەواندا هاتنە خوارەوە. کوڕەیش تا لە چاو ون بوو هەر ئاوڕی لێئەدایەوە. لە ڕادیۆیەکی دووریشەوە بەناو شەپۆلە نەبینراوەکانی هەوادا دەنگی "مەردان" بەسواری مەقامە غەمبارەکەی ئەڵڵا وەیسی ئەهات و ئەگەیشتە گوێمان.

لە ئێوارەی عەشقی مندا، پەڵە هەورێ، بە تەنیا
بەکەناری غوربەتێکی پەمەییدا دێ و ئەڕوا.
هەروەکوو من، تەمێك لەسەر، شووشەکانی چاوێتی
هەر وەکوو من، دڵی پڕەو، پرچەکانی (با) ئەیبا!

**ئەی هاوڕێی بێ ئارام و دڵتەنگی دنیای جوانیی**
**من بزانم، تۆیش هەر ژنە، بەدبەختێکی ئاسمانی**
**من والێرەم، چاوەڕێتم، لەناو ڕۆحما دابەزی**
**تەڕتەڕمکەیت، وەکوو باڵات، بەگریانی پەمەیی.**

**ئەمە ماڵە یان گۆڕیچەی خەونەکانی تەنیاییی؟!**
**ئەمە ژوورە؟! یان تابووتی ڕەنگاوڕەنگی ڕووناکیی؟!**
**ئەم لەشەی من، لەشی خۆمە، یان باوکم؟!**
**من نازانم، ئەمە منم، یان کۆیلەی ئەبەدیی!.**
**سەرم هەیەو بیرکردنەوەم شەبەنگێکی دزراوە**
**گەرووم هەیەو، کەچی ناومالْ، بۆ دەنگی خۆم ئەگەڕێم!**
**وەرزی مێم و ساڵی مێم و گوناهێکم بە تەنیا**
**پەڕەکانی ڕۆژمێرم، سەربەرەو خوار بای نێرینە ئەیانبا!.**

باوکم هەر خۆی نییە یەك لەشکری
تەیاری لەژمارە نەهاتووی هەموو سەدەکانی
لەگەڵە. لەشکری خودا بە هەڕەشەی
دۆزەخێکی هەمیشە نێڵەنێڵ سووتاوەوە.
باوکم هەر خۆی نییە. هەرچی دێوجامەی
هەزار ساڵەی کولتووری ڕاوەلای ئەوە. باوکم
وەك خودا بێباکەو چون دەمی شمشێری
هەڵکێشراو لەبەر سوورە هەتاودا بریقە
بریقێتی. ئەو مووی ڕیشی لە ئاوی شەرەف
هەڵکێشاوە بۆیە پیاوە. باوکم کتێبی
ناموس و حەیای لەناوگەڵدا داناوە و
لەچاوی ئەو کونانەوە تەماشای دنیای

فـــانـــی ئـــەکات!. قـــانون لـــەو بـــووە. جەڵـــدە وەچـــەی ئـــەوە. بـــاوکم تۆڵەیـــەکی ئەبەدییـــە و جـــەنگێکی بـــێ کۆتـــایی. بـــاوکم پیـــاوە پیـــاو، بـــاوکم سمێڵـــە سمـــێڵ، بـــاوکم خەنجـــەرە خەنجـــەر. بـــاوکم هـــەر خـــۆی نییـــە، نیـــشتمان لـــە پـــشتیەوە ئـــــەڕواو مێـــــژوو نوکتـــــەی بـــــۆ ئەگێڕێتـــــەوەو حەییاو حورمەت کڕنووشی بۆ ئەبا!.

لێـــرە. لێـــرە، شـــتومەك بـــێ، کـــەل و پـــەل بـــێ و، هەرچـــیەك بـــێ کـــە بینـــیمن مـــن ئـــەزانم نێـــرن یـــــان مـــێ: دیـــــوار نێـــرە، شـــەقـــام نێـــرە درەخـــــت مێیەو، کۆڵانی تەنگ و باریکیش

زۆربەیان مێ. بەهارو هاوین نێرینەن.
پاییزو زستان مێینەن. ڕۆژ نێرەو شەو مێ.
ئاگر نێرەو خۆڵەمێش مێ. نهۆمەکانی
سەرەوە نێرو ژێر زەمینیش زۆربەیان مێ.
شاخ نێرەو دۆڵەکان مێ. لێرە. لێرە. لێرە:
ئاو مێیەو بەربەست نێرە. هەڵم مێیە.
ماسی مێیەو چەشەیش نێرە. باران مێیە.
باخچەکان مێن. سپی مێیەو سووریش نێرە.
سروودەکان هەموو نێرو بەستەکانیش
زۆربەیان مێ. دوو لەسەر سێی ئازارەکان
مێینەن و حەرام مێیەو حەڵاڵیش نێر.

بەشی زۆری سێبەرەکان مێینەن و بەشی زۆری فەرمانەکان نێر. خودا نێرەو عەرشەکەی مێ. هەموو مافوورەکان مێن و هەموو کورسیەکان نێر. هەموو تەنافەکان مێن و هەموو گیرەکان نێر. بەفر مێیەو رەشەبا نێر. دووکەڵ کێشەکان زۆربەیان مێنو نێڵەنێڵی ئاگری توونیش زۆربەیان نێر. جگەرە نێرەو تەپڵەکی جگەرە مێ. لێرە. لێرە، بەرگی پێشەوەی هەموو کتێبەکان نێرن و بەرگی دواوەیش مێ.

گڵۆپی ترافیکەکان هەموویان نێرن و خەتی پەڕینەوەی سەر شەقامیش هەموویان مێن.

وشە مێیەو تەباشیر مێیەو لاستیکی خەت کوژانەوەو تەختە سڕ نێر. لێرە. لێرە هەموو مەتنەکان نێرن و هەموو پەراوێزەکان مێ. تەلەفزیۆن نێرەو مێزەکەی ژێریشی مێ. لێفە نێرەو دۆشەك مێ. پەنجەرەکان مێن و پەردەکانیان نێر. هەموو ماشێنەکان نێرن و هەموو پارکەکان مێ. چادرەکان نێرن و پەردەو کوللەکان مێ. تابلۆکان مێن و چوارچێوەکانیان نێر. دەرزی نێرەو دەزوو مێ. دەسکەوان دەسکەکەی نێرەو خۆیشی مێ. شیعر مێیەو سانسۆر نێرە.

گێژاو نێرەو بواری هێوریش مێ. لافاو نێرەو داروپەردووی سەر ئاو کەوتوویش مێ. بوومەلەرزە نێرەو وێرانەیش مێ.

بــزە مێیــەو مــۆڕەیش نێــرە. لێــرە. لێــرە. لێــرە:
ژیان نێرەو مردن مێ!.

کەوتبوومە ناو گڕەوە
سروەیەکی سپی هات و
ماچیکردم و
وەك سێبەر فێنك بوومەوە.
وتم تۆ کێی؟!
وتی کچی بەفرو تەرزەم!.
لەشەڕدا بووم
پڕیشکدار بوو
تووڕەبوونم.

مەلێ هات و
چڵێ خۆشەویستی سەوزی
دایە دەستم و خاوبوومەوە
وتم تۆ کێی؟!
وتی کچی جۆگە ئاوو
دار زەیتوونم.
لەو سەرمێزە دانیشتبووم
کات ئەڕۆیشت و قەڵەمەکەم
هیچ خەیاڵێکی لا نەبوو
کاغەزەکەم سپی سپی و
بێ برك و ژان
هیچی نەبوو نە کوڕ نە کچ

نە خونچەیەك نە گەڵایەك
لەپڕێكدا لەو كەلەوە گەلاوێژێ
بەدەركەوت و بە تیشكێكدا
چەندین قەسیدەی بۆ ناردم
وتم تۆ كێی؟!
وتی من ژان و ئارام و
ئیلهامەكەی ڕۆحی دایكم!

۞

لەبەردەمی
دادگایەكی دارستاندا
دەڵە سەگێ
لەسەر چەقەڵ شایەتی دا

که فێر بووه شەوانە دێ و
بەچکەکانی ناو گوند ئەخوا!
یەکانەیەکی بەرازیش شایەتی دا
کە دەڵە سەگ ڕاست ناکات و
بوختان ئەکا.
کەچی لە دواییدا دادگا
بڕیاریدا چەقەڵ بەردا
لەبەر ئەوەی کە شایەتی نێرینەیەك
بەپێی شەرعی ناو بێشەڵان
دووجار بەرامبەر زیاترە
لەشایەتی مێینەیەك!

ئـەی "خـانم"ی زیزتـر لـە مـانگی ژێـر هـەورو گیرۆدەتر لە پرچی ڕەزێکی گیراو لە توترك!. ئەی ئـەو شـنەیەی بـەر لـەوەی بگەیتـە لای هەناسـەی دڵنیـایی، بـەر لـەوەی لەڕوخـساری خۆزگەیـەك بـدەیت، گرەیـەکی نێـر لێـت ئـەدات و لەشـوێنی خـۆت هەڵئـەپروکێی!. ئـەی بەهەشـتی گوناهبـار بەتاوانی جەستەی خۆت، ئەم بێدەنگیەت لەکوشتن‌و سـەربڕینت ترسـناکترە!. ئـەم مەنگییـەت لـە خنکانت ئەستەمترە. ئەم ژوورەت لە گۆڕ تەنگترە.

کازیوە لە لەشتاو هـاژە لـە دەنگتـا خەبەرکـەرەوە. برینـەکانت داگیرسـێنەو بیـانگرە بەدەسـتەوە لـە پێشدا سەرکەوەرە سەر منارەکان و لەویەوە سەری

بڕاوی خۆت بەرەو ئاسمان هەڵبڕە. هەموو جوانیە زەوت کراوەکانت کۆکەرەوەو وەك دارستانێکی هەڵگیرساو بڕۆن و ڕووبکەنە مەملەکەتی نێرەکان، خواوەندی نێرو ئاییینی نێرو تەرازووی نێرو سەرزەمینی نێر. لەم بەکۆتەرە بوونە زیاتر چیتان لێئەکەن، لەماڵەکەی خۆتەوە، لە ژوورەکەتەوە، لە چرپاکەتەوە، لە جلەکانتەوە، لە ئێمەی ملوانکەو بازنو ئەموستیلەو ئاوێنەتەوە ئاڕاستەی ڕەنگ و دەنگ و بۆن و ئارەزووەکانت بگۆڕە. وەك گۆڕینی ڕەش بەسپی. خۆڵەمێش بەگوڵەباخ، بێدەنگیی بەڕابوون و وەستان بە وەرچەرخان. هەر خۆتان و خۆتان. نە حەوا دێت و نەمریەم دێت و نە فریشتەکان.

**هــەر خۆتـــان و خۆتـــان. تاســـەرزەمین نێربێـــت ئاسمـانیش هــەر نێـرە. تـا پێغەمبــەرەکان نێــربن پەیامــەکانیش هــەر نێــرن. تــا یاســاکان نێــربن بڕیارەکـانیش هــەر نێـرن. تـا پەنجـەکانی خۆتـان مـوتوربە نەکەن لە عـەشق هەرگیز ئـاوازێکی نـوێ نابیسن. تا لەشی خۆتان نەدەنە دەست یـاخیبوون، سـەرتان نـافڕێ‌و هـەتا برینـەکانتان سـەر لـەنوێ نەکولێننەوە ژیان سارێژ نابێتەوە!.**

**ئەی (خـانم)ی غـەمگینتر لـە کـۆلانێکی بـێ چـرا و وەڕستر لە ئینجانەیەکی بـی گـوڵ و تـەنیاتر لەشـەوی بیابان و نامۆتر لە شیعری مێینە. کوا بوومەلـەرزەی مێینەو لەکوێیە ڕابوونی ڕۆح و جەستە؟!.**

ئەو ڕۆژە لەکۆڵانێکی دەرنەچوودا، ملوانکەیەکی بێوەژنم توشبوو پێی وتم: بەشی هەرە زۆرمان بەگەنجی لێمان ئەقەومێ و تووشی یەکەم پچڕانەوە ئەبین. خۆ ئەگەر ملوانکە بێوەژنەکان هەژارو برسیبن، ئەوە ئیتر ئەوەندەی تر بێ ڕەونەق و بێ شەوق و خەماویترن. زۆربەی هەرە زۆری ملوانکە بێوەژنەکان چ دەنکە کانیان و چ کشتەکەکانیان ڕەشێکی قەترانین. لەنیشتمانی نێردا. ملوانکە بێوەژنەکان بۆ لەملکردن زۆر پەسەند نین. چاوی جامانە و مێزەریان زۆر لەسەرە. لەدواییشدا بەرلەوەی لەیەکتر جیابینەوە.

ملوانکە بێوەژنەکە وتی: بەختی ئێمەو کۆڵانی دەرنەچوو لەیەك ئەچن!.

گۆرانییەك بەتەنیشتی
بێوەژنێكدا تێپەڕی و
یەكدوو مشتێ
لە ئاخی كۆنی خۆیدایە.
ئێوارەیەك بوو بە میوانی ڕوخساری
بێوەژنێ و كە وەختێ ڕۆیشت
دوو سێ زەردەی
لەخەمی كۆنی خۆیدایە.
شمشاڵێ چووە بەردەمی بێوەژنێ و
لەپاییزە كۆنەكانی
دوو سێ خەزانی بۆ ژەنی.
بێوەژنیش هیچی نەبوو بیانداتێ

**جگە لە چوار پێنج خونچەیەك**

**فرمێسکی نویٚ!.**

**هەموو ئاینەکان بۆنی نێریان لێدێ کە بەلایانـدا تێئەپەڕم ترسێك دامئەگرێ ترسـێك هـەر خـۆی و بەس، تەنیاتریش لەو گوناهـەی کـە ڕۆژی عـەدەم، بەڕووت و قووتی ئەچێتە بەردەمی خودا.**

**هەموو وەرزەکـان بـۆنی نێریـان لێـدێ پەنایـەك شـك نابەم بۆ جەستەی بێ وەرزم. نیشتمان نامـناسێ. ئەگەر پێناسەی پیاوێکم پێنەبێ شەقام دەرمئـەکات. ئەگـەر پیاوێکم لەگەڵ نەبێ. سەفەر ڕەجمم ئەکا. ئەگەر قاچی ئەوم لەگەڵ نەبێ. هیچ شتێ لەمن دڵنیا نییە ئەگەر**

پیاوێ دڵنیایان نەکاتەوە. سێبەر درێژ ئەبێتەوە گەورە ئەبێ و پانو پۆڕ ئەنوێنێ وەلێ من سێبەرەکەم هەمیشە هەر بچووك ئەبێتەوە. گرژ ئەبێ و گرمۆڵە ئەبێ و ئەتوێتەوە.

لەدوای خوا پیاو دێ لەدوای پیاوەوە کەس نایەت جگە لەتامارێکی[8] زەلیل کەمنم!. کۆمەڵ ئاوێنەیەکی هەڵگرتووە هەر پیاوی تیا دەرئەکەوێ. مێژوو حیکایەتێك ئەگێڕێتەوە هەر لە ڕەنگی پیاو. قانون پەیژەیەکە هەر نێر دایتاشیوە هەموو ئەو شتانەی تریش کە بۆنێر بێکەڵکن لەمندا کۆئەبنەوە!.

---

[8] تامار:شەبەح. تارمایی.

**هەموو شەڕەکان هەر پیاو بەرپایانکردن و بەڵام تاقە جارێکیش نە شاربەدەر کران و نە قژیشیان بەبڕین چوو!.**
**هەموو خۆشی و جەژنەکان هەر بۆ ئەوان بوون و هەموو ئاگرەکان و خوێنەکان هەر ئەوان بوون و منیش هاوارێکی فنار.[9] یەکسانی چییە؟! جگە لە دووکەڵی جگەرەیەك کە ئەویش هەر پیاو بە (با)ی ئەدا!.**

**ئەمشەو لەدوای ئەوەی خانم نووست هەموومان بەکۆمەڵ گۆرانیەکی تازەمان بۆوت:**

---

[9] فنار: ڕاکردن لە ترساندا.

ئێوە نازانن خانوومان
چەندە جوانە!
وەختێ بەیانیان هەڵئەسێ
بەفڕی ئاڵۆزکاوەوە
لەگژوگیای بەهارانی
دەشتی بەر "با"و
تۆزێ لێڵ و پەشۆکاویش
لەگۆمی بەر باران ئەچێ!.
ئێوە نازانن خانومان
چەند شیرینە
وەختێ نیوەڕوان دێتەوە
بەو بلووزە سوورەیەوە

**ئارگۆن[10].. ئارگۆن**
**لەدار گێلاسی گەییوی ناو باخان و**
**بەو زەردەخەنە کاڵەوە**
**لەترووسکەی ئاگری شوانی**
**دووره شاخی زستان ئەچیٚ!.**
**ئێوە نازانن خانومان**
**چەند دڵتەنگە**
**ئێوارانیش کە ئەچێتە بەر پەنجەرە**
**بەو کراسە زەردباوەوە**
**لە پەڵە هەوری غەمگینی خۆرنشین و**
**بەو فرمێسکە ڕوونانەوە**

---

[10] **ئارگۆن: سوورو گەش.**

## لەئاونگی سەر ڕوومەتی پاییزێکی

دڵدار ئەحمەد!.

ئەمڕۆ سەر لە ئێوارە ئاوێنە بچکۆلەکە وتی: پەخشانێکم نووسیوە حەز ئەکەم بۆت بخوێنمەوە: منیش وتم: فەرموو "ئەو، مێینەیەکە. چۆڵ چۆڵ وەك سەحرایەکی پاڵکەوتوو لە بەیانییەکی خۆڵەمێشیدا. ئەو مێینەیەکە تەنیا تەنیا چون پەڕەسێلکەیەکی گیر خواردوو لەبەردەمی پەنجەرەیەکدا. ژن سەعاتێکە سەعاتێکی بێتاقەت، ئیشئەکات، ئەڕوات. بەڵام هەمیشە لە دەستی پیاوێکدا. گۆرانیەکانی، بەردەوام، بەردەوام بۆنی

مافی سووتاوو دەنگی سوتاوو کەزیی سووتاویان لێدێ. خەونەکانی لەچارۆگەی شێتاڵ شێتاڵی بەلەمێکی سەرگەردان ئەچن کاتی خۆرنشین. ئەو هەمیشە ئەو هاوینە تەرییکەیە، ئەو قرچە گۆشەگیرەیە، کە "کزەبا" هەرگیز ڕێی تێناکەوێ. ئەو لەودیو شووشەبەندێکەوە ڕاوەستاوە مات مات. شەقامو باخچەو تەلارەکان و شاخەکان ڕێبوار و دنیا ئەیبینن. بەڵام ئەوان هیچیان ئەم نابینن. بە ڕۆژ نزیکترین هاوڕێی ئاوێنەیەکی درزبردووەو بەشەویش شەوگەردی سەر دیوارەکەی تەنیشتی" کە ئاوێنەکە لەخوێندنەوەی پەخشانەکەی بۆوە ڕوویتێکردم و وتی: بەدڵت بوو؟!

منیش پێم وت: بەدڵمە. بەڵام دارشتنەکەی نێرانەیە!

ئەمشەو ئەو کاتەی هەموومان لەبەردەمی ئاوێنە گەورەکەدا دانیشتبووین و قسەمان ئەکرد، موستیلە سەر بە نقێمەکە لێی پرسیم: باشە تۆ هەموو ئەو ملوانکانەی لەچک ئەکەن چون یەك تەماشایان ئەکەیت؟! وتم: نا، ئەزانم ترس و چاولێکەری و نابەدڵی تێدایە. بەڵام هەموو لەچکەکان دژی هەتاون!. دژی (با)و مانگە شەوو دژی جوانی و چاون! ماسکاراکەیش هەڵیدایە وتی: بەڵام بەشێکی زۆر لەو لەچکانە ئەڵێن: قژی مێ و زوڵف و پرچی درێژ، ئەکەونە مەملەکەتی حەرامەوە ئەمە بەپێی قسەیەك کە بەر لە دوو هەزار ساڵ کراوە. قژی ملوانکە ئاگری بنکای شەهوەتە.

سوراوی لێوەکە پێکەنی و وتی: قژ چییە جگە لەوشکانیەك!. ئارەزووی شەهوەت لەچاوەوە ئەبزوێ و لە دەم و لێودا ئاگری تێبەر ئەبێ!.

شەوێك لە ئاوێنە بچکۆلەکەم پرسی، ملوانکەی مێ، یان قەڵەمی مێ، یان گۆرانیی مێ، چۆن چۆنی پێناسە ئەکەیت؟! ئاوێنەکە شەوقێکی دا لە چاوم و تا چەند چرکەیەك مات بوو لەدواییدا وتی: هەموویان یەك گەردنی چون یەکیان نییە. یەك شیعر و یەك فڕینیان نییە. هەیانە هەر بۆ بریق و باق و ڕازاندنەوەن کوتومت وەك بەهارێکی گەمژە. هەیانە هەر جەستەن و ڕۆحیان تێدا نییە،

چون شمشاڵێکی بێدەنگ. هەیانە خۆیان بەدەستی خۆیـان تـابووتی خۆیـان دائەتاشـن هـەروەك مێژوویەکی گەوجی دۆڕاو!. تیایاندایـە لـە تاڤگـە شۆخ و شـەنگترن بـەڵام وەختـێ ئـەدوێن ئـەبن بـە ئاوێکی لیخنی ڕاوەستاو. تیایاندایە بەلـەش و لار سـیحری لـەدین وەرگـەڕانت لێئەکـەن. کەچـی بـە ئاوەزو هۆش و گۆش بنچکێکی بـستە بـاڵان یـان پەنجەرەیـەکی داخـراوو داپۆشـراو لـە ڕۆژێکـی خۆرەتاودا. دوو جۆگەلەی مێم ئەناسـی یـەکێکیان بەلەش جوان و ئەویتریـشیان بـەهزر جـوان. لـەدوو ئاوانێکـدا کەتێکـەڵ بـوون بەیـەکتری بـوون بـە جوانترین ڕووباری جیهان!

ئەمــشەو هــەموویيان نووســتن و هــەر مــن خــەو نەچووە چاوم. لە دڵی خۆمدا وتم: خەریکـە ئـــــەم بەشەی یادداشتەکانم تەواو ئەبن، بـەڵام یادداشـتێ هەناســەی ملوانکــە ئەنفالــەکان و بەتایبــەتیش ملوانکەکانی گەرمەسێری تێدا نـەبێت، نـابی بـە یادداشــت، خــەمی نیــوە ناچــڵ تینــوێتی مــن ناشکێنن. بۆیە بڕیارمدا، ئـەم خەمـە نیـوە ناچڵە تـەواو بکـەم، ئـەم فرمێـسکانە تـەواو بکـەم. مـن ئیستا هەست ئەکەم کۆمەڵە ملوانکەیەکی ئەنفال دەوریانداوم. من ئەمەوێ بەزوخاوی ئەوان بنووسم: ملوانکە ئەنفالەکان، لە کشتەکێکی ڕەشـی درێـژ درێژدا ڕیـز بـوون و دەنکە کــانیان ســەریان ناوە

بەسەری ئێوارەی یەکترەوە. ڕەنگی لاواندنەوەیان، لەڕەنگی مەشکەو ڕەشماڵەکان ئەچن لە بائەنگیوێکەوە[11] دەنگی بەگژمی[12] یادگارو کچ و کوڕو پیاوەکانیان پچڕپچڕ دەگەنەوە گوێ. بەڵام هەستئەکەن دەنگەکان کەل بوون و زمایشیان[13] پڕپڕە لە لم و پەرەم پەرەم ڕوە و کەنداوی عەرەبی کەوتوونە ڕێ. ئەم خلتەی گریانانە لەبنی کوێرە گوندەکاندا مەیبون و، تۆپەڵ تۆپەڵ، ڕەش ڕەش، گرێ گرێ، لەژێر

---

[11] با ئەنگیو: کونە با. ئەو شوێنەی بای لێوەدێ.

[12] گژم: خەم و خەفەت.

[13] زمایش: دەنگ و سەدای گریان.

سـێبەری دیـواری تەپاڵەکانـدا، بەچیـچکانەوە دانیشتوون و چاوەڕێی خودان و سیمایان جـامی قووپـاوەو چـاو ترێـی قرپۆکـەو ڕوویانکردۆتـە تراویلکـەی خـواریّ و پایـەرۆڤی[14] ئـەویّ!. ژنـە قەتیّ بۆرەقنەکان، بەئازارەوە نووساون و ئەوان و خـۆڵی شـەوی ئـەو نـاوەو گـژوگیای هـەڵپڕووکاو لەیەکتر جوێناکرێنەوە. تـەنیاییان بەدرێـژی تـالای خودایـەو بـەپانیش تـا ئەوپـەڕی قـاقڕی نەجـد و عـەدەنیّ!. ژنـە قـەتیّ بۆرقنـەکان بـە تینویەتیـەوە نووسـاون و مـەمکیان و باینجانـە سیـسەکان، ملیان و قـامیشە بیّ ئاوەکان و بیّ کـەسییان و

[14] پایەرۆڤی: هەوای ئاڵۆز.

بێکەسی یەزدان لەیەکتری جوێناکرێنەوە. لە چاوەڕوانیەکی بێکۆتاییدا لە ڕەزی پاییزە ڕێز[15] ئەچن. یان لە چاوەڕوانی بیابانێ بۆ کەوسەرێ!. ئەم ژنە خەزێمانە بوون بەلووتەوانەی مێژوویەکی تەڵخ داگەڕاوی بێ هەناو. هەمیشە تەماشایان وا لەسەر سەرابەکانی بەرەوخوار. تەنها بەرەوخوار، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ کۆڵە چیلکەکاندا پێکەوە لەئاگرێکدان و پێکییشەوە لە ئاسماندا ئەبنە بەرماڵی دووکەڵێ. ژنە قەتێ بۆرەقنەکان، ئەو شەوانەی مانگ هەڵدێ. لەگەڵێدا ئەکەونە گفتوگۆ

---

(15) پاییزە ڕێز: شەختە لێدراوو سەرمابردو.

## "سەرشانۆ"

مانگ هەڵهاتووە، سێ ژنــە قــەتێش لــەخوارەوە چــاویان تێبرِیـــوەوەک ئـــەوەی چـــاوەڕوانی ئـــەوەبن مـــانگ قسەیەکیان بۆ بکات:

**ژنە قەتێ1 :** ئەی هاودەردی ئاسمان! تۆ لەخواوە نزیکتری، هەواڵێکی تازەی غەریبان؟ مەگــەر تــۆ شــتێک بزانی ئەگینا..

**ژنە قەتێ 2:** ئەگینا نە (با) هیچی پێــوتین و نــە هــەورو نەباڵندەکان

**ژنە قــەتێ 3:** ئێمــە پرپــڕین لــە خــەم و بــەڵام چــۆڵ و هۆڵین لە هەواڵ!.

**مانگ:** ببوورن!، لەوکاتەدا، ئەو چەند شەوە مــن لــەوێ نەبووم و چووبوومە سەفەرێ

**ژنــه قــەتێ** 1: هــەر کەســیانت نــەبینی؟! کــچەکەم؟!
پیاوەکەم؟! دوو خوشکم و سی ئامۆزام و...

**مانگ**: ئەو وەختەی گەڕامەوە لە پاشماوەی غوبارو تەپ
و وتۆزێکی نزم بەولاوە هیچی تـرم نـەبینی
بەڵام هێشتا شڵەژان بەزەوییەوە دیاربوو..

**ژنە قەتێ** 2: ئەی دوای ڕەوینەوەی غوبار؟!

**مانگ**: بەڕۆیـشتنی سـێبەرەکەمدا زانـیم و هەسـتمکرد
بەشێکی ئەو بیابانەی خوارێ هەڵـەت هەڵـەت و
چـاڵ و چـۆڵیەکی زۆری تێکــەوتبوو.. بــەر لــەو
سەفەرەم قەت وانەبوو!

**ژنە قەتێ** 3: وەی ڕۆ!. وەی ڕۆ!

**ژنە قەتێ** 1: هەر هیچ.. هیچت نەبینی؟!

**مانگ**: بەتەواوی نا!

**ژنە قەتێ 2**: دەپێمانبڵێ چۆن؟!

**مانگ**: لە هەندێ سەروو.. دەست و قاچ بەولاوە چیترم نەبینی.. لەوە ئەچوو باش دانەپۆشرابن.. یان زریانی لمین.. خۆڵەکەی لەسەر لابردبن..

**ژنە قەتێ 1**: وەی ڕۆ.. وەی ڕۆ.. وەی ڕۆ!

**ژنە قەتێ 3**: ئاخر دە پێمانبڵێ سەرەکان چۆن بوون؟! قاچەکان چۆن بوون؟.. دەستەکان چۆن بوون؟!

**مانگ**: من سەرو قژێکم بینی.. پرچێکی زەرد زەرد لە تریفەی من جوانتر.. پرچەکە هۆنرابۆوەو خۆیشی هەر ئەتوت ئەوەندە نابێ نوستووە..

**ژنە قەتێ 2**: وەی ڕۆ.. وەی ڕۆ.. بەڵام کچەکەی من پرچی ڕەش و خاوخاو بوو..

**مانگ**: دەستێکیشم بینی.. پڕ لە بازنی شووشەی زەردو
سووربوو ئەتوت لێم ئەپرسی: ئەری بازنەکانم
جوانن؟!.

**ژنە قەتێ 1**: وەی ڕۆ.. وەی ڕۆ.. خۆیەتی ئەگەر
بازنەکان سوورو سپی و زەرد و وسەوز
بووبن.. خۆیەتی ئەوە دەستی ڕاستی
کچەکەم بووە.. وەی ڕۆ.. وەی ڕۆ

**مانگ** نازانم ئەوەی دیم بەو جۆرە بوو.

**ژنە قەتێ 3**: ئەی قاچەکان؟!

**مانگ**: دوو قاچیان بێ پێڵاوو، بەڵام دووقاچی تریان جووتێ
کالەیان تێدا بوو قەیتانەکانی نەبەسترابوون..
هەروەها دوو قاچی تریش بەکڵاشی دۆمییەوە.

**ژنـه قـەتێ 2**: نـا نـا.. ئەوانـە قاچـی مێردەکـەی مـن نەبوون..

**مانگ**: من هەر ئەوەندەم دیوە!

**ژنە قەتێ 1**: ئەی باشە تـۆ لـە خـوای پـەروەردگارەوە نزیکی وەك بزانی ئەو چی لایە؟! ئـەو چـی ئەڵێ؟!.

**مانگ**: نازانم! کێ ئەتوانێ ئەو ببینێ؟! نازانم.

**ژنە قەتێ 3**: ئەی باشە پـەنا بـەرین بـۆلای کـێ؟! نـە هەور هیچمان پێ ئەڵێ و نە باو نە تۆو نـە یەزدان و

**ژنـە قـەتێ 2**: وەی ڕۆ.. وەی ڕۆ.. لـەم تەنیاییـە لـەم بێکەسیە.. وەی ڕۆ!

**ژنه قەتێ 1**: ئەی هاودەردی ئاسمان.. ئـەڵێی ئەتـەوێ
بڕۆی خۆ جارێ زووە. بۆ کوێ؟!

**مانگ**: ببوورن.. سەفەرێکی دورودرێژم لەبـەرەو ئـەبی
برۆم.. من هەر ئەوەنـدە ئـەزانم "مـانگ
ئاوا ئەبێت".

ژنە قەتیەکان بەیەکەوە گۆرانییەکی غەمگین ئەڵێن:

مانگ ترساوە
مانگ گریاوە
مانگ نەهێنی نادرکێنێ
زۆری لایەو کەمی ئەڵێ..
ئەگەر ئەمجارە هاتەوە

**لەم شیوەنە.. هەوریێ ئەکەین بە تکاکار**

**بچێتە لای تا بەسەریا بگری و بگری**

**بەشکوو ئەوسا**

**تۆزێ دڵی نەرم ببێ و**

**شتێکی نوێمان پێبڵێ!**

**کە لە خوێندنەوەی ئەم بەشەی یادداشتەکان بوومەوە. نزیکی بەرە بەیان بوو. ویستم بزانم دەستە خوشکەکانم ئەڵێن چی؟! ئەوانیش هەریەکەو قسەیەکیانکرد.**

**دەفتەرە گچکەکەی ژمارەی تەلەفۆنەکان وتی: ئەمە هەر یادداشت نەبوو چیرۆك و پەخشان و**

پەندو هەموو شتێ بوو، تووڕەکەیەك بوو هەموو ئەوانەی لەناودا بوو. بەڵام شیعری کەمتر تێدابوو.

گوارەکان وتیان: ئیتر ئێمەیش لەگوارەوە ئەبین بەگوێ!.

بازنەکان وتیان: ئێمەیش ئەم تەوقەی خۆمان ئەشکێنین و ئەکرێینەوە!

ماستاراکەیش وتی: ئیتر منیش ئەبم بە نووسەر.

شووشەی بۆنەکەیش وتی: منیش بۆن پرژێنتان ئەکەم و بۆنی ناخۆشتان لێ دوور ئەخەمەوە!.

سوراوی لێوەکەیش وتی: ئیتر منیش خەتی سوور بەژێر هەڵەکانماندا ئەهێنم!

لەدوایيشدا ئاوێنە بچکۆلەکە وتی: منيش پێشتان ئەکەوم!

بۆ ڕۆژی دوایی، سەعات دەی سەر لەبەيانی، وەختێ چووينە دەرەوە، نمەنمە باران ئەباری. چەترەکەمان بۆڵە بۆڵێکی کردوو ئينجا خۆی کردەوە. نەفڵچەی ڕيش تاشين و نە گوێزانەکان لەبەردەرگا نەبوون. شەقامەکان وەك خەم و عەبای ژنان ڕەش ڕەش ئەچوونەوە. لەئاسمانيشدا پەڵە هەورەکان وەك نيازی داکردنێکی بەخوڕيان هەبێت بەيەکدا ئەهاتن و لەزەوی نزيکتر ئەکەوتنەوە. بەلای ڕاستدا وەرگەڕاين و

ڕوومانكردە بەرزاییەكانی سەروە. ئێمە ئەبوو ئەمڕۆ هەموو ئەو ملوانكە و گوارە و بازنانە ببینین، هەموو ئەو ئاوێنە و قەڵەم و وشووشە عەترانە ببینین، هەموو ئەو كراسانە ببینین، كە لە مەچەك و گەردن و گوێ و ڕوخسارو جەستەی ئەم شارە ناڕازین. ئەبوو گردبینەوەو شتێكی تازە بڵێین و شتێكی تازە بكەین. هەموو شتەكان لە كۆبوونەوەوە دروست ئەبن و گەورە ئەبن، هەورەكان كۆئەبنەوەو ئینجا ئەبارن. تۆوەكان كۆئەبنەوەو ئینجا ئەڕسكێن و ئەبنە دەغڵ.

جۆگەلەو ڕووبارەكان كۆئەبنەوەو ئینجا ئەبن بە دەریاچەو زەریا. درەختەكان كۆئەبنەوەو ئینجا

ئەبن بە بێشەڵان و دارستان. شپرزەبووم و بەدەم ڕێوە و لە دڵی خۆمدا ئەموت "بەڕاستی ملوانکە خۆی سەری مورووی خۆی نەخورێنێ کەس نایخورێنێ".

کە پەڕینەوە ئەوبەری شەقامەکە درەختێك هەر لەڕەگەزی خۆمان بەدەممانەوە پێکەنی و وتی: "ئەگەر قاچێکی ترم هەبوایە لەگەڵتاندا ئەهاتم بەڵام چاوەڕوانبن، ئەگەر هیچیشمان پێنەکری ئەتوانین ببینە پاسەوانتان. لێم پرسی. ئەی دەست خوشکە خۆشەویستەکەم!.

بە بۆچوونی تۆ، ئێمە چیبکەین باشە؟!. کەمێك بێدەنگ بوو.

گەلاَکانی لەسەر دەم و چاوی خۆی لابردوو وتی:
بێدەنگ مەبن!، هەر بێدەنگ نەبن، دنیا وەك خۆی نامێنێ!. بارانەکە بەگوڕتر بوو، وەك ئەوەی ئەویش پێمانبڵێ پێویستە ئێوەیش بەخوڕ ببارن!.
لەدەرگایەکی ئاسنی نێرەوە خۆمانکرد بە حەوشەی گەورەی ماڵێکدا. تەماشامان کرد ئاپوورەیەك لە ملوانکە و بازن و گوارەو هەموو شت و مەکە مێینەکان لەوێن و بەپێوە ڕاوەستاون.
ئێمە لە ژوورەوە جێگەمان نەبۆوە، گومانیشمان ئەکرد لەوەی ژووورە نێرینەکان، ڕێگەمان بدەن بچینە ناویانەوە. بۆیە هەر لەبەربارانەکەدا ڕاوەستاین و قسەمانکردوو، لەکۆتاییشدا

ملوانکەکانی تریش هاتنە دەرەوەو، بڕیارماندا، دوو ڕۆژی تر سەعات دەی سەر لەبەیانی، بەخۆمان و دروشم و ئالاو مایکرۆفۆنەوە لەبەردەمی قفڵە گەورەکەی شاردا کۆببینەوە. قەڵەمەکان دروشمەکانیان بەسەردا دابەشکردین. ئەبوو هەر یەکێکیشمان ئەو ڕۆژە دەکەسی تر لەگەل خۆیدا بێنێ. واتە هەر ملوانکەیەك دەملوانکەی ترو، هەر گوارەیەك دە گوارەی ترو، هەر سوراوێکی لێو دەسووراوی لێوی ترو، هەر ئاوێنەیەکیش دە ئاوێنەی ترو بەوجۆرە. لەوەختی تێکەڵاوبوونەدا، لەناو ئاپوورەی ملوانکەکانەدا، گوێم لە هەندێ گفتوگۆیش بوو، بەدڵم نەبوون.

ملوانکەیەکی قەڵەو ئەیوت "ئینجا خۆ لەوانەیە لەسەر ئەم خۆنیشاندانە مێردەکەم تەڵاقم بدات!" ملوانکەیەکی دەم هەراشتریش پێی وت: "ئینجا بابیدات!. تۆ ئەم چەقۆی مێردەت بۆچییە؟!. دەنکەکانت گەورەبوون و لە خەم ڕەخسیون و حەزئەکەی وەرە لای من تا مردن ئەتخەمە سەر چاوم!" ئاو لەسەرتاپای دەنکەکان ئەچۆڕایەوە. بەڵام بارانەکە لەگەڵ ئێمە بوو. درەختەکان لەگەڵ ئێمە بوون. باخچەکان لەگەڵ ئێمە بوون. هەتاو لەگەڵ ئێمە بوو. ئەوانەی لەگەڵ ئێمە نەبوون کەبەلایاندا ئەڕۆیشتین مۆڕەیان لێئەکردین. دەرگای تەکیەکان و مەرقەدەکان و عەباکان و

لەچکەکان و ترازۆکەی دادگا و موحاجەرەکان و مێزەرە پیرەمێردەکان و ڕەنگی ڕەش و کۆمەڵێ پەندی پێشینان بەئاشکرا چەمۆڵەیان لێئەناین. لەگەڕانەوەدا، هەندێ ماڵی لەچك بەسەر. لەدرزی دەرگای حەوشەوە، تەماشایان ئەکردین و لەچکێکیان هەر لەودیو دەرگاکەوە کە ئێمەی بینی، بەدەنگی بەرز وتی: "ئەم هەموو ملوانکە سەر ڕووت و قاچ ڕووت و کراس کورتانە، بەم بارانەیش خۆیان داناپۆشن. ئیتر چۆن غەزەب نابارێ!" دوو سێ دەنکم خەریکبوو وەڵامی بدەنەوە خێرا دەمیانم گرت و پێموتن "وەڵامی کێ ئەدەنەوە. لەچکێك تەمەنی لە هەزار ساڵ

زیاتر بێ و تائیستەیش سێبەری ئەشکەوتی خورافات بێت چی لەگەڵدا ئەوترێت!".

بەرەوخواربووینەوە. گەیشتینەوە لای ئەو درەختەی کە لەو سەر قسەمان لەگەڵ کردبوو، ئەویش سەرتاپای بارانـاوی لێئەچۆڕایەوە، بەدەمانەوە پێکەنی و وتی "چیتانکرد؟" منیش پێموت بەقسەی تۆ ئەکەین و هەرگیز بێدەنگ نابین. تۆ خۆت هەر لەسەر ئەم شەقامە ئەژیت و دوو سبەی چاوت پێئەکەوێ. بەرەو خوارتر بووینەوە. ڕێگەی ناوبازاڕمان گرت بۆ ئەوەی زووتر بگەینەوە ماڵەوە. ئەو دوکانانەی شتومەکی مێینەیان تێدا ئەژیا ئەچووینەوە ژوورەوە بۆ لایان ئەمانچرپاند

بەگوێیاندا و کات و شوێنی خۆپیشاندانەکەمان پێ ئەوتن. من لەناو بازاڕ دروشمێکم بەسنگی خۆمەوە کردبوو لێی نوسرابوو "ئێمە ئەو ولاتەمان ناوێت کە خۆی لەسەر نێر تاپۆ کردبێت!" هەندێ لەشتومەك و کەلوپەلە نێرینەکان کە ئەو دروشمەیان ئەبینی دەم و چاویان ئەدا بەیەکدا و ئەکەوتنە بۆڵە بۆڵ، بەلام هەندێکی تریان ئەگەرچی بەژمارە لەوانیدی کەمتر بوون بەدەممانەوە پێئەکەنین و لێم نزیك ئەکەوتنەوە و پشتگیری خۆیان بۆ دەر ئەبڕین. لە گوزەرێکدا، شێرێکی ژەنگاوی ڕیش درێژمان بینی، کە دروشمەکەی خوێندەوە.

ئیـستێکی کـردوو، دەسـتێکی شـپرزەی بەڕیـشیا هێنـاو بەڕووخـسارێکی ترشـاوەوە ڕوویتێکـردم و وتی: "مەملەکەتێ ملوانکە بیبات بـەڕێوە بەشـی هــەر پــچڕانەوەیە!" دەنکــێکم گەیــشتەتینی و وبەدەنگی بەرز وەڵامـی دایـەوە" ئـەم ڕیـشەی تـۆ لەهەناوی ئەم پەتانەی ئێمەوە هاتۆتە دەرێ. خۆزیا وەجاخمان کوێر بوایە بۆ ئەوەی نێرە شێرو شمـشێری وەکوو ئێوەمـان لێنەکەوتایەتەوە.

گەیشتینە بەردەم دەروازە گەورەکەی زانکۆ. کـۆترە شــینکەیەکی موحەجەبــەم بینــی، کــە لێــی وردبوومـەوە ناسـیاویش دەرچـوو، پێمـوت "ئـاخر کۆترە شینکەو حیجـاب!" کـەمێ تەریق بۆوەو

وتی: "بەڵام هەموو کۆترە موحەجەبەکان نەیەك هێلانـەیان هەیـەو نەیـەك ئاسمـان. یەکـەم: حیجابەکەی مـن لـە تـوخمی ئـەو حیجابانـە نییـە عـەقڵ داپۆشـن و تـاریکی بکـەن، دووەمـیش تـۆ نابـێ بڕوانیتـە ڕواڵـەت. ئەگـەر دوا وتـاری منـت خوێندبێتـەوە کـە بـەناوی "ئەسـتێرە"وە لـە ڕۆژنامـەی "ئاسمـان"دا بڵاوکراوەتەوە، ئەوسـا ئـەزانیت ئـەم حیجابـە ئێـسکم قـورس ناکـات!، لەگەڵ ئەوەیشدا کێ ئەڵێ سـبەینێ فڕێـی نـادەم!. بەڵام یەکێك لەدەنکـەکانم کـە تـا ئـەو کاتـە هـیچ قـسەیەکی نـەکردبوو، وەڵامـی کـۆترە شـینکەکە ڕازینەکرد.

بۆیە وتی "ببوورە! هەر حیجابێ ڕێگەی لە باو خۆرەتاو گرت هەر حیجابە، تکایە ئەو قژە جوانە ئازادکە!" بارانەکە بەرەو خۆشکردنەوە ئەچوو. وەك سەرەتای هاتنە دەرەوە لەماڵ، کردیەوە بە نمەنم و لەڕۆژهەلاّتیشەوە دەلاقەیەکی ئاسمان وەك دوو دەریەکی شین ئەبریسکایەوە چەترەکە وتی "شەستە باران هیلاکی کردم، مەگەر ئیستا پشوویەك بدەم" لەماڵەوە نزیك کەوتینەوەو لەسیلەی کۆلانەکەماندا کیژۆڵەیەکمان بینی ئەتوت چۆلەکەی تەڕە بۆ فرۆشتنیش دوو سێ چەپك نێرگزی گرتبوو بە بەر سنگیەوە. خانمەکەم دوو چەپکی لێکڕی وماچێکیشی کرد.

گەیشتینەوە بەر دەرگایماڵەوە. دەرگایەکی ناوچەوان گرژ. کە خۆمان کرد بە ژووردا، فلّچەی ریش تاشین لە دالانەکەدا راوەستابوو. رۆژنامەیەکی بەدەستەوەبوو تەماشای ئەکرد رۆژنامەکەیش ناوی "ئەسپی رەسەن" بوو ئێمەی بەرەگەز مایینیش هەموومان پێکەوە دەستمان کرد بە پێکەنین!.

۞

رۆژ لەدوای رۆژ پڕ ئەبووین لە رووناکیی. لە رۆژی خۆنیشاندانەکەوە، بڕوامان بە دەنگی خۆمان زیاتر بوو. هەستمان بەهێزێکی نادیار ئەکرد کە لەناوەوەی هەر یەکێکماندا وەك پەلوپۆی درەختێ

خەریکی تەنینەوەیە. لە هەر شوێنێکەوە ترس دەرکەوتایە بەرەورووی ئەبووینەوە. وەکوو جاران خۆمان لە کەنتورو گیرفانی پاڵتۆو سوچە تاریکەکاندا نەئەشاردەوە. ملوانکە سپیە چاو ڕەشەکە زوو زوو سەردانی ئەکردین. وەختێ ئەو قسەی ئەکرد هەموو جەستەمان ئەبوو بە گوێ. عەقڵێکی گەورەو دەم و پلێکی پاراوی پێوەبوو. ژنە ملوانکەیەکی ئازابوو. کەم ملوانکە هەبوو ئەوەندەی ئەو زانیاری دەربارەی مێژووی مێ و دنیای مێ و نەهامەتیەکانی هەبێ. بە سەعات قسەی بۆ ئەکردین و ماندوو نەئەبوو. ئەوەی ڕاستیبێ ئەم ملوانکە سپیە چاوڕەشە بووە هۆی

ئـەوەی چـاکتر خۆمـان و دەوروبـەر بناسـین. ئـەم ملوانکـە سـپیکەلە چاوڕەشـە. هـەموو جـارێ ڕستەیەکی هەبوو دووبـارەی ئـەکردەوە. "دنیـا لـە زۆر شوێن گەڕاوەتەوە بۆ دواوە ئەویش بەهۆی ئـەو پەتایانەوە کە لە ڕێـی باڵنـدە نێـرە ڕەشـە گۆشـت خۆرەکـانی نیمـچە دوورگـەی ئـەو خـوارەوە بلاوبوونەتـەوە. هـەتا منـارەو شـەقام لەیـەکتر جوێنەکرێنەوە هیچ گۆڕانێك بەسەر دنیای ئێمـەدا نایەت"

من ئیستا پڕبووم لە باران
ئەڵێی گۆمی بەر سایەقەم.

من ئیستا پڕبووم له پرشنگ

ئه‌ڵێی هه‌یوانی ئه‌ستێره‌م

شه‌رمم له‌گۆمدا خنکان و

ترسم دایه ده‌ست پرشنگ و

جه‌سته‌م هێنایه‌وه لای خۆم.

من ئیستا پڕبووم له‌کۆتر

ئه‌ڵێی نۆته‌کانی گمه‌م

من ئیستا پڕبووم له مناڵ

ئه‌ڵێی زه‌رده‌خه‌نه‌ی بێشکه‌م.

به‌و بارانه‌وه من ئه‌ڕۆم

بۆلای کێڵگه‌کانی ژنان.

به‌ته‌ندووره‌ی پرشنگه‌وه

ئەچم بۆلای شەوی ژنان.
کۆتر بەسەر، کۆتر بەشان
ئەچم بۆلای منداڵان و
گمە ئەکەم بە جەژنانەو
گۆرانیی ئەکەم بە نوقڵ و
شیعریش ئەدەم لە بەرۆکیان!

چەند مانگێ تێپەڕی. ملوانکە ژنێکی زۆر. لەدەوری چرای تازە کۆبوونەوە. دەنکی ئەو ملوانکانە بوونە هەنگ و پووره هەنگێکیان دروستکرد ئاپوورەی نە ئەڕەویەوە.

من هەفتەی جارێ بەسەردان ئەچووم بۆلای ملوانکە هەژارەکانی ئەو گەڕەکە بێوەژنانەی خوارووی شار، ئەو گەڕەکانەی تروسکەیەك چییە لەچاوی دەنکەکانیاندا نەبوو. ئەوملوانکانە هەرهەموویان پەتەکانیان قرچۆك و نەخۆش و هەندێکیان هەر داوە دەزوویەکیان بە لەشەوە مابوو. بەلاّم ئەوەی جێی داخە لەو گەڕەکە بەدبەختانەدا، ملوانکەی لەچك بەسەر زۆرن. ڕۆژێکیان لە ملوانکەیەکی بێ لەچکم پرسی: ئەمە بۆچی وایە؟! لەوەلاّمدا وتی: مەسەلەکە هیچ پەیوەندییەکی دورونزیکی بەخوای ملوانکەو ئایینی ملوانکەوە نییە!. کێ ئەو ملوانکانە بلاوێنێتەوە.

تێریان بکـات، دەسـتیان بەسـەردا بێنـێ و پـەتی تازەیان پێشکەش بکات و پاکیان بکاتەوە. ئـەوان ئـیتر لەگەڵیـدا ئـەبن. هـەروەها وتـی: شمـشێرە ڕیـشنەکان بـۆ ئـەوەی ڕێگـە لـە قەڵـەمی هـەتاو بگـرن، بـۆ ئـەوەی نـەهێڵن باڵنـدە جوانـەکانی ئاسمـانی ئـازاد زۆرتـربن. هـەر ملوانەیـەك لەچـك بکات، ئەمان مـانگانە سکی خاڵی و پێـی پـەتی و لەشی ڕووت و ڕەجاڵی ئەوان بەسەر ئەکەنەوە. چـەند مـانگێك تێپەڕی. ڕۆژانی هەینی هەموو هەفتەیـەك. شیرێ یـان شمـشێرێ یـان ڕمێکـی ڕیـشن. ئەچـوونە سەرشـانی مێزەرێـك و هـەرجارەی شـتێکیان ڕەجـم ئـــەکــرد. هەفتەیەك پــــاووپووزو دەم و لێوو،

هەفتەیەك مەمك و سمت و کەفەڵ و هەفتەیەکی تر گۆرانییەکان و فیلم و شیعر و، ئەم جوومعەیەش، یەکێکیان کە لە تەیرەن ئەبابیلەیەکی ئاسمانی نیمچە دوورگەی عەرەب ئەچوو. فەتوای بۆ کەڵەشێرێکی شاعیر دەرکرد و ڕەجمی واجیب کرد. چونکە لەشەودا خوێندبووی چونکە ڕیقنەی بەسەر حیجابەکاندا کردبوو. چونکە بە ئاشکراو لەبەرچاوی دنیاو بەرۆژی نیوەڕۆ و لەناوەڕاستی ڕۆژوودا بەسەر دووسێ مریشکدا تسیبوو!.

ئەمڕۆ خانم یەك لەدوای یەك لەگەڵ کڵاوو جامانەو شەرواڵ و ستراخانی و پشتوێن و قامچی و پۆستاڵە نێرینەکانی ماڵی خۆماندا بەشەڕهات. کە هاتن لەبەریان هەڵنەسا. ئەوان ئەیانویست سوێند بە سەری ئەوان بخوات. هەرچیەکیان وت ئەم دەنگ نەکات. بۆ نموونە ئەگەر کڵاوەکە خۆیکردە سەری ئاوێنەی ژوورەکەی، ئەم بڵێ: بەڕاستی جوانە!.

ئەگەر جامانەکەیش خۆی لەسەری بۆفیەکەوە پێچا. ئەم بڵێ بەڕاستی جوانە. ئەگەر جامانەکە خۆیکردەوەو وتی من ئەبم بە پەردەی پەنجەرەکەت. ئەم بڵێ، ئەبێ وابێ. ئەگەر پشتێنەکە وتی من ئەم

گۆرانییــه بــه کافرئــەزانم و ئــەیخنکێنم، ئەگــەر شــەڕواڵەکە وتــی مــن خــۆم ئەکەمــه بــەری قەرەوێڵەکـەت، ئەگـەر قۆپـچەکانی سـتارخانیەکە وتیـان ئێمـه ئـەبین بـه دەنکـه ملوانکـەی ملـی ژوورەکەت. ئەبی ئەم هەر بڵێ باشەو ڕاستەو وایـە. بەڵام ئەمڕۆ خانم بەدرێژیی و بـەپانی و بـه بـەرزی ژوورەکەی هاواریکرد: نا!

ملوانکـه گـۆڕڕاوەو، ئـەوەی ملـی جـاران نییـە. ملوانکه گۆڕاوە. ئەو دەنکه شەرمـنانەی که ئەوسا لەئاست هەڕەشەو گوڕەشەی سمێڵێکدا، لەئاست

ڕەنگی تەڵخ و تووڕەو غـەزەبی هـەموو شـت و مەکـە نێرینەکانـدا، چـاویان بـۆ بـەرز نـە ئەکرایـەوەو بـێ دەسەڵات و ئەیانویست ئەرز قوتیان بدات. ئەو دەنکە شـەرمـنانەی کـەجاران لەبـەردەم فلـچەکاندا لەترسـا ئـەبوون بـە کـەف!. لەئاسـت کێردەکانـدا ئـەبوون بـە نێچیرێکی مت لەبەردەم گوێزانەکاندا ئەبوون بە پەڕۆو لەبەردەم قامچیەکاندا ئەبوون بە کەروێـشکی تۆقیـو. ئەو دەنکە شەرمـنانەی چەخماخەی پرسیاریان تیا کوژا بۆوە. خەونیان تیا مردبوو. ئەو مێیانـەی تـەواو تـەواو دەســـتەمۆی کـــڕی و بێـــدەنگیی بووبـــوون. ئێـــستا لەناویاندا گڤـەگڤی یاخیبوونـێ پەیـدا بـووە لـە هـەر چوار لاوە ئەڵێن: نا!.

۞

ئەمرۆ ملوانکە سپیە چاوڕەشەکە هات بۆلامان. لەخۆشیاندا ئەبریقایەوە، چونکە خۆپیشاندانەکەی ئەو ڕۆژەمان دەنگی دابۆوەو هەواڵی ئەم ڕاپەڕینە چووبووە هەموو ماڵە ملوانکەیەکی شارەوە. هەموو لە دەوری کۆبووبووینەوە. ئەویش بەردەوام قسەی بۆ ئەکردین. لەدواییدا چووە سەر باسێکی تازە و وتی: ئێمە لەماڵەوەو لە ژوورەکەی خۆماندا و لەناو خۆماندا تیپێکی شانۆییمان دروستکردووەو ناوبەناو شانۆگەرییەك نمایش ئەکەین. دوا شانۆ نامەمان بەناوی "پرچ"ەوە بوو، دەقەکە لەنووسینی سووراوی لێوەکە بوو، من خۆیشم دەرمهێنابوو. من پێمباشە ئێوەیش هەروا بکەن.

لەدڵی خۆمدا وتم: "چەندبیرێکی جوانە". بۆ شەوێ دوای ئەوەی خانم نووست هەمووماں لەبەردەمی ئاوێنە گەورەکەدا کۆبووینەوە. هەر هەموو، بەدووروەگەکانیشەوە وەکوو مقەست و مووکێش و لاستیکی خەت کوژانەوەو هەندێ شت و مەکی تریش کە قەت لەوەو پێش لەگەڵیاندا دانەنیشتبووین. لەپێشدا من قسەم بۆ کردن، ئەوەم بۆ ڕوونکردنەوە مەبەست لە پێکهێنانی ئەم تیپە چییە و بۆچی؟!. لەدواییدا قەڵەمی برۆکەو ئاوێنە بچکۆلەکەیش قسەیانکرد. لەکۆتاییدا بڕیارماندا تیپێکی شانۆیی بەناوی "تیپی مووڕووی نوێ"وە دروستبکەین، قەڵەمەکەیش بەڵێنی پێداین کە تا دوو هەفتەی تر دەقێکمان بۆ ئامادەبکات.

ئەی سۆمای چاوم! ببــوورە تــۆ بــۆ ئــەوە لــەناو ســەری مـنـدا بـووی تـا تەماشـام لـە نـەزانین هەڵنـەنووتێ و بتـــوانم بـــڕۆم و بگـــەڕێم و بخوێنمـــەوە و بنووســـم و ڕەنگەکان لەیەکتری جویێ بکەمەوەو. هزرم ئازاد بکـەم و هەمیـــشە ڕوو لـــە ئاینـــدەبم بـــەڵام ببـــوورە مـــن ماوەیەکی دوورودرێژ بـوو دەرکـم بـە جـوانی و بـەهای گـەورەی تـۆ نـەکردبوو. هەڵـەی مـن بـوو، کـوێرایيم داهێنابووی!. هەڵەی من بوو، نرخـی تـۆم نەئـەزانی و تەماشام دەسخەڕۆکردبوو، ئەو ڕووناکیە جوانـەی تـۆم بە جەهلی خۆم کوژاندبۆوە.

ئەی سۆمای چاو!، ببـوورە لـێم، ئـەو پرشـنگانەی تـۆم بــە فــیرۆدا، نەمئــەزانی چــۆن چــۆنی ئــەو تیشکانەی تۆ بۆ ئازادیم بەکاربێنم.

ببووره لێم تۆ ئەو پەنجەرەیە بوویت کە مـن بەدەسـتی خۆم پەردەپۆشم کردبوویـت. هیـچم نـە ئـەبینی. ئـەی جەستەم ببوورەلێم. ئەی گوێچکەکانم ببوورن لێم. ئەی دەسـتەکانم و ئـەی قاچـەکانم و ئـەی یـەك بەیـەکی جومگەکانم و ئەی دڵ و دەروون و ناخم! ببـوورن لـێم مـن وزەو ئـارەزوو خۆشەویـستیی دەنـگ و ڕەنـگ و بـۆنی ئێـوەم بـۆ ماوەیـەکی دورو درێـژ بەهـەدەرداو. سـست و پەسـتم کـردن. سـڕمکردن. درەنـگ زۆر درەنگ جوانی و ڕاستی ئێـوەم دۆزیـەوە. درەنـگ زۆر درەنگ هەست و نەسـت و بیرکردنـەوەی ڕاسـتەقینەی خۆم لەژێر چنگی خورافات دەرهێناو ئەگەر وانەبوایـە ئیستا من لە شوێنێکی تر ئەبووم!

تیپی شانۆی "مووررووی نوێ" یەکەم چالاکی خۆی بەدەقی "نێچیر" دەستپێکرد کە لە نووسینی "ماسکارا"و دەرهێنانی "ئاوێنە" بوو. یەکەم ئێوارەی نمایشتەکە، بەردەمی هۆڵی مووررووی نوێ کە ئەکەوێتە گۆڕەپانی ئاوێنە گەورەکەوە. جمەی ئەهات. بانگکردن بۆ هەمووان بوو.

دەفتەرە گچکەکەی ژمارەی تەلەفۆنەکان، لەبەردەمی هۆڵەکەدا ڕاوەستابوو. بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی هاتنە ژوورەوەی خەڵکەکە بکات. بەرلەوەی شانۆگەریەکە دەست پێبکات ژاوەژاوێك لەناو هۆڵەکەدا هەبوو ئەو موستیلەو گوارەو ملوانکانەی کە لە دەمێ ساڵەوە دەرەوەی

ژوورەکـەیان نـەدیبوو. هەندێکیـشیان بـە تـەواوی پـەکیان کـەوتبوو، ژەنگـی عـومر لێیـدابوون، ددانیان کەوتبوو. قژیان مووی ڕەشی تیانـەمابوو. ئەوانیش هاتبوون.

دوو سـێ ملوانکـەی پیرێـژن وەختـێ هاتنـە نـاو هۆڵەکەوە بـۆ ئـەوەی نەکـەون قۆڵیـان کردبـوو بـە قۆڵی یەکتردا. خۆشترین شت ئەوە بـوو لـەناو ئـەم ملوانکانەدا لەناو ئەو هـەموو گـوارەو موسـتیلەو بازن و گوڵی سەرو قەڵەمی بـرۆو سـووراوی لێـوو شووشە عەتر و بۆدرەو متو مووروانەدا یەك لەچك بەسەری تێدا نـەبوو!. لەسـەعات شەشـدا بـەکاتی هاوینە. پەردەی شانۆ کرایەوە. ئەوەی شایەنی باسە

هەر هەندێ لەکچەکان خۆیـان دەوری کوڕەکانیـان ئەبینی چونکە لە ومەملەکەتەی ئەوانـدا نێرینـەی تیانەبوو!.

### سەرشانۆ

چەپکێ ڕووناکیی زەردباو ئەکەوێتە سەردەم و چـاوی کوڕێکی کەڵەگەت.

**کوڕ:** ئازیزینە! بەخێرهاتن بۆ بینینـی شـانۆنامەی "نێـچیر" کـە یەکـەمین بەرهـەمی تیپـی شـانۆیی "مـووروویی نوێ"یە. من دەرهێنەری ئەم دەقەم. نووسەری ئـەم دەقەیش بـەر لەسـاڵێك هـەر لەسـەر ئـەو شـەقامە گشتییەی کە ئەکەوێتە پشت ئەم هۆڵەوە –دیارە

ئیستە ئێوە چاوەڕوانی ئەوەن، یان وا مەزەندە ئەکەن من پێتانبڵێم لەسەر ئەو شەقامە کوژرا یان ڕفێنرا یان ئۆتومبیلێـک لێیـدا — بـەڵام نـا، لـەکۆڵانێکی ئـەو شەقامەدا، لەئێوارەیەکی پـاییزدا کـچە ملوانکەیـەکی جوان و خوێن شیرینی بینی، لەبەردەمی دەرگای مـاڵی خۆیاندا ئەگریا.

"بەر دەرگای ماڵەکە"

**نووسـەرەکە**: "ئەچێتە لای کـچەکەوە" ببـوورە! ئـەتوانم بزانم بۆچی ئەگریت؟!

**کچ**: هیچ!.

**نووســەرەکە**: حــەز ئەکــەم یارمــەتیت بــدەم.. بــۆ ئەگریت؟!

**کچ**: تۆ ناتوانی یارمەتیم بدەیت!

**نووســـەرەکە**: هەوڵئـــەدەم.. بەڕاســـتی هەوڵئـــەدەم یارمـــەتیت بـــدەم.. چـــی بـــووە؟! بـــۆ ئەگریت؟!

**کچ**: چونکە "پێکەنین" دارکاری کردووم!. نێرە پێکـەنین پێکەنینی باوک!

**نووسەرەکە**: چۆن؟! پێکەنین.. چۆن؟!

**کـچ**: ئەی بەشی هەرە زۆری "پێکەنین" لەم وڵاتەدا نێـر نین و بەشی هەرە زۆری گریان"یش مێ؟!

**نووســەرەکە**: "تــۆزێ ڕائــەمێنێ" ئێــستا زانــیم بۆچــی ئەگریت!

**کچ**: "سەری هەڵئەبڕێ" چی ئەزانی؟! چۆن؟!

**نووسەرەکە**: لەبەر ئەوەی لەماڵەوە کتێبێکیان بەدەستەوە دیویت و لێیان داویت!

**کچ**: "بەسەر سورِمانەوە" سەیرە! زۆر سەیرە تۆ چـۆن ئەمەت زانی؟!

**نووسـەرەکە**: نـاوی کتێبەکـەیش "ژن و سـێکس"ەو نووسەرەکەیشی نـاوی "ئـالان بووبـان"ە وانییە؟!

**کچ**: رِێک وایە! بەلاّم ئاخر تۆ چۆن ئەمەت زانی؟!

**نووسـەرەکە**: زۆر ئاسـانە.. چـونکە مـن نووسـەری ئـەو کتێبەم و ئەو رِستەیەی کەوتیشت "بەشی هەرە زۆری پێکەنین لم ولاّتەدا نێرن و...

"ئەویش ڕێك ڕستەیەكی منە لـەناو ئـەو
كتێبەدا... تێگەیشتی چۆن زانیم؟.

**كـچ**: ئـای خوایـە! بەڕاسـت تـۆ ئـەویت؟! "ئـالان
بووبان"یت؟. چەند ڕێكەوتێكی سەیرە!.. هەموو
خەفەتێكی خۆم بیرچۆوە.

**نووسەرەكە**: ببورە من لێشم نەپرسیت ناوت چییە.

**كچ**: ناوم "یاقووت"ە، یاقووت سوارە!.

**نووسـەرەكە**: یاقووت گیان بچۆرەوە ماڵەوە. بـەڵام حـەز
ئەكـەم یـەكتری ببیـنین. مـن زوو زوو
سەردانی تیپی شانۆی "ساماڵ" ئەكـەم..
خۆ ئەزانی كەوتۆتە كوێوە؟!

**كچ**: ئەی چۆن؟!

**نووسەرەکە**: ئەتوانین لەوێ یەکتری ببینین!.

-تاریکیی —

چەپکە تیشکە زەرد باوەکە ئەچێتەوە سەر دەرهێنەری شانۆ نامەکە: بەو جۆرە وەک بینیتان "ئالان بووبان"ی نووسەری ئەم دەقەو "یاقووت" یەکتریان ناسی و چەند جارێکیش لە تیپی شانۆی سامالّ پێکەوە دانیشتن.

لە یەکێک لەو دیدەنیانەدا:

"ئالان، یاقووت، کچە ئەکتەرێکی تیپی سامالّ لە ژوورێکدا دانیشتوون"

**ئالان**: - ڕووی لە یاقووت-ە.. دوودانەم لە کتێبێکی زۆر خۆشەویست لابوو. حەزمکرد دانەیەکیان بەدیاری بدەم بە تۆ.. کتێبێکی دەگمەنە.. نازانم هەتە یان نا؟!

**یاقووت**: کام کتێب؟!

**ئـــالان**: کتێبەکـــەی شـــەهید عەبـــدولخالق مـــەعروف "ئافرەت لەکۆمەڵی کوردەواری"دا..

**یـــاقووت**: بەڕاســـت؟! دەمێکـــە عـــەودالێم. بەڕاســـتی دیارییەکی بەنرخە.. زۆر زۆر سووپاس

**ئالان**: "کتێبەکەی ئەداتێ"

**کـچە ئەکتـەر**: یـاقووت! لـەدوای ئـەوەی خوێندتـەوە.. بیدە بەمنیش!

**یاقووت**: بەچاوان.

**ئـالان**: لەڕاسـتیدا، تـیرۆر و تیرۆکـردن، لـە بنەڕەتـدا سەرمایەی ترسنۆکەکانن، ئەوانەی لە حەقیقەتەکان ئەترسن و ناوێرن ڕووبەڕوویان ببنەوە.

تۆ ئەمکوژی بۆ ئەوەی بێـدەنگم بکـەیت، چـونکە ئەزانیت لە دەنگکردنی مندا یەک حەقیقەت نییە بەڵکو کۆمەڵێ ڕاستی هەیە کە هەندێکی لای منـە و هەنـدێکی تـر لای تـۆو ئەوانیـدی. بـەڵام تـۆ وائەزانی هەموو ڕاستیەکان هـەر لای تـۆن. بۆیـە ژیانم لێ ئەسێنیتەوە.

**کچە ئەکتەر:** ئەمە ڕاستە. سـەیر ئەوەیـە هـەموو ئـەو پەیامانـــەی وەک دوا حەقیقــەت خۆیــان بەئێمــــە ناســـاندووە. واتـــە ئـــیتر پرسیارمەکە. کە پرسیاریش نەما ژیان لە ئاوێکی ڕاوەستاو بەولاوە چیتر نییە!.

**یـاقووت**: تا ئیسته هـیچ تیرۆرکردنـێ کۆتـایی بـه هـیچ بیروبـاوه‌ڕێ نـه‌هێناوه — ببـوورن مـن ئـه‌بێ بـــڕۆم — ڕوو ئه‌کاتـــه ئـــالان- له‌ماڵـــه‌وه گوشـارێکی زۆریـان خـستۆته سـه‌رم. دوایـی بۆت باس ئه‌که‌م.

-تاریکیی-

"چه‌پکه تیشکه‌که ئه‌که‌وێته‌وه سه‌ر ده‌رهێنه‌ر"

**ده‌رهێنـه‌ر**: بینین لـه‌دوای بیـنین نێـوانی ئـالان و یـاقووت خۆشـــتر ئـــه‌بوو. باشـــتریش له‌یـــه‌کتر ئه‌گه‌یـــشتن. ئه‌گه‌رچـــی ئـــالان ده ســـاڵێ له‌یاقووت گه‌وره‌تربوو، به‌ڵام ئه‌مه نه‌بووبووه گرفتێك بۆ خۆشه‌ویستی هه‌ردوولایان.

دڵــداری نێوانیــان ئاشــکرابووبوو. ســوارەی
باوکی یــاقووت لــەدەمارگیره کۆنخوازەکــان
بــوو. ڕۆژێــك بــاوکی لەماڵــەوە یــاقووتی
بانگکردو پێی وت:

-شانۆ، ماڵی یاقووت-

**ســوارە**: هــەمووومان، هەمووکــەس و کــار. وای بــەباش
ئەزانین بتدەین بە ڕێبواری برازام لەڕاستیـشدا
تۆ هەر لەسەر بێشکەوە بۆ ئەو دانراوی!

**یاقووت**: "پێئەکەنی" ئەی بـۆ لـەناو سـکەوە نـەبوو؟!.
ئەوەی ئێوە بـە باشـی ئـەزانن مـن بـەخراپی
ئەزانم. من ناتوانم ببم بە ژنـی پیـاوێ خۆشـم
نەوێ.

**سواره:** ئەبێ بیکەیت!.

**یاقووت:** هەرگیز نایکەم. بۆ من نێچیری ئێوەم؟!

**سواره:** بەڵێ نێچیری و ئەوەیە چارەنووست!

**یاقووت:** نا، نا هەرگیز!

چەپکە ڕووناکیی ئەکەوێتەوە سەر دەرهێنەر.

وەك دیتان، یاقووت لەبەردەم گوشارێکی گەورەدابوو. کە ئالان زانی کارگەیشتۆتە ئەو ئاستە. ئەمیش ناردیە خوازبێنی. بەڵام زۆر خراپ دەستیان نا بەڕوویانەوە. تەنانەت هەڕەشەی ئەوەشیان لێکردن جارێکی تر نەیەنەوە بەماڵیاندا. بەمجۆرە یاقووت تەنها دوو ڕێگەی لەبەردەمدا بوو یان ڕازیبوون یان یاخیبوون.

-تاریکیی-

چـەپکە تیـشکەکە ئەکەوێتـە سـەر شـەقامێکی گـشتی
یاقووت و کچە ئەکتەرەکە پێکەوە وەستاون قسە ئەکەن

**کچە ئەکتەرەکە :** ئێ دوایی؟!

**یـــاقووت:** بــەوجۆرە مـــن ئێـــستە تـــەنها ڕێیـــەکم لەبەردەمدایەو نابێ بەدوو.

**کچە ئەکتەر:** چییە؟ چۆن؟!

**یـــاقووت:** (نـــا) یــە بــۆ ماڵــەوەو هەمووکــەس و کــارو "بەڵێ"یش بۆ دڵ و عەقڵ و جەستەی خۆم!

-تاریکیی-

ڕووناکیی ئەچێتەوە سەر دەرهێنەر:

یاقووت لەئازادیی جوێ نەبۆوە. بڕیاری چارەنووس لای خۆی بوو. بۆیە ماڵی بەجێهێشت و لەئاهەنگێکی بچکۆلەدا هەر

لەشـوێنی تیپـی شـانۆی "سـامالٚ" لەگـەل "ئـالان"دا بەهاوسـەربوونی خۆیـان ڕاگەیانـد. بـەلاّم هەڕەشـەو گوڕەشەی کەسوکاری یاقووت نەڕەویبۆوە.

هەمیشە ترسێك وەك تارمـایی بەدوایانـەوە بـوو. ڕۆژ هات و چوو، یاقووت بـوو بـە یـەکێ لـە کـچە ئەکتـەرە دیارەکانی تیپی شانۆی سامالٚ و "ئـالان"یـش چـەندین دەقی تـازەی نووسـی. لـەماوەی ئـەو سـاڵەدا ڕوداوێـك ڕویداو هەموو شـاری هـەژان. سـەر لەئێوارەیـەك لـەو گەڕەکەی ئەکەوێتە پشت ئەم شانۆیەوە، کەس و کـاری یـاقووت تەقـەیان لـە یـاقووت و ئـالان کـرد بـەلاّم خۆشبەختانە هەردووکیان لە مردن ڕزگاریان بـوو، تـەنها یاقووت بەسووکی ڕانی ڕاستی بریندا بووبوو.

بینەرانی خۆشەویت: ئێمە ئیستا لە کۆتـایی شـانۆنامەکەمان نزیک بووینەتەوە. بەڵام دیمەنێکی چاوەڕوان نەکراو، کەوتـە ناو شانۆگەریەکەوە کە نەمن و نـە نووسـەری دەقەکـەیش بیرمان لێنەکردبۆوە. دڵنیابن هەمووتان بەبینینی ئەم دیمەنە دڵتان خۆش ئەبێ. فەرموون ئەوە یاقووت و ئـالان و یەکـەم نۆبەرەیـشیان کـە کـچەو ناویـشی "مـوورووو"ە -ئـالان و یاقووت و مووروویش بەباوەشـی دایکیـەوە دێنـە سـەر شانۆ. ئەبێتە چەپڵە ڕێزان و پەردە دائەدرێتەوە.

-کۆتایی-

بـۆ شـەوی دوایـیش دیـسانەوە جـارێکی تـر شـانۆنامەکەمان نمایـشکردەوە. ئـەمجارەیان ئـەو ملوانکـە و گوارەو بـــازن و ئەموستیلەو شت و

مەکانــەی کــە شــەوی ڕابــوردوو فریــای بینینــی نەکەوتبوون. هاتبوون. لە چەپڵەڕێزانی کۆتاییشدا خانمەکەمـان خەبەری بۆوە بەڵام ئەوەندە مانـدووبوو هەر زووخەوی لێکەوتەوە!

"نــا"ی میینــەی یــاخیبوو، ئــەمجارەیان ئێجگــار تــووڕەو شــپرزە گەیــشتە ژوورەکــەی ئێمــەیش. ملوانکــە ســپییە چاوڕەشــەکە ئــەویش بــێ ئــارام خــۆیکرد بــە ماڵــدا هــەموو شــتێ لــە حاڵــەتی هەڵــچوون و شــڵەژاندا بــوو. ئــەو بەیانییــە خــانم جانتاکــەی ئامــادەکردبوو مــن و دووگــوارەو دوو موستیلـەو ڕستێ بـــــــازن و ئاوێنە بچکۆلەکەو

قەڵەمی برۆو هەندێ کتێب و شتی تری هەڵبژاردبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بمانبات. پێئەچوو دوا بڕیاری بێ و جارێکی دی نەیەوێ ئەم ماڵەو ئەم ژوورە ببینێتەوە. نەیەوێ ئیتر لەژێر سایەی فلچەی ڕیش تاشین و قامچی و گوێزانە نیرینەکاندا بژی. سەیر ئەوەیە خانم بەبێ ئەوەی شانۆنامەکەی ئێمەی بینیبێ یان یاقووت بناسی، وائیستە بەڕاستی خۆی بووە بە یاقووت. ئێمە هەستمانکرد. شانۆنامەکەمان، هەر ئەوە نەبوو لەسەر شانۆ نمایشکراو بەس. بەڵکوو وا خەریکە هەر بەڕاستی ڕوویدات. لەسەر شانۆوە بۆ ناو ژیان خۆی، لەگفتارەوە بۆ کردار. لە دەوری ئەکتەرەوە، بۆ

دەوری ڕاســـتەقینەو زینـــدووی میینـــە خـــۆی. لـــە یاخیبوونی ناو دەقێکەوە، بۆ یاخیبوونی نـاو کۆمـەڵ خـۆی. لەخەیاڵـەوە بـۆ واقیـع، ئەگەرچـی (نـا) کـەی یاقووت لەسەر شانۆ وەك نواندن ڕێچکە شکێنی بوو. بەڵام وا ئیستا (نا) کەی خانم (نا)ی گۆشت و خـوێن و ئێسقان خویـەتی. بـەڵام مـن ترسـێك دایگرتبـووم. ترسێکی گەورە لـەو سـاتە بـەدواوە دڵـی ئەگوشـیم و پرسیارێك لـە شـێوەی مۆتەکەیەکـدا سـواری سـنگم ئەبوو: تـۆ بڵێـی خـانم و دڵدارەکەیـشی وەك ئـالان و یــاقووتی نــاو شــانۆنامەکە ڕۆژێ لــەڕۆژان تەقــەیان لێبکـرێ؟! یـان هـەمان کۆتـایی ببینینـەوەو ئـەمجارە لەسەر شانۆی ژیان خۆی خـانم و دڵدارەکـەی و یەکـەم نۆوبەرەیان باوەش بەئازادیدا بکەن.

"نا"کەی خانم وەك ئاگری ناو پووشوو تەنیەوە.
"نا" بوو بە جوولەی ماڵ و شەقام و بۆ هەر لایەك بچوویتایە ڕووبەڕووی ئەو (نا)یە ئەبوویتەوە. (نا) بووبە مۆم و بە هەوارێکی تازەو پرسیارێکی سەردەق شکێن.. لەوەیش زیاتر ئەم (نا)یە تێکەڵ بە هەموو فەزاکانی ژیان و سروشت بوون.

"با" "نا"ی بردە ناو بێشەوە
درەختی مێی، نیوەی بێشە، پرچیان لەیەکتر گرێداو
وەکوو برینی سەر قەدیان
غەدری نێریان، هەموو نیشانی یەکتر داو
پێکیشەوە پژوپۆیان هاواریانکرد:

تا ئەم وەرزەو ئیتر بەسە!

"با" نا"ی بردە ناو بێشەوە

ئاژەڵی مێ و باڵندەی مێ ئازاریان لەیەك گرێداو

لەهێلانەو، ناو لانەوە، لەیەك وەختا

هاتنە دەرێ و، پۆل و ڕەوە، چوونە بەردەمی

"شا"ی نێرو، خودای نێرو

پێکیشەوە هاواریانکرد:

تا ئەم وەرزەو ئیتر بەسە!

وەختێ سەرەتایش ئەبێ بە کۆتایی.

درەنگەو هەر ئەبێ

من جەستەم بەتەنها هی خۆم بێ
سەرچاوە هەر خۆم و ڕووباریش هەر خۆمبێ
من ڕۆحم بەردەوام
گۆرانیی سەر زاری قەسیدەی باڵدارو
یان ڕەنگی ئازادی بێ پەروای ناو تابلۆو
یان پەردەی کراوەی
هەمیشەی شانۆبێ..
درەنگەو زۆر درەنگ.. زۆر زۆر زۆر
زۆر زۆر.. زۆر.. درەنگە!.

سلەیمانی
ئەیلوولی/ 2006